WWW.RUDAW.NET


رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5 15ی گوڵانی 2714 (750) دینار

## ملیۆنێک و 250 هەزار دەنگی هێناوە

# مالیکی سوپەر کاندیدە



**رووداو- هەولێر**

عەلی شەلا، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بە (رووداو)ی رایگەیاند "تاوەکو ئێستا بەگوێرەی جیاکردنەوەی دەنگەکان، نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە پارێزگای بەغدا ملیۆنێک و 250 هەزار دەنگی هێناوە". راشیگەیاند دەوڵەتی یاسا، پلەی یەکەمی هێناوە و چاوەڕوان دەکەن زیاتر لە 100 کورسی بهێنن. بەڵام پێشتر بەرپرسێکی کۆمسیۆن رەتیکردبووەوە کە مالیکی ملیۆنێک دەنگی هێنابێت.

هەروەها محەممەد خالیدی لە لیستی موتەحیدون رایگەیاند ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی لیستەکەیان 250 هەزار دەنگی هێناوە. هەر لە بارەی سوپەر کاندیدەکان، ئەو کاندیدانەی زۆرترین دەنگیان بە دەستهێناوە. بۆکان عەبدوڵڵا، ئەندامی بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی رایگەیاند دکتۆر نەجمەدین کەریم، سەرۆکی لیستی یەکێتی لە پارێزگای کەرکووک 160 هەزار دەنگی هێناوە. بەگوێرەی زانیارییەکانیش ئارام شێخ محەممەد، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق 140 هەزار دەنگی بەدەستهێناوە.

« 7

## یەکێتی و گۆڕان پێکەوە 32 هەزار دەنگیان لە پارتی زیاترە

4

## کاندیدە شۆخەکەی گۆڕان دووەمە



14

شێرکۆ هەژار موکریانی:

## بارزانی کاژێکی بە هیچ نەدەزانی

20

مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

# گۆڕان بە پارتی گوتووە ئەوەی یەکێتی بۆی کردوون ئێمەش دەیکەین



« 3

# "مام جەلال کەس ناناسێتەوە و ناشزانێت دەنگدان چییە"




**رووداو - بەرلین**

نەخۆشخانەی (Medical Park) لە ناوچەی تێگلە لەشاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کە ئێستا جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی تێدا نیشتەجێیە. ئەو نەخۆشخانەیە کەوتووەتە باشووری شاری بەرلین لەسەر زێی تێگلە. لە ئەڵمانیا تەنیا 10 نەخۆشخانەی هاوشێوەی مێدیکڵ پارک هەن، ئەوانیش لە شوێنە خۆش و بەنێوبانگەکانی ئەڵمانیا لەسەر شێوازی هۆتێلی پێنج ئەستێرە دروستکراون. ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە چارەسەری سروشتی، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی تووشی جەڵتەی دڵ و مێشک بوونە.

تاڵەبانی رۆژی 27/4/2014 لەم نەخۆشخانەیەدا دەنگی داوە و نەبردراوە بۆ بنکەی دەنگدانی شاری بەرلین، بەڵکو سندووقەکە بردراوە بۆ نەخۆشخانەکە، پێنج کارمەندی کۆمیسیۆنیش پرۆسەکەیان بەڕێوە بردووە کە سێیان کورد بوون و دوویان عەرەب بوون.

لەم نەخۆشخانەیەدا ژوورێک لە شێوازی بنکەی دەنگدان ئامادە کرا، تەواوی ئەوانەی ئەو رۆژە لەوێ بوون 12 کەس بوون، جگە لە مام جەلال 4 کەسی دیکەش هەر لەو نەخۆشخانەیە دەنگیان دا.

« 3

## پۆلیسی هەولێر: بکوژانی پاسەوانەکەی کۆمەڵ لە بنەماڵەیەکی ناودارن

**ڕووداو- هەولێر**




بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند ڕووداوی کوشتنی پاسەوانەکەی مەڵبەندی سێی کۆمەڵی ئیسلامی "هیچ لایەنێک و پاڵنەرێکی نییە و ئەوانەی دەستیان لە ڕووداوەکەدا هەبووە چوار کەسن و هەر چواریشیان دانیان بە تاوانەکەدا ناوە". گوتیشی پێشتریش کە دەگوترا ئاسایشن، ئەوەش ڕاست نییە و لە بنەماڵەیەکی ناوداریشن". پاسەوانەکەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان درەنگانی شەوی 1-5-2014 لە شاری هەولێر لەلایەن چوار کەسەوە پەلاماردراو دواتر بەهۆی تەقەی یەکێک لەو چوار کەسەوە کوژرا.

### دەستگیرکراوەکانی گۆڕان چیرۆکەکەیان بۆ (ڕووداو) دەگێڕنەوە

# "بە تۆمەتی سووتاندن و تەقاندنەوەی محەویلە دەستگیریان کردین"

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو — سلێمانی**

بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی دەستگیرکردنی چەند هەڵسوڕاوێکی گۆڕان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی لە کەناڵەکانی یەکێتییەوە، ناڕەزایی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەو هەڵسوڕاوانە کە چواریان ئازاد کراون و دووانیان تاوەکو ئێستا لە زیندان ماون، چیرۆکی ئەو شەوە دەگێڕنەوە کە دەستگیر کران.

ئەو هەڵسوڕاوانەی گۆڕان کە لەبەردەم ئەلبیسەکە، بنکەی سەرەکی جیاکردنەوەی دەنگەکان لە سلێمانی دەستگیر کران، دەڵێن ئەوان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هاوڕێکانیان چووبوونە ئەوێ. بەڵام ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی دەڵێن ئەوان بۆ "پشێوی و ئاژاوەنانەوە" چوونەتە ئەوێ.

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند ئەو 6 کەسەی دەستگیرکراون، 2 کەسیان بەتۆمەتی هەڵگرتنی چەک و ئەوانی دیکەیان بەتۆمەتی بێزارکردن لەلایەن لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی بەبڕیاری دادوەر دەستگیر کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە. بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە بەفەرمانی دادوەر دەستگیر کرابن.

دوای ئەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوەی ئەو 6 کەسە لەبەردەستی دادوەر بوو، کەسوکاریان و هەندێک لە هەڵسوڕاوانی گۆڕان کە پەرلەمانتاریشیان تێدابوو، شەوی 3/5/2014 لەبەردەم دادگای سلێمانی گردبوونەوەیەکیان ڕێکخست. دواتر 4 لەو کەسانە بە کەفالەت ئازاد کران.

محەممەد مەحموود، یەکێک لە دەستگیرکراوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان کە بە کەفالەت ئازاد کراوە و لە بازنەی سەرچناری بزووتنەوەی گۆڕان کار دەکات، گوتی "لەکاتی دەستگیرکردنەکەدا ئێمە باجی چاودێریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکانمان پێبوو، نەک باجی چاودێری ئەلبیسەکە، ئەو باجەش ڕێگەپێدراوە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە".

دوو لە دەستگیرکراوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان پلەی سەربازییان هەیە بە پلەی ڕائید و مولازمی یەک.

ڕەمەزان ڕەشید، ناسراو بە نەوڕۆز، ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەتا ئەوان 8 کەس بوون، 2 کەسیان بێ ڕێگریکردن چوونەتە ژوورەوە، 2 چاودێریان ناردووەتەوە بۆ پشوودان، "بەرپرسی ئەمنیی ئەلبیسەکە لە دووریی 500 مەتر شوێنێکی بۆ دیاریکردین، کە لەوێدا چاوەڕوان بین بۆ گۆڕینی هاوڕێکانمان بۆ پشوودان، بەڵام دوای کاژێرێک نزیکەی 650 کەسی هێزی سەربازی دایان بەسەرماندا و دەستگیریان کردین". گوتیشی "هەر لەوێدا زۆریان لێداین".

هەرچەندە لەدوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی بزووتنەوەی گۆڕان کە ڕووداوەکەی بە "سیناریۆ ناوبرد"، بەپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕایانگەیاند هیچ پێویست بە سیناریۆ ناکات، چونکە ئەوان دەنگی بەرچاویان هێناوە، دۆسیەکەش جێدەهێڵن بۆ دادگا.

محەممەد مەحموود، گوتی دواتر گواستراونەتەوە بۆ بارەگای لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی، وەک خۆی باسیکرد، لەوێ ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی نەبوونەتەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە لەڕووی دەروونییەوە سووکایەتییان پێکراوە "دواتر براینە ئاسایش و لەلایەن نزیکەی 100 کەسەوە لێیانداین، بەداخەوە 2 برادەرمان زۆر ئازار دران کە لەژێر ئەشکەنجەدا هەندێک قسەیان کرد و دواتر لە شاشەوە پێشان درا". هەروەها گوتیشی "دواتر بینیمان ئۆتۆمبێلەکانمان لۆگۆ و ئاڵاڕێژ کرابوو کە پێشتر ئێمە نەمانکردبوو".

ڕەمەزان ڕەشید باسی ئازادکردنی خۆی و هاوڕێکانی کرد و گوتی "دوای وێنەگرتنمان لە ئاسایشی سلێمانی، گواسترانەوە بۆ بنکەی پۆلیسی بەکرەجۆ و لەوێ تۆمەتی سووتاندن و تەقاندنەوەی محاویلەی کارەبایان دایە پاڵمان، پاشان براینە بەردەم دادوەر و 4 کەسمان ئازاد کراین، 2 کەسی دیکەشمان چاوەڕوانن بە کەفیل ئازاد بکرێن".



# پیاوێک 8 ساڵ بەبێ تاوان دەخرێتە زیندانەوە




غەفوور قادر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی چیرۆکی دەستگیرکردنەکەی دەگێڕێتەوە

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا وەستا بوو، چاوی لە دەرگاکە بڕیبوو بۆ ئەوەی تاوانبارەکە بێت و وەک خۆی دەیگوت تەنیا ئەوەندەی پێدەڵێ "من و تۆ خزم بووین، چۆن توانیت کوڕەکەم بکوژیت".

زولێخا محەممەد، باسی کوشتنی کوڕە 3 ساڵانەکەی کرد "بەیانی بوو پاسکیلەکەی بردە دەرەوە و لەگەڵ منداڵانی کۆڵاندا خەریکی یاریکردن بوو، دوای کاژێرێک هاتمە کۆڵان لەوێ نەمابوو، ئیدی بە زیندوویی نەمبینییەوە".

ڕۆژی 20/8/2001، منداڵێکی تەمەن 3 ساڵ بە ناوی محەممەد سلێمان، دیار نەما، دوو ڕۆژ دواتر تەرمەکەی لە کولانەیەکی سەگدا لە ناوچەیەکی چۆڵەوانی لە ناحیەی وارماوای پارێزگای سلێمانی دۆزرایەوە. ئەگەرچی 13 ساڵ بەسەر تاوانەکەدا تێپەڕیوە، بەڵام پۆلیسی وارماوا دووبارە پەڕاوی دۆسییەکەی کردەوە.

زولێخا دەڵێت "دوو ڕۆژ بە دوایدا گەڕاین، بکوژی کوڕەکەم هاتە لام و گوتی منیش یارمەتیتان دەدەم، ئەوەبوو تەرمەکەی بۆ هێناینەوە و ئەویش وەک ئێمە دەگریا، ئەوە ئاخر زەمان نییە؟ خۆت کەسێک بکوژیت و بۆی بگریت".

(س،ق) 28 ساڵ، بکوژی محەممەد سلێمان، شوانی مەڕ و ماڵات بوو، ئەو تەماشای کەسوکاری منداڵەکەی دەکرد و جارجارێکیش زەردەخەنەیەک دەهاتە سەر لێوەکانی، لەبارەی هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکەی گوتی "کاتێک ئەو تاوانەم کرد تەمەنم 16 ساڵان بوو".

لە ساڵی 2005دا، پۆلیس کەسێک بەناوی غەفوور قادر بە تۆمەتی کوشتنی ئەو منداڵە دەستگیر دەکات و سزای 10 ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەسەپێنێت.

دوو ساڵ دوای غەفوور، پۆلیس کەسێکی دیکە بە ناوی (س.ق) لەسەر تاوانێکی دیکە دەستگیر دەکات و سزای 20 ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەسەپێنێ. هەفتەی ڕابردوو دوای ئەوەی پۆلیس جارێکی دیکە لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەی محەممەد سلێمان کرد، دەرکەوت کە (س.ق) بکوژی محەممەدە، نەک غەفوور، بۆیە بڕیاری ئازادکردنی غەفووری دا.

(س.ق) لە دوایین لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتوویەتی "من محەممەد سلێمانم کوشت، گۆپاڵێکم بەسەریدا کێشا و کوشتم، ئەو منداڵە دوای مەڕەکانم دەکەوت، بۆیە ڕقم هەستاو کوشتم". ئەو پەشیمانە لەو کارە و داوای لە خێزانی محەممەد کرد لێی خۆشبن.

نەقیب گۆران حوسێن، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی وارماوا سەردانی ماڵی ئەو کەسە بێتاوانە دەکات کە بە تۆمەتی کوشتنی محەممەد سلێمان، زیندانی کراوە "کاتێک چوومە ماڵی غەفوور قادر، ئەوان بەردەوام دەیانگوت بێتاوانە، بۆیە داوام لە دادوەر کرد کە دووبارە لێکۆڵینەوە لەو دۆسیە بکەم، زۆر بە نەرمی قسەم لەگەڵ (س،ق) کرد، هەر کە وێنەی منداڵەکەم پێشاندا دانی بە تاوانەکەیدا ناو چۆنیەتی کوشتنەکەشی بۆ باسکردین". گوتیشی "سەرقاڵی لێکۆڵینەوەم لە تاوانێکی دیکە، کە گومانم هەیە هەر ئەو (س،ق)ە دەستی تێدا هەبێت".

غەفوور قادر کە 8 ساڵ لە حکومەکەی تەواو کردبوو، بە پێکەنینەوە لە نێو خزم و هاوڕێکانیدا دەهات و دەچوو "من بێتاوان بووم، لە نێو ماڵی خۆم دانیشتبووم کە ئەو تاوانەیان خستە پاڵم، بەڵام ئێستا کە خۆم و خێزانەکەشم ڕزگارمان بووە لەم تاوانە، سوپاسی خوا دەکەم و هیچم ناوێت، تەنیا خێزانەکەم بێ کێشە بێت".

سۆران عومەر حەمە، پارێزەری غەفوور قادر، گوتی "موەکیلەکەم بە ماددەی 406 تۆمەتبار کرابوو، بەڵام پاشان بە مادەی 25ی هاتوچۆ حوکم درا کە گوایە بە ئۆتۆمبێل لەو منداڵەی داوە، بەڵام دوای ئەوەی بڕیاردرا کە پەڕاوی تاوانەکەی دووبارە بکەینەوە، پەڕاوەکەی ونکرابوو، ئەمەش وەک موئامەرەیەک تەماشادەکەین کە بەرامبەر بە موکیلەکەی من کراوە".

سەبارەت بە داواکردنی قەرەبوو بۆ غەفوور کە ماوەی 8 ساڵی بەبێ تاوان لە زینداندا بەسەر بردووە، ئەو پارێزەرە گوتی "بەپێی یاسایەک کە لە ساڵی 2010 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بۆمان هەیە داوای قەرەبوو بکەینەوە و داواشی دەکەین".

### بکەری تاوانەکە ئاشکرا بوو

# 160 گیراوی ئێرانی لە زیندانەکانی کوردستاندان

**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- هەولێر**

هەوڵەکانی هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران بەردەوامە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی گیراوەکانیان. ژمارەیەک کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستاندان داوا دەکەن لەبیر نەکرێن و بگەڕێندرێنەوە شارەکانی خۆیان و لەوێ حوکمەکانیان تەواوبکەن.

هەرچەند ئەو زیندانییانە لەسەر دۆسیەی جیاواز گیراون، بەڵام زۆربەیان بە تۆمەتی مامەڵەکردن و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە گیراون.

ئاڵوگۆڕکردنی زیندانیان لە نێوان ئێران و عێراق ویستی دوولایەنە. لەسەر ئەو پرسە لە ماوەی ڕابردوودا مستەفا پور محەممەدی، وەزیری دادی ئێران سەردانی بەغدای پایەتەختی عێراقی کرد و هەردوو وەزیری دادی عێراق و ئێران ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زیندانیان لە نێوانیاندا.

حەسەن شەممەری، وەزیری دادی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا لەگەڵ مستەفا پور محەممەدی ڕایگەیاند "عێراق و ئێران ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زیندانیان لە نێوانیاندا و ژمارەی ئەو زیندانیانە لە عێراق و ئێران دەگاتە 280 کەس".

شەممەری گوتیشی "واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە دوای پەسەندکردنی یاسای ئاڵوگۆڕکردنی زیندانیان هاتووە و دوای تەواوکردنی ئامادەکارییەکان ئەو ڕێککەوتننامەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

وەزیری دادی عێراق ڕاشیگەیاند "ژمارەی زیندانیانی عێراقی لە گرتووخانەکانی ئێران دەگاتە 130 زیندانی".

نەریمان تاڵب، گوتەبێژی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕێککەوتننامەی ئاڵوگۆڕکردنی زیندانیان لە نێوان عێراق و ئێران ڕێککەوتننامەیەکی سیادییە لە نێوان دوو وڵات و لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، ئەو ڕێککەوتننامەیە کوردستانیش دەگرێتەوە".

کوردستان یەکێک لەو کەسانەیە کە ماوەی حەوت ساڵە هاوژینەکەی بەناوی "تەها" لە هەرێمی کوردستان لەسەر مادە هۆشبەرەکان گیراوە، کوردستان سەبارەت بە دۆخی ژیانی خۆی دەڵێت "لە حەوت ساڵی ڕابردوودا ژیانم پڕ بووە لە نەهامەتی و بەدبەختی، ئێمە منداڵێکمان هەیە، کاتێک بابی گیرا تەمەنی تەنیا سێ مانگ بوو، لە حەوت ساڵی ڕابردوودا تەنیا سێ جار بابی بینیوە و ئێستا هیچ بیرەوەرییەکی لەبارەی بابی نییە".

گوتیشی "لەوەتای ئەو گیراوە شێوازەی ژیانی ئێمە تێکچووە، من ئێستا کرێکاری دەکەم و بە نانی هەژاری دەبێ تمەن تمەن کۆی بکەمەوە و بێم بۆ هەرێمی کوردستان بۆ سەردانی مێردەکەم، کەس نییە بەدەم داواکەمانەوە بچێت، داواکاری ئێمە تەنیا ئەوەیە کە تەها بگەڕێننەوە بۆ شارەکەی خۆمان و با لەوێ حوکمەکەی تەواو بکات".

تەها کە ئێستا لە زیندانی سلێمانییە، بە (ڕووداو)ی گوت "من ماوەی حەوت ساڵە لێرە زیندانیم، تەنیا داواکاریم ئەوەیە بگوازرێمەوە". تەها و ئێرانییە هاوزیندانەکانی لە ماوەی ڕابردوودا چەندینجار ئەو داواکارییەیان بۆ بەرپرسانی باڵا بەرز کردووەتەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت تاوەکو ئێستا هیچ کەس بەدەم داواکارییەکەیانەوە نەچووە.

### کونسوڵی ئێران لە هەولێر:
### بارزانی ڕازی بووە بگوازرێنەوە بۆ ئێران

بەڵام سەید عەزیم حوسێنی، کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە چەندین داوامان لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کردووە کە هاوکاری پێویستمان بکەن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زیندانییەکانمان، تەنانەت ڕەزامەندی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشمان بۆ وەرگرتووە، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، بەڵام بە هۆکارگەلی جیاواز تا ئێستا ئەوە جێبەجێ نەبووە". بەپێی قسەی سەید عەزیم حوسێنی "160 گیراوی ئێرانی لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستاندان".

ڕێککەوتنامەی نێوان وەزیرانی دادی ئێران و عێراق زیاتر لە زیندانیان بنەماڵەکانیان خۆشحاڵ دەکات، بەڵام ئەوان ئێستاش بەگومانن لەوەی کە ئایا هەرێمی کوردستان پابەندی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و عێراق دەبێت بۆ ڕاگواستنی زیندانیان، یان نا.



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

ڕووداو
ڕیپۆرتاژ
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5





## حەمە تۆفیق ڕەحیم دەردەکەوێتەوە

**ڕووداو-سلێمانی**

ڕۆژی 2014/5/4 شاندێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا سەردانی نەوشیروان مستەفا دەکەن و باسی ڕەوشی ئەمنی هەرێمی کوردستان دەکەن. بەپێی ڕاگەیەندراوی بزووتنەوەی گۆڕان شاندەکەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا کە لە تۆماس گۆڵد بێرگی یاریدەدەری باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا بۆ کاروباری سیاسی، جۆزێف پێنینگتۆن کونسوڵی ئەمریکا لە شاری هەولێر پێکهاتبوون، سەردانی مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕانیان لە شاری سلێمانی کردووە. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا محەممەد تۆفیق ڕەحیم، بەرپرسی ژووری دیپلۆماسی دەردەکەوێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆرە بەهۆی نیگەرانی لە نەوشیروان مستەفا چوو بووە دەرەوە.

# "مام جەلال کەس ناناسێتەوە و ناشزانێت دەنگدان چییە"

**ئاڵا شاڵی**
**ڕووداو- ئەڵمانیا**

لە بنکەی دەنگدانی کوێڵن بووم، کاتێک ئەو هەواڵەمان بیست کە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بنکەی دەنگدانی شاری بەرلین دەنگی داوە، لایەنگرانی یەکێتی زۆر دڵخۆشبوون بە بیستنی ئەو هەواڵە و کەوتنە گێڕانی ئاهەنگ.

ئێمەش وەکو تیمی (ڕووداو) ویستمان بینەرانمان بزانن کە مام جەلال لە کوێ و چۆن دەنگی داوە، بۆیە بڕیارماندا بەرەو بەرلین بفڕین. کە گەیشتینە بەرلین هەر لە فڕۆکەخانە پەیوەندیم بەو کەسانەوە کرد کە ئەو ڕۆژە لەلای مام جەلال بوون. زۆربەیان هیچ زانیارییان نەدا و دەیانگوت "لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە داوامان لێکراوە هیچ لێدوانێک بۆ ڕاگەیاندن نەدەین".

دوای ساڵێک و چوار مانگ لە چاوەڕوانیی دەرکەوتنی مام جەلال-دا، ڕۆژێک بەر لە تەواوبوونی وادەی بانگەشەی هەڵبژاردن، گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەلایەن میدیاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە، کە مام جەلال پیشاندەدات لەکاتی دەنگدان.

تیمی تۆڕی میدیایی (ڕووداو) بەردەوام بوو لە بەدواداچوونەکانی و چەندین زانیاری دەستکەوت لەو کەسانەی ئاگایان لە دەنگدانەکەی تاڵەبانی بووە. ئەوان بەو مەرجە ڕازی بوون قسە بکەن کە ناویان بڵاونەکرێتەوە.

یەکێک لەو کەسانە بە (ڕووداو)ی گوت "مام جەلال ڕۆژی 2014/4/27 دەنگی داوە، بەڵام نەبردراوە بۆ بنکەی دەنگدانی شاری بەرلین، بەڵکو سندووقەکە براوە بۆ نەخۆشخانەکە، پێنج کارمەندی کۆمیسیۆنیش پرۆسەکەیان بەڕێوە بردووە، سێیان کورد بوون و دوویان عەرەب".

هەروەها گوتی "سێ کوردەکە نەبەرد عومەر مستەفا، ئومێدی حەمەسوور و چنار کەرکووکی بوون، شانازی خوشکی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و پاسەوانەکانی مام جەلالیش لەوێ ئامادە بوون".

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە "لە نەخۆشخانە ژوورێکیان لە شێوازی بنکەی دەنگدان ئامادە کرد، تەواوی ئەو کەسانەی لەوێ بوون 12 کەس بوون، جگە لە مام جەلال 4 کەسی دیکەش لە نەخۆشخانە دەنگیان داوە".

ئەو کەسە هەروەها بۆ (ڕووداو)ی دووپاتکردەوە کە "سەت دەر سەت مام جەلال دەنگی لەم نەخۆشخانەیە داوە، بەڵام مام جەلال کەس ناناسێتەوە، ناتوانێت هیچ قسە بکات، ئەو ڕۆژە لیستەکەیان بۆ پڕ کردەوە، ئەو کەسانەی لەوێ بوون قۆڵیان بەرزکردەوە بۆئەوەی فۆرمەکە بخاتە نێو سندووقەکە". ئەو سەرچاوەیەی (ڕووداو) گوتیشی "مام جەلال هەست بە هیچ ناکات، نازانێت دەنگدان چییە".



چاودێرێکی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەرلین بەناوی مامە عەبە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە بنکەی هەڵبژاردنی بەرلین ئامادەبووم، بەڵام بەڕێز مام جەلال لەوێ نەبوو، دەنگیشی لەوێ نەدا، خۆشحاڵین بە دەنگدانی بەڕێز مام جەلال، بەڵام ئەمە نایاساییە و دەبووایە ئێمە بزانین کە لەکوێ دەنگی داوە، سکاڵاشمان تۆمارکردووە و هیوادارین لێپێچینەوەی یاسایی بکرێت".

(ڕووداو) پەیوەندی بە ئەندامانی کۆمیسیۆنەوە کرد کە لەو پرۆسەیە بەشداربوون، ئەوان گوتیان کە بە چاوی خۆیان بینیویانە مام جەلال دەنگی داوە، پرۆسەکەش بەقسەی ئەوان بەشێوەیەکی یاسایی بەڕێوەچووە، بەڵام گوتیان ناتوانن زانیاری وردتر بدەن.

هەروەها (ڕووداو) سەردانی نووسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیای لە شاری بەرلین کرد، بەڵام بەڕێوەبەری نووسینگەکە ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک لەبارەی پرۆسەی دەنگدانی مام جەلال بدات. هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری کردوونەتەوە هیچ زانیارییەک لەوبارەیەوە نەدەن.

سەرچاوەکەی ڕووداو گوتی "ئەو نەخۆشخانەیەی مام جەلال دەنگی لێداوە، نێوی مێدیکڵ پارکە (Medical Park) لە ناوچەی تێگلە".

ئەو نەخۆشخانەیە کەوتووەتە باشووری شاری بەرلین لەسەر زێی تێگلە. لە ئەڵمانیا تەنیا 10 نەخۆشخانەی هاوشێوەی مێدیکڵ پارک هەن، ئەوانیش لە شوێنە خۆش و بەنێوبانگەکانی ئەڵمانیا لەسەر شێوازی هۆتێلی پێنج ئەستێرە دروستکراون و زۆربەی پزیشکە بەنێوبانگەکان کاری تێدا دەکەن. ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە چارەسەری سروشتی، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی تووشی جەڵتەی دڵ و مێشک بوونە.

چوومە نێو نەخۆشخانەکە، بەڵام نەمتوانی بچمە ئەو نهۆمەی مام جەلالی لێیە. ئەو ئەسانسۆرەی بۆ نهۆمەکەی ئەو دەڕوات کلیلی تایبەتی هەیە و جگە لە خۆیان کەس ناتوانێ بەکاری بهێنێت.


وێنەگری (ڕووداو) وێنەی نەخۆشخانەکەشی گرت، بەڵام ئاسایشی نەخۆشخانەکە ڕێگەیان نەدا و وێنەکانیان لێ سڕینەوە.

### سەرچاوەیەک: مام جەلال لە نەخۆشخانەکەی دەنگی داوە

### نوێنەری گۆڕان: سکاڵامان لەسەر شێوازی دەنگدانەکەی تاڵەبانی تۆمار کردووە

## مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

# گۆڕان بە پارتی گوتووە ئەوەی یەکێتی بۆ پارتی کردووە ئێمەش دەیکەین



### پارتی پێیوابوو ئاسان نییە یەکێتی هەڵبستێتەوە

### بەڵگەمان هەیە کاندیدی گۆڕان بۆ پارێزگاری سلێمانی بەعسی بووە و باوکیشی بەعسی بووە

**سەهەند موفتی**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی، لە ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا ئەوان هێزی دووەمن لە کوردستان، بەڵام بە جیاوازییەکی کەم لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کە لە هەڵبژاردنی 21ی ئەیلول هێزی دووەمی کوردستان بوو. ئەمەش وایکردووە نەبرەی قسەکردنی بەرپرسانی یەکێتی بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی توندتر بێ.

لەنوێترین هەڵوێستیاندا دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامە بەراییەکان لەلایەن حیزبەکانەوە، مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) کە ڕۆژی سێشەممە پەخش دەکرێت، هێرشی توند دەکاتە سەر بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی.

### یەکێتی چی کرد دەنگی زیادی هێنا

مەلا بەختیار لەو هەڤپەیڤینەدا جیاوازی نێوان دەنگەکانی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراق دەخاتەڕوو. ئەو دەڵێت "یەکێتی هەستایەوە" و هۆکارەکانی ئەو هەستانەوەیەش ڕووندەکاتەوە "هەلومەرجی بابەتی گۆڕاوە، لە 9/21 کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بووە بە دواوە، هاوکێشەکان لە گۆڕاندان. کاریگەری ئەو پروپاگەندەیەی کە لە ژینگەی هەڵبژاردن لە کوردستان بوو لە ژێر سیاسەتی تازە و لادان و بادانی تازە لە سیاسەتدا، ئەمانە هەمووی ژینگەی نوێی خولقاندووە بۆ دەنگدەر".

مەلا بەختیار باس لە "بەسەرچوون"ی گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی پێشتر دەکات "ئەو هەلومەرجەی جاران کە قەناعەتی وای دروستکردبوو بۆ خەڵک کە ئۆپۆزیسیۆن بەو ئاراستەیە دەتوانێ هەموو هاوکێشەکان بگۆڕێ، ماوەیەکی خوارد". گوتیشی "ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانی ئەو ئاراستەیە بکاتە حەقیقەتێکی مێژوویی، بەڵکو بۆ ماوەی چوار پێنج ساڵ کاریگەری هەبوو لەسەر دەنگدەر".

هەروەها دەڵێت "یەکێتی خۆی وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن نیشان نەدابوو، ڕەخنەمان لە هەڵەکان گرت، لەهەڵبژاردنی پێشوو هەڵەی زۆرمان کرد و هەلی کەممان قۆستەوە، بەڵام لەم هەڵبژاردنە هەڵەی کەممان کرد و هەلی زۆرمان قۆستەوە، هەڵەی لایەنەکانمان بە پارتی و گۆڕان و لایەنەکانی دیکەشەوە قۆستەوە".

بەرپرسە باڵاکەی یەکێتی پێیوایە "مەترسی جددی" لەسەر هەرێمی کوردستان هەن و خەڵک لەبەر ئەو مەترسیانە "دەنگی داوە بە یەکێتی" و دەشڵێ "دەنگدەر بە ئەزموون بۆی دەرکەوتووە کە کێ دەتوانێ ئاسایشی کوردستان بپارێزێ. دەنگدەر ناتوانێ چارەنووسی ئاسایش، بازاڕ، ئازادیی خۆی بدات بە چەند هێزێک کە جارێ تاقینەکردوونەتەوە".

### "پارتی بە هەڵەدا چوو بوو"

مەلا بەختیار ڕەخنە لە هاوپەیمانەکەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەگرێ و پێیوایە پارتی "بە هەڵەدا چووبوو "ئەگەر پرسیار ئەوەبێ کە یەکێتی و پارتی بەیەکتری بسەلمێنین کاممان هێزین، هەردووکمان لە هەموو قۆناغەکان بە یەکترمان سەلماندووە کە هێزی سەرەکین لە کوردستان، ئەمە لە دەرەوەی کایەکەیە، بەڵام پارتی خراپ لە یەکێتی گەیشتبوو، پارتی پێیوابوو ئاسان نییە یەکێتی بەهۆی هەندێک کێشەی ناوخۆیی هەڵسێتەوە، ئاگاداریشین برادەرانی گۆڕان لای پارتی چییان گوتووە".

لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی قسەکانی نێو کۆبوونەوەی پارتی و گۆڕان ئاشکرا دەکات و دەڵێ "گۆڕان بە پارتی گوتووە ئەوەی یەکێتی و مام جەلال بۆ پارتی و کاک مەسعودیان کردووە، لەمەودوا گۆڕان و کاک نەوشیروان بۆ پارتی و کاک مەسعودی دەکات، ئەگەر باوەڕیش ناکەن لە هەڵبژاردنی ئەمجارە ڕەگوڕیشەی یەکێتی لە سلێمانی هەڵدەکێشین و یەکێتی دەبێتە سێ پارچە، گۆڕان پارچەیەک دەبات و پارچەیەک دەچێتە لای پارتی و پارچەکەی دیکە بە لاوازی دەمێنێتەوە، ئەم تێگەیشتن و زانیارییە بە ڕقەوە نەقڵ کراوە".

مەلا بەختیار لەو هەڤپەیڤینەدا نیگەرانیی حیزبەکەی لە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان بۆ پێکهێنانی حکومەت نیشاندەدات و دەڵێ ئەوەی پارتی کردوویەتی لەگەڵ گۆڕان پێچەوانەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتییە "کاتێک دەبینین هاوپەیمانەکەمان دەچێ لەگەڵ گۆڕان ڕێککەوتن دەکات، بێگومان تەرکیزی ڕەخنەمان لەسەر ڕێککەوتنەکەیە، نەک لەسەر شکستی حکومەت یان حکومەت هیچی نەکردووە، ئەوەی بۆ ئێمە چاوەڕواننەکراوبوو ڕێککەوتنی سیاسی نێوان پارتی و گۆڕان بوو. لە سێ ڕووەوە ئەو ڕێککەوتنەمان بە هەڵە زانیوە. لەبارێکەوە پێچەوانەی هاوپەیمانیمان بوو، لە بارێکی دیکەوە پێچەوانەی هەموو بانگەشە و لاف لێدانی گۆڕان بوو، لە بارێکی دیکەشەوە پێچەوانەی سیاسەتی ڕاگەیێنراوی ئێمە بوو کە دەمانەوێ حکومەتێکی یەکرێزی فراوانی نیشتیمانی دروستبکەین".

### "یەکێتی ئیدی هەڵە ناکات"

هەرچەندە بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی کە لە 2007/7/27 لە نێوان ئەو دوو حیزبە ئیمزاکراوە، تاوەکو 2013/9/21 هەموو هەڵبژاردنەکان ئەو دوو حیزبە بە یەک لیست بەشداربوون، بەڵام مەلا بەختیار دەڵێ ئەو سەردەمە بەسەرچوو "ئیدی ئەو هەڵەیە ناکەین کە هەموو کۆنگرەیەک لەگەڵ پارتی بە هاوبەشی بکەین، بەڵکو ئیتلاقی دەکەین، لە ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان هەڵبژاردن ئازاد بێ، ڕەخنەگرتن ئازاد بێ و سووربوون لەسەر داخوازییە پیشەییەکانیش ئازاد بێ. ئەمە سیاسەتی ڕاستەقینەی یەکێتییە".

مەلا بەختیار پێیوایە حیزبەکەی بەهۆی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی زیانی پێگەیشتووە و دەڵێت "ڕێککەوتنی ستراتیژی زەرەری لە یەکێتی داوەو لە 2010وە داوامان لە برادەرانی پارتی کردووە بە ڕێککەوتنی ستراتیژیدا بچینەوە، هەندێ بەندی بەسەرچوو و هەندێ بەندی تازەی دەوێ و پێویستە پەرەی پێبدەین و بە قسە ئەمە قبوڵ کرا، بەڵام بەداخەوە بەعەمەلی جێبەجێ نەکرا".

مەلا بەختیار زیاتر لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی قسەی کرد و گوتی "کاک نێچیرڤان بارزانی گوتوویەتی ڕێککەوتنی ستراتیژی هەڵوەشاوەتەوە، خەتاکەشی خستووەتە سەر ئێمە کە بە لیستی جیا دابەزیوین، ئەگەر ئەمە دوا بڕیاری پارتییە، بێگومان ڕێزی لێدەگرین و سوپاسیشیان دەکەین".

### ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی دوا بڕیاری پارتی بێت سوپاسیان دەکەین

### "هیوادارین گۆڕان ئەو هەڵەیە نەکات"

هەرچەندە پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەدوای ڕاپەڕینەوە لە دەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندایە، بەڵام دوای ئەم هەڵبژاردنە دەبێت بۆ ڕکابەرە سەرسەختەکەی کە بزووتنەوەی گۆڕانە چۆڵ بکات، چونکە بەپێی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردن 100 هەزار دەنگ لە پێش یەکێتییەوەیە.

بەڵام مەلا بەختیار باسی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات لەسەر کاندیدی گۆڕان بۆ پارێزگاری سلێمانی و هۆشداری توند دەداتە ئەو بزووتنەوەیە ئەگەر هەڤاڵ ئەبوبەکر بۆ پۆستی پارێزگار دەستنیشان بکەن.

مەلا بەختیار دەڵێ "بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەین بەعسییەک پارێزگاری سلێمانی بێت و بەڵگەشمان هەیە کە خۆی بەعسی بووە و باوکیشی بەعسی بووە. نەک لەبەر ئەوەی یەکێتی لە پارێزگای سێلمانی بە ڕێژەیەکی کەم دابەزیوە و گۆڕان دەیبات، نەخێر. ئێمە لەبەر هەیبەتی شاری سلێمانی، لەبەر شەهید شەهابی شێخ نوری و ئارام و عەلی عەسکەری و کاروانێک لە شەهیدی ئەم شارە قبووڵ ناکەین. دەبێ گۆڕان بیر لەوە بکاتەوە کە چ هەڵەیەکیان کردووە، ئەگەر بە دەنگی زۆرینە بیکەن بە پارێزگار، با بیکەن. بەڵام لە دەرئەنجام چ ئەنجامێکی دەبێ لەنێو داوودەزگاکان و لەنێو خەڵکدا دەبێ بیری لێبکەنەوە".

هێشتا هێزی ئەمنی و پۆلیس و ژمارەیەک لە دەزگا هەستیارەکان لەدەستی یەکێتیدان و ئەوەی دەبێ بە پارێزگار دەبێتە سەرۆکی لێژنەی ئەمنیی پارێزگای سلێمانیش. مەلا بەختیار دەڵێ "ئێمە ڕەفزی محافزێکی بەعسی دەکەین. ناتوانین بە هیچ شێوەیەک پابەند بین بە بڕیارەکانی کەسێکی بەعسی. بەڕاستی ئەمە قابیلی قبووڵ نییە".

### "بۆ حکومەت کورسی پێوەر نییە"

دەربارەی بەشداریی یەکێتی لە حکومەتی داهاتوودا کە تاوەکو ئێستا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە چۆن بەشدار دەبن لەو حکومەتەدا، مەلا بەختیار پێیوایە ئەنجامی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکان پێوەر نییە و دەڵێ "ئێمە سوورین لەسەر دەستکەوتی خۆمان لە حکومەتدا، ئینجا هەڵبژاردن هەبووایە یان نا، ئەو پۆستانەی بۆ یەکێتی دانراوە مافی یەکێتی نییە، ئەگەر هەڵبژاردن بە کورسی بەڕێوەدەچێت با بچن بەڕێوەی ببەن. دەبووایە لە سەنگی یەکێتی و پەرۆشی یەکێتی بۆ حکومەتێکی سەرکەوتووتر لە کابینەی حەوتەم و شەشەم و پێنجەم بە وردی سەیری سیاسەتی ئێمەیان بکردایە".

### یەکێتی داوای گرەنتی لە پارتی دەکات

یەکێتی ترسی لەوە هەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان یەکێتی پەراوێز بخات دوای ئەوەی پارێزگاری سلێمانی دەکەوێتە دەست و وەزارەتی پێشمەرگە و داراییش لە حکومەت لەدەستی گۆڕان دەبێ، مەلا بەختیار لەو هەڤپەیڤینەدا داوای گەرەنتی لە پارتی دەکات، تاوەکو بەشداربێ لە حکومەتدا "تا ئەم ساتە ئەگەر زەمانێکی باشترمان نەدرێتێ و دڵنیا نەبین لەوەی وەزعی ئەمنی هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان و پارێزگاکان و سلێمانی لەوە باشتر دەبێ لە ساڵانی ڕابردوو، بێگومان سوورین لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆمان".

دەربارەی هێزی 70ی پێشمەرگەی یەکێتی کە تاوەکو ئێستا نەخراوەتە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە کە لە کابینەی نوێدا لەدەستی بزووتنەوەی گۆڕان دەبێ، مەلا بەختیار دەڵێ "ئەگەر حکومەتێکی پرۆفیشناڵ هەیە، یەکێتی هەڵەیەکی گەورە دەکات هێزی خۆی ڕادەست نەکات، ئەگەر نییە هەموو لایەنێکمان هەڵە دەکەین بەبێ حساب و کیتاب تەسلیمی بکەین، بڕواشمان بە گۆڕان نییە کە بە یەک چاو سەیری پێشمەرگە بکات، چونکە سیاسەتی چوار پێنج ساڵی ڕابردوو ئەوە دەسەلمێنێ کە کاریان لەسەر دابەشکردنی یەکێتی کرد و نەیانتوانی، ئایا ئەو نەهجەیان گۆڕیوە تاوەکو من دڵنیابم لەوەی وەزارەتی پێشمەرگەی گرتە دەست، وەکو برا و وەکو نەوەی غاندی مامەڵە لەگەڵ ئەم وەزارەتە بکات؟".

سەبارەت بە ئەگەری بوونە ئۆپۆزیسیۆنی یەکێتیش، مەلا بەختیار گوتی "دیراسەتی ئەوەمان کردووە کە ئەگەر زەمانی ئەمنی و سیاسی بە یەکێتی نەدرێ دەبینە ئۆپۆزیسیۆن. مەعلومیشە ئۆپۆزیسیۆنێکی زۆر کارا دەبین".

### بڕوامان بە گۆڕان نییە تاوەکو هێزی پێشمەرگەی خۆمان ڕادەستی وەزیری پێشمەرگە بکەین

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5



## بارزانی لە ئوردنە

**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر بانگهێشتێکی فەرمی کە لەلایەن شا عەبدوڵڵا شای ئوردنەوە ئاراستەی کرابوو، ڕۆژی 2014/5/3 بە سەردانێکی فەرمی بەرەو ئوردن بەڕێکەوت. بەپێی ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بڕیار وایە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتی ئوردن چەند ڕۆژێک بخایەنێت و تێیدا زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەنێوان شای ئوردن و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی هاوڕێی ئەنجام بدرێت.

# یەکێتی و گۆڕان پێکەوە 32 هەزار دەنگیان لە پارتی زیاترە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆی دەنگی یەکێتی بەپێی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لە هەرێمی کوردستان بەبێ هەژمارکردنی دەنگی تایبەت، دەگاتە 425 هەزار و 600 دەنگ، پێشبینی دەکرێ یەکێتی لە دەنگی تایبەتیش 60 هەزار دەنگ بهێنێ. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)یش، بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بە هەردووکیان 32 هەزار دەنگیان لە دەنگەکانی پارتی زیاترە و ئەم جیاوازییە لەدەنگ لەچاو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو هەروا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.

### یەکێتی 140 هەزار دەنگی زیاد کردووە

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 بەدەنگی تایبەتەوە 428 هەزار دەنگی هێنابوو، لەو هەڵبژاردنە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو 140 هەزار دەنگی زیاد کردووە.

زۆرترین زیادبوونی دەنگی یەکێتی لە هەولێر بووە، کە 35 هەزار و 992 دەنگ بووە، دواتریش لە سلێمانی بووە، کە 32 هەزار و 792 دەنگی زیاتر هێناوە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو.

### گۆڕان 10 هەزار دەنگی زیاد کردووە

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە لە پارێزگای هەولێر 21 هەزار دەنگی کەم کردووە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو، بەڵام لە سلێمانی و دهۆک نزیکەی 12 هەزار دەنگی زیاد کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەرێمی کوردستان بەبێ هەژمارکردنی دەنگی تایبەت 471 هەزار دەنگی بەدەستهێناوە. پێشبینی دەکرێ لە دەنگی تایبەتیش 15 هەزار دەنگ بباتەوە و کۆی گشتی دەنگی گۆڕان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 486 هەزار و 625 دەنگ. بزووتنەوەی گۆڕان لەم هەڵبژاردنە لە چاو هەڵبژاردنەکانی 2013 تەنیا نزیکەی 10 هەزار دەنگی زیاد کردووە.

### کێڕڤی پارتیش لە بەرزبوونەوەدایە

بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بەبێ هەژمارکردنی دەنگی تایبەت، لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) نزیکەی 4 هەزار و 500 دەنگی کەم کردووە و زیاترین دەنگی پارتی کە کەمیکردووە لە دهۆک بووە لەکاتێکدا پارتی بە قەڵای خۆی دەزانێ، لەوێ 9 هەزار و 610 دەنگی لەدەستداوە. بەڵام یەکێتی و گۆڕان لە دهۆک دەنگیان زیادی کردووە، یەکێتی نزیکەی 9 هەزار دەنگ و گۆڕانیش 8 هەزار و 500 دەنگی زیاد کردووە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو.

بەرپرسانی پارتی دەڵێن کۆی دەنگی پارتی بەبێ هەژمارکردنی دەنگی تایبەت دەگاتە نزیکەی 745 هەزار دەنگ و ئەگەر دەنگی تایبەت هەژمار بکرێ کە پێشبینی دەکەن نزیکەی 75 هەزار دەنگ بەدەستبێنن، ئەوا دەنگەکانی پارتی زیاد دەبن و لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی 820 هەزار دەنگ، بەو پێیە بێت پارتی لە چاو هەڵبژاردنی 2013ی پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی نزیکەی 90 هەزار دەنگ زیاد بکات.

ئەگەر دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان لێکبدەیەوە بەرامبەر بە دەنگەکانی پارتی، گۆڕان و یەکێتی هەردووکیان 852 هەزار دەنگیان هەیە، پارتیش بەتەنیا 820 هەزار دەنگی هەیە، واتە گۆڕان و یەکێتی بە 32 هەزار دەنگ لە پێش پارتین.

بەرپرسانی پارتی دەڵێن لە هەڵبژاردنەکانی 2010ی پەرلەمانی عێراقەوە تاوەکو ئێستا کە ئەمە سێ هەڵبژاردن بەڕێوەچووە، دەنگەکانی پارتی ڕوو لە هەڵکشانە بەرامبەر بە دەنگەکانی گۆڕان و یەکێتی.

گۆڕان و یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 2010دا بە هەردووکیان 823 هەزار و 722 دەنگیان هێنابوو، بەڵام پارتی 671 هەزار و 965 دەنگی هێنابوو، گۆڕان و یەکێتی 151 هەزار دەنگیان لە پارتی زیاتر بووە.

لەهەڵبژاردنەکانی 2013/9/21 یەکێتی و گۆڕان 827 هەزار و 236 هەزار دەنگیان هەبوو، بەڵام پارتی بەتەنیا 740 هەزار و 293 دەنگی هەبووە و جیاوازی نێوان دەنگەکانی گۆڕان و یەکێتی لەگەڵ پارتی دابەزی بۆ نزیکەی 87 هەزار دەنگ.

بەڵام لە هەڵبژاردنی 2014/4/30 جیاوازییەکان هێشتا کەمتر بوونەوە. ئەگەر دەنگەکانی گۆڕان و یەکێتی لێکبدەینەوە کە 852 هەزار دەنگیان هێناوە، پارتی بەتەنیا 820 هەزار دەنگی هێناوە، بەو پێیە پارتی لە 2010وە جیاوازی نێوان دەنگەکانی خۆی لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی دابەزاندووە بۆ 32 هەزار دەنگ.

بەپێی هەندێ لە ئامارەکانی مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی بۆ پەرلەمانی عێراق 28 کورسی بەدەستدێنێ، یەکێتی 16 بۆ 17 کورسی و بزووتنەوەی گۆڕان 9 بۆ 10 کورسی دەباتەوە، یەکگرتووی ئیسلامی 4 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش ژمارەی کورسییەکانی بۆ پەرلەمانی عێراق لە دوو کورسی بۆ 4 کورسی زیاد دەکات.

پارتی پێشبینی دەکات لە هەولێر 8 کورسی، دهۆک 8 کورسی، موسڵ 8 کورسی، سلێمانی 2 کورسی، کەرکووک 2 کورسی و هەروەها کورسی شەبەک و مەسیحیش کە بە کۆتا دەبن، نوێنەری پارتی دەرچوون و پێشبینیش دەکات ڕەنگە لە بەغدا کورسییەک بباتەوە. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کۆتاکان پارتی چاوی لە 31 کورسییە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێشبینی دەکات لە سلێمانی 5 کورسی، کەرکووک 4 کورسی، هەولێر 3 کورسی، دهۆک 1 کورسی، موسڵ 1 بۆ 2 کورسی، دیالە 1 کورسی و ڕەنگە لە سەڵاحەدینیش کورسییەک بباتەوە، بەڵام هێشتا مسۆگەر نەبووە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تەنیا چوار کورسی دەبات، لە دهۆک 2 کورسی و لە سلێمانی 2 کورسی، بەڵام لە هەولێر هیچ کورسییەک ناباتەوە.

هەرچی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە کە لە خولی پێشوو تەنیا 2 کورسی هەبوو، ئەمجارە لە هەولێر 2 کورسی و لە سلێمانیش 2 کورسی دەباتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هەرچەندە دەنگەکانی لە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، بەڵام لە دهۆک نزیکەی دوو بەرامبەر زیادی کردووە.

یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی 2013دا 186 هەزار و 741 دەنگی بەدەستهێنابوو، بەڵام ئەمجارە 188 هەزار و 728 دەنگی بەدەستهێناوەو پێشبینیش دەکرێ لە دەنگدانی تایبەت 1500 دەنگ بەدەستبێنێ و کۆی دەنگەکانی یەکگرتوو دەگاتە زیاتر لە 188 هەزار دەنگ، واتە یەکگرتوو سەرووی هەزار و 400 دەنگی زیاد کردووە.

کۆمەڵی ئیسلامی دەنگەکانی لەچاو 2013 زۆر زیادی کردووە و بەرپرسانی کۆمەڵی ئیسلامی زیاتر لە جارێک خۆشحاڵی خۆیان لەوە دەربڕیوە کە حیزبەکەیان توانی بۆ یەکەمجار لە هەولێر پێش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بکەوێ. بەپێی دەنگەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بەبێ هەژمارکردنی دەنگی تایبەت 132 هەزار و 344 دەنگیان بەدەستهێناوە و پێشبینی دەکرێ بە دەنگدانی تایبەتەوە دەنگەکانی بگەنە 136 هەزار دەنگ.

دەنگەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە 2013 لە هەرێمی کوردستان 118 هەزار و 574 دەنگ بووە، بەشێوەیەکی گشتی دەنگەکانی ئەو حیزبە زیاتر لە 17 هەزار زیادی کردووە.



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

### ژمارەی کورسی لایەنە کوردییەکان بۆ پەرلەمانی عێراق:

| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | بزووتنەوەی گۆڕان | یەکێتی نیشتمانیی کوردستان | پارتی دیموکراتی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| 4 کورسی | 4 کورسی | 9-10 کورسی | 16-17 کورسی | 28 کورسی |

### پێشبینی دەنگی لیستەکان بە دەنگدانی تایبەتەوە

| لیستەکان | دەنگەکان |
|---|---|
| پارتی | 820000 |
| یەکێتی | 485000 |
| گۆڕان | 486625 |
| یەکگرتوو | 188000 |
| کۆمەڵ | 136000 |

### سلێمانی:

| لیستەکان | پارێزگا | پەرلەمانی عێراق |
|---|---|---|
| پارتی | 90000 | 87000 |
| یەکێتی | 250340 | 256117 |
| گۆڕان | 320170 | 353514 |
| کۆمەڵ | 55626 | 54945 |
| یەکگرتوو | 80000 | 65000 |

### دهۆک:

| لیستەکان | پارێزگا | پەرلەمانی عێراق |
|---|---|---|
| پارتی | 317250 | 335850 |
| یەکێتی | 141405 | 147930 |
| گۆڕان | 95104 | 95767 |
| کۆمەڵ | 72415 | 55267 |
| یەکگرتوو | 22230 | 25513 |

### هەولێر:

| لیستەکان | پارێزگا | پەرلەمانی عێراق |
|---|---|---|
| پارتی | 317250 | 335850 |
| یەکێتی | 141405 | 147930 |
| گۆڕان | 95104 | 95767 |
| کۆمەڵ | 72415 | 55267 |
| یەکگرتوو | 22230 | 25513 |

### دەنگی حیزبەکان لە 2013دا

| حیزبەکان | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| پارتی | 323304 | 331530 | 85459 | 740293 |
| یەکێتی | 103852 | 24583 | 218208 | 346643 |
| گۆڕان | 116699 | 13776 | 345892 | 467367 |
| یەکگرتوو | 47149 | 55410 | 84043 | 186602 |
| کۆمەڵ | 50523 | 3475 | 64538 | 118536 |

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## لە شەمزینان پێکدادان دروستدەبێت



**ڕووداو- شەمزینان**

لەناوچەی شەمزینانی سەر بە پارێزگای جۆلەمێرگ لە باکووری کوردستان، دانیشتوانی گوندی سامانلی خۆپێشاندانیان سازکرد دژی سەربازانی سوپای تورکیا، بە پاساوی ئەوەی ڕێیان لێدەگرن بازرگانی لەگەڵ باشووری کوردستان بکەن. لە ماوەیەکی کورتدا ڕووبەڕووبوونەوە لە خۆپێشاندانەکەدا ڕوویداو لە ئەنجامدا سەربازێکی تورک و 4 هاونیشتمانی بریندار بوون. سوپای تورکیا سەبارەت بە ڕووداوەکە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد، کە دوای داخستنی ڕێگەی بازرگانی نایاسایی لە ناوچەکە، نزیکەی 50 کەس لە دانیشتوانی گوندی سامانلی لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی تورکیا بەشەڕهاتوون.

## BDP داوای مافی ئێزدییەکانی باکووری کوردستان دەکات

# ئێزدییەکانی ئەورووپا خۆیان بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکەن

پەرلەمانتارێکی BDP:
ئێزدییەکان لە تورکیا بە موسڵمان یان بێ باوەڕ تۆمارکراون



**ئۆزەی بولوت**
**ڕووداو- ئەنقەرە**

پەرلەمانتارێکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP داواکارییەکی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی تورکیا بەرز کردووەتەوە کە داوای گەڕاندنەوەی موڵک و مافە مەدەنییەکانی کوردی ئێزدی لە باکووری کوردستان و تورکیا دەکات.

ئەو داواکارییە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن ئایلا ئاکات ئەتا، پەرلەمانتاری BDP بەناوی "داواکاریی لێکۆڵینەوە" بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکرایەوە. ئایلا لەو داواکارییەدا دەڵێت "ئێزدییەکان بەهۆی ئەو زەبروزەنگە زۆرەی ڕووبەڕووی بوونەوە، بەهۆی ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتەوە کە زۆری لێدەکردن لە کۆمەڵگەدا بتوێنەوە، ناچاربوون وڵاتی خۆیان بەجێبێڵن".

داواکەی ئایلا بەوە دەستپێدەکات کە پێویستە حکومەت بە فەرمی دان بە شوناس و باوەڕی ئاینی ئێزدییەکاندا بنێت و وانەی ئاینی و شوێنی پەرستن و پارێزگاریکردن لە شوێنە ئاینییەکانیان بۆ دابین بکات.

لە داواکەدا هاتووە "ئێزدییەکان لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە سەرکوتکراون و هەروەها لەلایەن ئەو خەڵکانەی کە ئێزدییەکان لەگەڵیان دەژین جارێکی دی سەرکوت کراون".

ئایلا دەڵێت هەندێک لەو دەستوور و ڕێسا توندانەی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە دژی ئێزدییەکان دانراون تا ئێستاش لە تورکیا هەر کاریان پێدەکرێ.

"بیروباوەڕی ئێزدییەکان پشتگوێخراوە، زەوی و زارەکانیان بە زۆر لێ داگیرکراوە و زەوییەکانیان سەرچاوەی بژێوییانە و بە شێوەیەش کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ناوچەکانیاندا ڕیشەکێش کراوە" بەپێی داواکارییەکەی ئایلا.

لەوەش خراپتر، بە بۆچوونی ئایلا، لە پەڕاوە فەرمییەکاندا ئێزدییەکان یان وەکو موسڵمان ناویان تۆمارکراوە یان وەکو بێ باوەڕ.

داواکارییەکەی ئایلا باس لە ڕەوشی ژنانی ئێزدیش دەکات و دەڵێت ئەوان بە "ئیسلامکراون" و بیروباوەڕیان پشتگوێ خراوە.

نیسان ئەلچی، ڕاوێژکاری ئایلا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پێش 40 ساڵ، نزیکەی 80 هەزار کوردی ئێزدی لە تورکیا دەژیان، بەڵام ئێستا کەمتر لە 400 ئێزدی لێرە ماون.

ئەلچی لۆمەی تورکیا و سیاسەتی ئاسیمیلە دەکات لە دژی کەمینەکان و بە هۆکاری کۆچی بە کۆمەڵی ئێزدییەکانی دەزانێت بۆ ئەورووپا و بە تایبەت بۆ ئەڵمانیا.

ئەو دەڵێت "زۆر لە خێزانە ئێزدییەکان کە چەندین ساڵە لە خاک و گوندی خۆیان دوورخراونەتەوە، دەیانەوێت بگەڕێنەوە، بەڵام داوای گەرەنتی یاسایی دەکەن بۆ گەڕانەوەیان".

ئەو هەروەها دەڵێت "زۆر نامەمان لە ئێزدییەکانی تورکیا و دەرەوە پێگەیشتووە. ئەوان داوا دەکەن ڕێوشوێنی یاسایی و دارایی بۆ گەڕانەوەیان دابین بکرێت. گوندەکانیان دەبێت بنیات بنرێنەوە و قەرەبووی زیانەکانیان بکرێتەوە". گوتیشی "هەر ئەو ڕاستییەی کە زەویوزاری ئێزدییەکان لە گوندەکانیاندا پێیان نادرێتەوە سەرەڕای بڕیاری هەندێک لە دادگاکان، ئەوە پیشان دەدات کە ئەم کێشەیە چەند گەورەیە".

داواکارییەکەی ئایلا هەروەها باس لەوە دەکات کە زەوی و موڵکی ئێزدییەکان دەستی بەسەردا گیراوە و هەندێکیشیان لە ژێر زەبر و زۆردا ماڵ و موڵکیان فرۆشتووە یان بە کرێیان داوە "ئێزدییەکان لە تورکیا لە مافی خانووبەرە بێبەشکراون".

لە داواکارییەکەدا هاتووە کە "ئێزدییەکان ناچار بوون ماڵ و موڵکیان بەجێ بهێڵن و بەرەو ئەورووپا بڕۆن بەهۆی ئەو سەرکوتکارییەی ڕووبەڕووی دەبوونەوە. تەنانەت ئەو زەویانەی کە تاپۆی شەخسی خۆشیان بوو داگیرکراوە. ئێزدییەکانیان هەڕەشەیان لێدەکراو گوندەکانیان چۆڵ دەکرا و هەندێک لە گوندەکانیان بواری ژیانی تێدا نەماوە."

یلماز دەمیرای، ئەندامی ئەنجومەنی دیاربەکر کە ئێزیدیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، داواکاری سەرەکی ئێزدییەکان دانپێدانانە بە ئایینەکەیاندا و مافی گەڕانەوەیە بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان "حکومەت پێویستە دان بە قەبارەی ئەو وێرانکارییەدا بنێت کە لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئێزدییەکاندا ئەنجام دراوە".

یلماز تەنیا خێزانی ئێزیدییە کە لە گوندەکەیاندا ماوە، هەموو خێزانە ئێزدییەکانی دیکە ناچارکران لە 1993 بەدواوە بەرەو ئەورووپا هەڵبێن و ماڵ و موڵکەکانیان دراوە بە کەسانی دیکە.

بەپێی داواکارییەکەی ئایلا، ئێزدییەکان ئێستا ئامادەکاری گەڕانەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان دەکەن و داوا دەکەن مافە ئاینییەکانیان لە دەستووردا زامن بکرێت و ئەمەش تەنیا چارەسەری کێشەکەیە.

## گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:

# تورکیا بەرامبەر پەنابەرانی کورد نەژادپەرستە

**مارڤی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

بەپێی ڕاپۆرتێکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی (ICG)، تورکیا "نەژادپەرستی" دەنوێنێت بەرامبەر ئەو پەناخوازە کوردانەی لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە پەنایان بردووەتە بەر تورکیا.

گرووپەکە کە بنکەکەی لە شاری برۆکسلە، دوایین ئەپدەیتەکانی خۆی لەسەر قەیرانی سووریا بڵاوکردەوە، ئەویش بەڕاپۆرتێکی 48 لاپەڕەیی لەژێر ناونیشانی "تەشەنەکردنی قەیرانە ئاڵۆزەکەی نێوان سووریا و تورکیا".

لە نێو ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "پەنابەرانی کوردی سووری لە تورکیا، بە شێوەیەکی جیاوازتر لەگەڵ عەرەبە سوورییە پەناهەندەکانی هەمان وڵات مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت".

لە ڕاپۆرتەکەدا لە زاری بەرپرسێکی BDPەوە باس لەوە دەکرێت کە لە خاڵی سنووریی لە شاری غازی عەنتاب لە تورکیا ئەو کوردانەی کە بریندارن ڕێگای هاتنە نێو شارەکەیان لێگیراوە لەبەرئەوەی گومانیان لێکراوە ئەندامی PYD بن.

ڕاپۆرتەکە هەروەها بە پشتبەستن بە گوتەی بەرپرسانی BDP، ئەوەشی خستووەتە ڕوو کە ئەو یارمەتیانەی بۆ سوورییەکان هاتوون ئەو کەسانەی لێ بێبەشکراوە کە لە ناوچە کوردنشینەکانەوە هاتوون.

بەرپرسەکەی BDP هەروەها باسی ئەوەی کردووە کە دروستبوونی PYD لە ناوچە کوردییەکانی سووریا یەکێک بووە لە هۆکارەکانی بڕیاری حکومەتی توریکا بۆ ئەوەی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکات لە کۆتاییەکانی ساڵی 2012.

مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوو لەکاتێکدا نزیکەی هەزار کورد ویستیان لە قامیشلۆوە بۆ نسێبین بڕۆن، پۆلیسی تورکیا گازی فرمێسکرێژی لە دژیان بەکارهێنا.

لێپرسراوانی تورکیا تۆمەتی نەژادپەرستییان لە دژی کوردی ئاوارە بوو ڕەتکردووەتەوە و لەزاری چەند ئاژانسێکی فریاکەوتنەوە دەڵێن هەندێک یارمەتی گەیشتووەتە ئەو ناوچانەی سووریا کە لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێن.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەنقەرە بە ڕێگری لە پێشکەوتنی هەریەکە لە PKK و PYD لە باکووری سووریا تۆمەتبار دەکرێت، ئەویش بە یارمەتیدانی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی سووریا، لە نێویشیاندا گرووپە جیهادییەکان بۆئەوەی دژی PYD بوەستنەوە".

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەی ICGدا هاتووە هەتاوەکو کێشەی PKK بەبێ چارەسەر بمێنێتەوە تورکیا PYD وەکو هەڕەشەیەکی ئەمنی دەبینێت.

هەرچەندە کۆبوونەوەی بەرپرسە گەورەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕاوەستاوە، بەڵام قسەکردن بەردەوامە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی "ڕۆژی 14 ئاداری ڕابردوو بەرپرسانی PYD لە کۆبانێ سەردانی ئەنقەرەیان کردووەو لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا قسەیان کردووە".

# PJAK دوای 10 ساڵ سەرۆکەکەی دەگۆڕێ



**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئەو گۆڕانکارییانە ڕابگەیەنێت کە لە دوایین کۆنفرانسی خۆیدا بڕیاری لەسەرداون، لەوانەش گۆڕینی سەرۆکەکەی و سیستەمی سەرۆکایەتی.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ، PJAK لەدوایین کۆنفرانسی خۆیدا، حاجی ئەحمەدی لاداوە کە ماوەی 10 ساڵە سەرۆکی ئەو حیزبەیە. هەرچەندە ڕاگەیاندنەکانی ئەو حیزبە هەواڵەکەیان ڕەتکردووەتەوە.

مەسعود مەناف، ڕۆژنامەنووس، گۆڕینی سەرۆکی PJAK بە شتێکی چاوەڕوانکراو دەزانێ، بەهۆی ئەوەی سەرجەم پارت و لایەنەکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK پێڕەوی سیستەمی هاوسەرۆکییان دەکرد تەنیا PJAK نەبێت "ئەم کارەی PJAK وەک هەوڵێکە بۆ برەودان و بەشداریی زیاتری ژنان لە بەڕێوەبەری و پرۆسەکانی بڕیارداندا". مەبەستی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەیە کە PJAKیش لەمەودوا سیستەمی هاوسەرۆکی پەسەند دەکات و ژنێکیش دەبێتە هاوسەرۆک.

کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ڕایگەیاندووە "بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەمڕۆ لە ئاستی جیهان و هەرێمەکە و بە تایبەتی لە کوردستاندا لە ئارادایە و ئەم قۆناغە هەستیار و مێژووییەی کە گەلی کوردی تێدا تێپەڕ دەبێت، پێویستیمان بە گۆڕانکاری لە سیستەمی ناوخۆیی پارتیمان و شێوازی تێکۆشانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینی".

مامەند ڕۆژە، ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری سیاسی دەڵێت "ئێستا PJAK دەزانێ لەڕووی چەکدارییەوە ناتوانێت ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنترۆڵ بکات، بۆیە هەوڵدەدات لەڕووی سیاسییەوە کەشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دینامیک بکات، بۆ ئەمەش پرۆسەیەکیان دەستپێکردووە. یەکەمجار لە ئەورووپا کۆنفرانسێکیان بەڕێوەبرد. ئێستا هەنگاوی دووەمی بۆ هەڵدێنن کە ئەویش بەستنی کۆنفرانسی قەندیل و گۆڕینی سەرۆکی PJAKە".

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد KNK کە لە سوید بەڕێوەچوو، تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشت کرابوون. بەڵام تەنیا پارتی ئازادیی کوردستان — پاک و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەشدارییان تێدا کرد. لایەنەکانی دیکە بەشدارییان لەو کۆنگرەیە ڕەتکردەوە.

دوایین شەڕی PJAK و ئێران لە هاوینی 2011 لە شاخی جاسووسان ڕوویدا، دواتر بە ناوبژیوانی هەرێمی کوردستان ئاگربەستیان ڕاگەیاند، سوپای پاسداران توانی شاخی بە ناوبانگی جاسوسان کۆنترۆڵ بکات.

مامەند ڕۆژە دەڵێ "دوای شەڕی جاسوسان، ڕووداوەکانی سووریا هاتنە کایەوە، PKK کە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەسکەوتێکی زۆری وەرگرت و لە ئەنجامی شۆڕشدا خۆبەڕێوەبەرییەکی ڕاگەیاند، لەبەر پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و سووریا، بەشێوەیەکی شێلگیرانە PJAK سڕ کرا، بۆیە کاریگەریشی کەم بووەوە".

لە ڕۆژئاوای کوردستان ململانێیەکی توند لە نێوان پارتی و PKK هەیە بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان، بە بڕوای مامەند ڕۆژە ئەو ململانێیە لە ڕێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەڵام دەڵێت "PKK ناتوانێ مۆدێلی ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕۆژهەڵات دووبارە بکاتەوە. چونکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزب و ڕێبەری خۆی هەیە. بەربەرەکانێی پێشمەرگانەی تێدا بووە و کۆمارێکی بنیات ناوە. بەم پێیەش هیچ سیمبولێک جێی سیمبولەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگرێتەوە. هیچ کەسیش لە پارچەیەکی دیکەوە ناتوانێ خۆی بکات بە کوێخای ڕۆژهەڵات". گوتیشی "هەرچەندە PJAK لە ڕۆژهەڵات کاریگەری هەیە، بەڵام نابێتە هێزی ناوەندی".

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ڕێککەوتی 5ی مانگی نیسانی 2004 دەمەزرا. بەڵام تاوەکو ئێستا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە فەرمی نایناسن و دەڵێن لقی ڕۆژهەڵاتی PKKیە.

ئێستا زۆرترین قسە لەسەر گۆڕینی سەرۆکی ئەو حیزبە دەکرێت، هەرچەندە ئەوان ڕەتیانکردووەتەوە کە بیگۆڕن. مامەند ڕۆژە پێیوایە گۆڕینی سەرۆک زۆر کاریگەریی نییە، بەهۆی ئەوەی سیستەمی بەڕێوەبەری لەناو PJAK مەرکەزییە. بەڵام دەڵێت "10 ساڵ بەسەر سەرۆکایەتی PJAK دا تێپەڕ دەبێت، بۆیە پێویستیی بە گۆڕانێک هەیە و لەم گۆڕانەشدا ڕەنگە کەڵک لە میلیتانەکانی خۆیان لە قەندیل وەربگرن. ئەم ئەزموونەش دەتوانێ سوودی بۆ PJAK هەبێت و سەرکەوتنی تێدا بەدەستبێنێ".

مەسعود مەنافیش لەبارەی سەرۆکی ئەو حیزبە دەڵێت "عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی ڕۆڵێکی سیمبولیکی هەبووە، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکی هەر کوردیناسیۆنەکانی PJAK لە قەندیل گێڕاویانە، بۆیە گۆڕینی کاریگەری نابێت".

ڕووداو
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## ساڵح موسلیم: کورد بایکۆتی ئەسەد دەکات



**ڕووداو- کوردپرێس**

ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراسی (پەیەدە) هێرشێکی توند دەکاتە سەر بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سوریا و بە قۆرخکاری دەسەڵات ناویدەبات و ئاماژە بەوەشدەکات کە کورد خۆی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری سووریا نادات. هەروەها دەشڵێت"لەوانەیە حکومەتی بەشار ئەسەد لە چەند شاردا سندۆقی دەنگدان دابنێت، بەڵام کورد دەنگ ناداتە بەشار ئەسەد و خۆیشی تێکەڵ بەم هەڵبژاردنە ناکات."

یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە

# گۆڕان: هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانییە



### ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵ: د.هەڤاڵ بۆ پارێزگاری سلێمانی زۆر گونجاو نییە

### ئەندامێکی جڤاتی گۆڕان: سوورین لەسەر دانانی د.هەڤاڵ ئەبوبەکر بۆ پارێزگار

### ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو: یەکێتی ناتوانێت ڕێگە لە دانانی هەڤاڵ ئەبوبەکر بگرێت

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دەرکەوتنی بەشێکی زۆر لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، نەبووەتە هۆی ئەوەی ململانێی نێوان یەکێتی و گۆڕان لەسەر هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پارێزگای سلێمانی کۆتایی بێت. یەکێتی سوورە لەسەر ڕەتکردنەوەی، هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە هەر لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەوە ڕایگەیاندووە کە هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری داهاتووی سلێمانییە.

هەرچەندە مانگی بانگەشەی هەڵبژاردن دەرفەتێک بوو لە بەردەم حیزب و قەوارە سیاسییەکاندا بۆ ئەوەی تەواوی کاندید و بەرنامەکانی خۆیان بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە، بەڵام ئەو مانگە میدیای یەکێتی بە تەواوی سەرقاڵبوون بە لێدانی هەڤاڵ ئەبوبەکر، کەچی هەڵمەتەکەی یەکێتی بە قازانج بۆ ئەو کاندیدە شکایەوە و ریکۆردێکی نوێی تۆمار کرد لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە کۆکردنەوەی نزیکەی 250 هەزار دەنگ.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وەک هێمایەک بۆ هەڤاڵ ئەبوبەکر دەڵێ "ناهێڵین کۆنە بەعسییەک ببێتە پارێزگاری سلێمانی"، گوتیشی ئەگەر لە حاڵەتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان سووربێت لەسەر ئەوەی بیکاتە پارێزگار، ئەوان وەک یەکێتی پابەندی بڕیارەکانی نابن و مامەڵەی لەگەڵ ناکەن.

بەڵام بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان سوورن لەسەر ئەوەی تەنیا کاندیدی ئەوان بۆ ئەو پۆستە هەڤاڵ ئەبوبەکر دەبێت. ئاوات شێخ جەناب، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڕان ئیرادەی خۆی بەدەستی خۆیەتی و مافی ڕەوای خۆیەتی کاندیدی خۆی دیاری بکات بۆ ئەو پۆستە".

هەرچەندە هێشتا دەنگەکانی هەڵبژاردنی تایبەت هەژمار نەکراون و ئەنجامی کۆتایی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ڕانەگەیێنراوە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ بە بەدەستهێنانی زیاتر لە 350 هەزار، لە پارێزگای سلێمانی بووەتە زۆرینە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر خۆی ڕایگەیاندبوو "بەتەنیا خۆم ئەوەندەی یەکێتی دەنگم هێناوە"، هەر بۆیە چاوەڕوانی ئەوەشدەکرێ دواتر هاوپەیمانێتی گرێی ئەو ناکۆکییە بکاتەوە.

بەڵام ئاواتی شێخ جەناب دەڵێ لە حاڵێکدا ئەگەر یەکێتی سووربێت لەسەر ئەوەی کاندیدی ئێمە ڕەتبکاتەوە بۆ پارێزگاری سلێمانی، ئەوا ئەو کاندیدەی ئەوان دیارییان کردووە بۆ پارێزگاری سلێمانی، "بەشی ئەوە کەموکوڕی هەیە کە ئێمەش ڕەتیبکەینەوە و نەهێڵین ببێتە پارێزگاری سلێمانی".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باس لە هۆکاری ڕەتکردنەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر دەکات و دەڵێ "لەبەرئەوەیە کە ڕابردوویەکی ناشیرینی هەیە، لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ڕوونمانکردەوە کە بۆچی ڕەتیدەکەینەوە".

لەبارەی ئەوەی یەکێتی چی دەکات ئەگەر ئەو ببێتە پارێزگاری سلێمانی، ئایا قسەی کۆتایی یەکێتی چییە ئەگەر بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە پۆستی پارێزگار کەوتە دەستی گۆڕان. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێ "یەکێتی دەتوانێ مامەڵەی لەگەڵ نەکات و لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی سەرئێشەی بۆ دروستبکات".

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) گۆڕان هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخەش دەکات کە یەکێتی بیەوێ بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی جیاواز، کاندیدی ئەوان ڕەتبکاتەوە، ڕەنگە بیرلەوەش بکاتەوە کەسێکی دیکە بپاڵێوێ بۆ پارێزگاری سلێمانی، بەڵام د.ئاکۆ حەمە کەریم، بەرپرسی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی "سوورین لەسەر دانانی د.هەڤاڵ ئەبوبەکر".

ڕێباز محەممەد، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت "بزووتنەوەی گۆڕان بە هیچ شێوەیەک دوو دڵ نییە لە دانانی هەڤاڵ ئەبوبەکر"، گوتیشی "ئەوکە لە سلێمانی بەقەدەر هەموو یەکێتی دەنگی هێناوە، تەنیا کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ پارێزگاری سلێمانی و هیچ کاندیدێکی دیکەمان نییە بۆ شوێنی ئەو".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان، هەوڵەکانی یەکێتی بۆ ناوزڕاندن و ڕەتکردنەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر تەنیا لەوەدا دەبینێتەوە کە نایەوێ دەستبەرداری پارێزگاری سلێمانی ببێت و دەڵێ "پارێزگاری سلێمانی بۆ ئێمەیە و هەڵبژاردن ئەوەی یەکلایی کردەوە".

لەم ململانێیەی نێوان گۆڕان و یەکێتیدا، حیزبەکانی دیکەش قسەی خۆیان هەیە. ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت یەکێتی ناتوانێ سووربێت لەسەر ڕەتکردنەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئەگەر گۆڕان بیەوێ ئەو بکاتە پارێزگاری سلێمانی "هەرچەندە من پێموایە بزووتنەوەی گۆڕان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی وەربگرێ باشترە". ئەحمەد ڕەشید، هۆکاری ئەوە ڕووندەکاتەوە و دەڵێ "هەرچەندە د. هەڤاڵ برادەری خۆمە و خۆشمدەوێ، بەڵام پێموانییە بۆ پارێزگاریی زۆر گونجاو بێت".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، پرسی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکان لەبەرچاودەگرێ بۆ یەکلاکردنەوەی پارێزگاری سلێمانی و دەڵێ "هاوپەیمانێتی کۆمەڵ و یەکگرتوو لەگەڵ گۆڕان ئاسانترە تاوەکو یەکێتی، بەوپێیەی 4 ساڵی ڕابردووش هەر هاوپەیمان بوون و گۆڕان ئەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتییەی پاراستووە".

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی، پێیوایە لەبەرئەوەی جیاوازی دەنگەکانی گۆڕان و یەکێتی زۆر نییە، هەردوولا ناچارن بەدوای هاوپەیماندا بگەڕێن "یەکێتی ناتوانێ ڕێگە لە د.هەڤاڵ بگرێ، چونکە پاڵێوراو بووە و ئەگەر کەموکوڕی هەبووایە کۆمیسیۆن خۆی دووری دەخستەوە".

## سەرەڕای کشانەوەیان لە هەڵبژاردن





# پشتیوان سادق 1567 دەنگ و د.بەدرخان سندی 1805 دەنگی هێناوە

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو – دهۆک**

هەرچەندە هیچ بانگەشەیەکیان بۆ خۆیان نەکرد و بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بڕیاری کشانەوەیان دا، بەڵام دوو کاندیدی پارتی یەکێکیان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا و ئەوی دیکەشیان بۆ پەرلەمانی عێراق نزیکەی 2 هەزار دەنگیان هەر هێنا.

د.بەدرخان سندی، کاندیدی ژمارە 4ی پارتی لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا بڕیاری دا بکشێتەوە، بەڵام ژمارەکەی لە فۆڕمی دەنگدان مایەوە و کەسی لە شوێن دانەنرا، دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی گشتی، دەرکەوت 1805 دەنگی هێناوە و پێدەچێت لە دەنگدانی تایبەتیش دەنگی هێنابێت.

د.بەردخان سندی، لە ئاهەنگی ناساندنی کاندیدەکانی پارتی لە شاری زاخۆ لە جیاتی پێشکەشکردنی کارنامەکەی، گوتی "تەندروستیم ئەوەندە باش نییە کە بتوانم بەردەوامبم و داوای لێبووردنتان لێدەکەم".

د.بەردخان لەبارەی ئەو 1805 دەنگەی هێناویەتی بە (ڕووداو)ی گوت "هەندێک لەو دەنگدەرانە نەیانزانیبوو کشاومەتەوە لە هەڵبژاردن و هەندێکیشیان هەر بۆ خوشەویستی دەنگیان دا. لە ڕۆژی هەڵبژاردن چەند پەیوەندی بۆ من دەهاتن و دەیانگوت، ڕاستە کشاویتەوە بەڵام هەر بۆ خۆشەویستی دەنگمان بە تۆ دا".

ئەو هیچ دڵخۆش نییە بەو دەنگانە و دەڵێت "ئەگەر ئەو دەنگانە بۆ کەسێکی دیکە چووبان باشتربوو، بەڵکو وەزعیان باشتر دەبوو".

### دەنگەکانی پشتیوان سادق لە 11 کاندیدی پارتی زیاترە

لەلایەکی دیکەوە پشتیوان سادق، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی پێشووی لقی دووی ئەو حیزبە کە کاندیدی ژمارە 2ی پارتی بوو بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، بەر لە بانگەشەی هەڵبژاردن بڕیاری کشانەوەی دا.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، بەبێ جیاکردنەوەی دەنگدانی تایبەت 1567 دەنگی هێناوە. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، 11 کاندیدی پارتی کە لەو لیستەدا بوون، هەر یەکەیان دەنگەکانیان نەگەیشتووەتە ئەو دەنگانەی بە پشتیوان سادق دراون.

# یەکگرتوو لە پەرلەمان مایەوەو لە پارێزگا کەمی کرد

## یەکگرتوو: دەنگمان کەم بووە بەڵام دونیا نەڕووخاوە بەسەرماندا



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

وادیارە زۆربەی لایەنەکان لەو ئەنجامانە ڕازین کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەدەستیانهێناون، تەنیا یەکگرتووی ئیسلامی نەبێت کە ئەنجامەکان تووشی شۆکی کردوون.

بەرپرسانی یەکگرتوو دەڵێن، هێشتا بە تەواوی بەرچاویان ڕوون نییە کە هۆکاری داکشانی دەنگەکانیان چییە. د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت "ژمارەیەک هۆکاری هەیە و دەبێ دواتر دیراسە بکرێن بۆ ئەوەی بدۆزرێنەوە".

ناوبراو لەبارەی زیادبوونی دەنگەکانیان لە بادینان، هۆیەکەی گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە "ڕەنگە پەیوەندی زیاتر بە بەهێزیی کاندیدەکانەوە هەبێ لەوێ، لە بادینان کاندیدی بەهێزمان هەبوون".

لە ساڵی 1994دا، لەو کاتەی کە شەڕی نێوخۆ لە هەرێمی کوردستان لە نێوان پارتی و یەکێتی سەریهەڵدا، یەکگرتووی ئیسلامی وەک حیزبێکی ئیسلامی سیاسی میانڕەو، بە سەرکردایەتی سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین، دەستەبەکاربوونی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕاگەیاند و ساڵی 1999 بەشداریی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کرد. توانی لەو هەڵبژاردنەدا سەرۆکایەتی شارەوانی سەیدسادق و سیروان و هەڵەبجە بباتەوە و ببێتە حیزبی دووەم لە بادینان و سلێمانی.

بەڵام لەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی کابینەی هەشتەمدا، گەشەکردنی خێرا و بەربڵاوی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەستا.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی، هۆکارەکانی کەوتنی حیزبەکەی باسدەکات و دەڵێ "ئێمە وەک یەکێتی و پارتی بەرژەوەندی و ژیانی خەڵکمان لەبەردەست نییە تاوەکو ناچاریان بکات دەنگ بە یەکگرتوو بدەن، ئەوانەی دەنگیان پێداوین لە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی خۆیان بووە".

ئەبوبەکر هەڵەدنی پێیوایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لەیەککاتدا بۆ یەکگرتوو "خۆش بوون و ناخۆشیش بوون". ئەوە ڕووندەکاتەوە و دەڵێ "لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەنگەکانمان زۆر بوون و نزیکەی 200 هەزار دەنگمان بەدەستهێناوە، بەڵام لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەنگەکانمان کەمی کردووە".

ئیسماعیل خورماڵی، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی یەکگرتوو لە سلێمانی دەڵێت هەم حیزب و هەم دۆست و لایەنگرانیان لە شێوازی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارە ڕازی نەبوون "بەڵام من پێموانییە هەڵمەتەکەمان کەموکوڕی هەبووبێ".

ئەبوبەکر هەڵەدنی دەڵێ "باشترین هەڵمەتی بانگەشەمان بەڕێوەبرد، بەڵام کاندیدەکانمان لە سلێمانی و هەولێر وەک پارێزگای دهۆک بەهێز و کاریگەر نەبوون".

بەپێی دوایین ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی 30 نیسان و داتای مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی بەبێ دەنگدانی تایبەت، لە پارێزگای دهۆک زیاتر لە 85 هەزار و لە پارێزگای سلێمانی زیاتر لە 80 هەزار و لە پارێزگای هەولێر نزیکەی 30 هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەو ئەنجامانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقن و لە ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، ژمارەکان کەمتر بوون. بەشێوەیەک کە لەپارێزگای سلێمانی 68 هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە.

زیادکردنەکەی دهۆک توانیویەتی تارادەیەک قەرەبوو بۆ کەمکردنی لە پارێزگای سلێمانی بکاتەوە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی دیکەوە نەیتوانیوە قەرەبووی کورتهێنانی پارێزگای هەولێر بکاتەوە.

ئیسماعیل خورماڵی پێیوایە بوونی مەلا ئیسماعیل شوشکەیی، کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لە هەولێر، یەکێکە لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوو، چونکە دەنگەکانی یەکگرتوو بۆ کۆمەڵ ڕۆیشتوون. هەروەها دەڵێ "لە سلێمانی، د.موسەننا ئەمین کە پاڵێوراوی ژمارە یەکی خۆمان بووە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، 60%ی دەنگەکانی یەکگرتووی بردووە".

یەکگرتووی ئیسلامی لەو هەڵبژاردنەدا پلەی سێیەمی سلێمانی چۆڵ کرد بۆ پارتی و خۆی بووە چوارەم، جگە لەوەش نەیتوانی گرەوی هەڵەبجە لە یەکێتی و گۆڕان بباتەوە کە ئەو پارێزگایە بە زێدی زۆربەی سەرکردە و دامەزرێنەرانی دادەنرێ و ئێستا لە هەڵەبجەش بووەتە سێیەم.

ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە یەکگرتووی ئیسلامی بیر لە بەستنی کۆنگرەیەکی نائاسایی بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی تێیکەوتووە، بەڵام د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ڕەتیدەکاتەوە کۆنگرەی نائاسایی ببەستن و گوتی "خۆ دنیا نەڕووخاوە بەسەرماندا، حیزبایەتی و سیاسەت لە کوردستان موفاجەئەی زۆر گەورەی تێدا نییە و شتەکان زۆر نەگۆڕاون".

ناوبراو ئەوەی ڕەتکردەوە کە یەکگرتوو لە هەڵەبجە پاشەکشەی کردبێ "لەناوشاردا ئێمە یەکەمین، بەڵام لەدەوروبەردا یەکێتی لە پێشمانەوەیە". هەرچەندە ئەو ئەنجامەی بە نافەرمی ڕاگەیێنراوە لەلایەن نوێنەر و چاودێری حیزبەکانەوە، باس لەوە دەکەن یەکگرتوو لە هەڵەبجە، لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانیش کەوتبێتە دوای گۆڕان و یەکێتی و بووبێتە هێزی سێیەم، بەڵام د. محەممەد ئەحمەد دەڵێ "لەناو هەڵەبجە یەکێتی 3 دەنگ لە پێش یەکگرتووە بەبێ ئەنجامی دەنگدانی تایبەت".

وەک دیاریشە، ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە یەکێتی لە دەنگدانی تایبەتدا زۆر پێش یەکگرتوو دەکەوێ.

ڕووداو
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## سوپەر کاندیدی ئەو هەڵبژاردنە بوو

# "مالیکی ملیۆنێک و 250 هەزار دەنگی هێناوە"

**ئەمرۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

عەلی شەلا، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا رایگەیاند "تاوەکو ئێستا بەگوێرەی جیاکردنەوەی دەنگەکان، نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە پارێزگای بەغدا ملیۆنێک و 250 هەزار دەنگی هێناوە". راشیگەیاند دەوڵەتی یاسا، پلەی یەکەمی هێناوە و چاوەڕوان دەکەن زیاتر لە 100 کورسی بهێنن.

لەبارەی پرسی پێکهێنانی حکومەت، شەلا بە (ڕووداو)ی گوت دەوڵەتی یاسا، لەگەڵ لایەنێک هاوپەیمانی ناکات کە تیرۆر ئیدانە نەکات و هەڵوێستێکی روونی لەبارەی تیرۆر نەبێت، دەشڵێت "مەبەست لە حکومەتی زۆرینە ئەوە نییە کە دەبێت تەنیا لە هاوپەیمانی نیشتمانی بێت و مەرج نییە لە حکومەتی داهاتووشدا تەواوی پێکهاتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی بەشداری بکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە حکومەتی داهاتوو کورد و شیعە و سوننە لەخۆدەگرێت".

لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هاوپەیمانی عەرەبی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ، پەرلەمانتارەکەی دەوڵەتی یاسا گوتی "ئەمە تەنیا و تەنیا پێشبینییە و هێڵی سووریشمان لەسەر هیچ کەس و لایەنێک نییە".

محەممەد خالیدی، بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق و یەکێک لە سەرکردەکانی هاوپەیمانی موتەحیدون بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی پەرلەمان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی راگەیاند کە ئوسامە نوجەیفی لە پارێزگای نەینەوا زیاتر لە 250 هەزار دەنگی بەدەستهێناوە و بە گوێرەی زانیارییە بەراییەکان هاوپەیمانی موتەحیدون زیاتر لە 37 کورسی لە پەرلەمانی عێراق بەدەستهێناوە.

ئەو سەرکردەیەی هاوپەیمانی موتەحیدون جەخت لەوەدەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەک رازی نابن نوری مالیکی بۆ سێیەمین جار ببێتەوە سەرۆک وەزیرانی عێراق.

محەممەد خالیدی دەڵێت وەک هاوپەیمانی موتەحیدون لەگەڵ حکومەتی زۆرینەی سیاسین کە لای زۆرینەی لایەنەکان پەسەند بێت و لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی نەبێت.

لەبارەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماریش کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا جەختی لەوە کردەوە ئەو پۆستە مافی گەلی کوردستانە، ئەو سەرکردەیەی هاوپەیمانی موتەحیدون گوتی "ئەو پۆستە بە تەوافوق یەکلایی دەبێتەوە و تاوەکو ئێستاش داوای هیچ پۆستێکمان نەکردووە".

لەلایەکی دیکەوە ئەمیر کەنانی، سەرکردە لە فراکسیۆنی ئەحرار کە لەلایەن موقتەدا سەدر رێبەرایەتی دەکرێت، رایگەیاند "بەپێی ئەنجامە بەراییەکان کورسییەکانمان زیادی کردووە و نزیکەی 44 کورسیمان بەدەستهێناوە کە پێشتر 40 کورسیمان هەبوو". گوتیشی هیچ کاندیدێکی لیستەکەیان دەنگی زۆری بەدەستنەهێناوە کە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لەسەر ئاستی عێراق بکات.

دەوڵەتی یاسا لە هەڵبژاردنی 2010ی پەرلەمانی عێراق 89 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

ئەمیر کەنانی دەڵێت "مالیکی کەسێکی فاشیلە و لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا لە ئیدارکردنی وڵات شکستیهێناوە، بۆیە رازی نابین پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرێتەوە، ئێمەش لەگەڵ برایانی کورد رێککەوتنی سەرەتاییمان هەیە کە حکومەتی نوێ نابێت بەبێ کورد پێکبهێنرێت، هەمان رێککەوتنیش لەگەڵ ئەیاد عەللاوی و هاوپەیمانی موتەحیدون هەیە".

## نوجێفی 250 هەزار، د.نەجمەدین 160 هەزار و ئارام شێخ محەممەد 140 هەزار دەنگیان هێناوە

جواد بەزوونی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی مواتن بە سەرۆکایەتی عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجومەنی بالای ئیسلامی لای خۆیەوە بە (ڕووداو)ی راگەیاند، بە کۆکردنەوەی کورسییەکانی هاوپەیمانی مواتن و لیستی بەدیلی عێراقی کە سەر بە لیستی هاوپەیمانیی مواتنە، 45 کورسییان بەدەستهێناوە.

بەزوونی دەڵێت "کورد هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئێمەیە و بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری نابین و پێویستە بەردەوام بێت، چونکە هاوپەیمانی کورد و شیعە، یەکپارچەیی خاکی عێراق دەپارێزێت".

بەزوونی کە پێشتر لە دەوڵەتی یاسا جیابووەتەوە و پەرلەمانتاری پارێزگای بەسرەیە، پێیوایە دەوڵەتی یاسا تاوەکو ئێستا 70 کورسی بەدەست نەهێناوە و دەشڵێت "لە پارێزگای بەسرە، محەممەد تائی، کاندیدی هاوپەیمانی مواتن دووەم دەنگی هێناوە کە زیاتر لە 70 هەزار دەنگە و پێدەچێت ئەمە بەرزترین ژمارەی دەنگ بێت کە کاندیدێکی مواتن بەدەستیهێنابێت".

بەڵام مەیسون دەمەلوجی، گوتەبێژی هاوپەیمانی وەتەنییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی، رەتیکردەوە هیچ لێدوانێک لەبارەی ژمارەی کورسییەکانیان بدات و گوتی" ئەو ئامارانەی باس دەکرێن دوورن لە راستی و هیچ بنەمایەکی راستی نییە". هاوکات ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک لەبارەی ژمارەی دەنگەکانی ئەیاد عەللاوی بدات".

لەبارەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقیش دەمەلوجی گوتی "پۆستی سەرۆک کۆمار، دەچێتە ژێرباری تەوافوق و هەموو عێراقییەک مافی ئەوەی هەیە ئەو پۆستە وەربگرێت جا کوردبێت، یاخود عەرەب".

بەگوێرەی هەندێ زانیاری سەرەتایی کە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاوبوونەتەوە، لیستی وەتەنییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی 25 کورسی و لیستی عەرەبی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ 10 کورسی و رەوتی چاکسازی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری 10 کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە.

بۆکان عەبدوڵڵا، ئەندامی بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبارەی ژمارەی ئەو دەنگانەی کە دکتۆر نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستیهێناون، گوتی کە پارێزگاری کەرکووک 160 هەزار دەنگی هێناوە. بەگوێرەی زانیارییەکان، ئارام شێخ محەممەد، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی گۆڕانیش لە پارێزگای سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق 140 هەزار دەنگی بەدەستهێناوە.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش هەندێ کاندید بوونە سوپەر کاندیدی هەڵبژاردن، لەوانە هەڤاڵ ئەبوبەکر سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی و نەوزاد هادی، سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر کە یەکەمیان نزیکەی 250 هەزار دەنگ و دووەمیشیان بەگوێرەی ئەو ئەنجامانەی تائێستا راگەیێنراون، نزیکەی 130 هەزار دەنگی هێناوە.



(فۆتۆ: AFP)

# کورد لە بەغدا دەبێتە یەک فراکسیۆن؟

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی ئاراستەی بەغدا کرد لەبارەی چارەنووسی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق و رایگەیاند "پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ، مافی گەلی کوردستانە و هەر کەسێکیش بۆ ئەو پۆستە بپاڵێورێت، پێویستە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستانی لەسەربێت".

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێ "دەبێ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەسەر پۆستەکانی بەغدا بکەین".

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی بەو راگەیێندراوە، بەبیری بەغدای هێناوەتەوە کە کورد "بەهەموو توانایەکییەوە پێداگیری لەسەر وەرگرتنی دەکاتەوە"، هاوکات لەحاڵەتی یەکلابوونەوەشی بۆ کورد، رۆڵی یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستە بۆ هەر حیزبێکی کوردستانی دەداتە پەرلەمانی کوردستان.

بەڵام بۆچوونی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بە هەمان شێوەی 4 ساڵی رابردوو نەچنەوە بەغدا و پێکەوە رێگەی گفتوگۆی سیاسی بگرنەبەر.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، پێیوایە لە 4 ساڵی رابردووشدا کورد بەو شێوەیە پەرتەوازە نەبووە کە دەستکەوتی گەورەی لەدەستچووبێ بەو هۆیەوە "لە پرسە نیشتمانییەکاندا هەر هاوڕا بووین و پێکەوە بووین، بەڵام ئەگەر فراکسیۆنێکی کوردی دروستبکرێ باشترە". گوتیشی "لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ کورد لەسەر بنەمایەک رێکبکەوێ و لەسەر ئەو بنەمایە بەرەو بەغدا جووڵە بکات و بۆچوونی هەموو لایەنەکانی لەخۆگرتبێ".

چوار ساڵ لەمەوبەر، کاتێک کورد گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتی لەگەڵ بەغدا دەستپێکرد، بزووتنەوەی گۆڕان رازی نەبوون لەرێگەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە پۆستەکان وەربگرن و داوایانکرد لە چوارچێوەی ئیستحقاقی هەڵبژاردنی بەدەستهاتووی خۆیان راستەوخۆ پۆستەکانیان پێبدرێ کە ئەوکات وەزارەتێک و بریکاری وەزارەتێکیان بەردەکەوت، بەڵام دواتر پۆستەکان لە نێوان پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ دابەشکران کە 7 وەزارەت بوون و دواتریش 3 وەزارەتیان لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی وەزارەتەکاندا، لەدەست کورد چوون.

د. موسەننا ئەمین، کاندیدی سەرکەوتووی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە ئەگەر لایەنەکان نەشتوانن بەیەکەوە بچنە بەغدا و لەوێ فراکسیۆنێکی هاوبەش دروستبکەن، زیانێکی زۆر لە کورد ناکەوێ "مادام لەسەر پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکان هاوڕان و بەیەکەوەن".

بەبڕوای موسەننا ئەمین، بۆ مەسەلەی بەدەستهێنانی پۆستەکانی ناو حکومەت "لایەنەکان پێشتر گفتوگۆ دەکەن و دەبێ لەسەر شتێک رێکبکەون". گوتیشی ئەزموونی پێکەوە کارکردنی لایەنەکان لەبەغدا زۆر جوانیش نییە بەو پێیەی "برادەرانی یەکێتی و پارتی لە بەغدا زۆر گوێیان بە بۆچوونی لایەنەکانی دیکە نەدەدا".

کورد ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی بەغدای پێکهێنا، لە نێوان پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ، گۆڕانیش بە فراکسیۆنێکی جیاواز کاری خۆیان دەکرد، بەڵام وێنە هەرەباشەکەی ئەوەبوو کە ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان نەپەڕییەوە بەغدا.

بزووتنەوەی گۆڕان، چاوەڕوانی نیشتنەوەی تەپوتۆزی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و دەستپێکردنی هاموشۆی هاوپەیمانێتییەکان دەکات تاوەکو بزانێ کێ لە عێراق حکومەت پێکدەهێنێت و چ لۆژیکێکی سیاسی رەچاودەکرێ، زۆرینە یان هاوپەیمانێتی نێوان لیستەکان "مالیکی ناتوانێ بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت و ئەمەش هاوپەیمانی دەوێ، بۆیە دەبێ چاوەڕێ بین تاوەکو شتەکان دەردەکەون". ئارام شێخ محەممەد، کە بۆخۆی یەکێکە لە پاڵێوراوە دەرچووەکانی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق وایگوت.

ئارام شێخ محەممەد گوتیشی "دواتر کە نەخشە سیاسییەکەی پێکهێنانی حکومەت دەرکەوت، لایەنەکان گفتوگۆ دەکەن و روووندەبێتەوە کە هەریەکە و بۆخۆی دەچێتە بەغدا یان پێکەوە دەچن".

بەڵام فاتیح داراغایی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لەبەغدا، گەشبینە و دەڵێ پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان "هێمایەکی روونە کە هەموو لایەنەکان بە تیمێک دەچنە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن و فراکسیۆنێکی هاوبەشیش دروستدەکەن، کورد بەتەنیا ناڕوات بۆ گفتوگۆی بەغدا".

یەکێتی چاوی بڕیوەتە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، عادل موراد، سەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی، بە ماڵپەڕێکی حیزبەکەی گوتووە "بەبڕوای من ئێستا گونجاوترین کەس بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، د. نەجمەدین کەریمە". بەڵام فاتیح داراغایی، پێیوایە هێشتا زووە قسە لەسەر ئەوەبکرێ کە یەکێتی و حیزبەکانی دیکە چییان بەردەکەوێ "سەرەتا کورد هەندێک پۆست داوا دەکات و دواتر رێکدەکەون ئەو پۆستانە چۆن دابەش بکرێن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمجارە کۆمەڵی ئیسلامی پۆستی حکومی لەبەغدا وەردەگرێ".

ئەگەر فراکسیۆنە کوردییەکە لەبەغدا دروستکرا، ئایا ئەو فراکسیۆنە چی دەکات و لە کاتی پرسە چارەنووسسازەکاندا بۆ پەرلەمان دەگەڕێتەوە یان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان؟ سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێ "بۆ رای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە".

بەڵام د.موسەننا ئەمین پێیوایە "دەبێ بۆ رای پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە لەگەڵ پەرلەمان گفتوگۆبکات و دواتر بڕیار بدرێ".

بەڵام شوان محەممەد، پەرلەمانتاری پارتی لە خولی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ کورد لە بەغدا کێشەی ئەوتۆی نەبووە و لیژنەی دانوستاندنیشمان هەیە کە چەند جار گفتوگۆی لەگەڵ بەغدا کردووە، ئەو لیژنەیە نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدایە. گوتیشی "دەکرێ ئێمە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم پەیوەندیمان هەبێ و پەیوەندیشمان لەگەڵ پەرلەمان تۆکمە بووە".



رووداو
ئابووری
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## بەغدا چاوی لە 400 هەزار بەرمیل نەوتەکەی کوردستانە

**رووداو- هەولێر**

عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند هەناردەکردنی نەوت لە مانگی ئازاردا 2 ملیۆن و 129 هەزار بەرمیل بووە لە رۆژێکدا، کە بەرزترین رێژەی هەناردە گەیشتووەتە ٢ ملیۆن و 509 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا. ناوبراو راشیگەیاند کە عێراق ئامانجییەتی ئاستی هەناردە کردن بگەیێنێتە 3 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا ئەگەر هەرێمی کوردستانیش رۆژانە 400 هەزار بەرمیک نەوتی هەناردەبکات.




# چوار مەرزی هەرێمی کوردستان چاوەڕێن بە نێودەوڵەتی بکرێن



**بیلال سەعید و محەممەد هادی**
**رووداو- هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی زیاترکردنی دەروازە سنوورییەکانی نێوانیان دەدەن. راوێژکارێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان لەساڵی رابردوودا گەیشتووەتە نزیکەی 4 ملیار دۆلار. هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا یەک دەروازەی سنووریی هەیە کە ئەویش دەروازەی ئیبراهیم خەلیلە، بەڵام لەگەڵ ئێران سێ دەروازەی پەروێزخان، باشماخ و حاجی ئۆمەرانی هەیە.

بە گوتەی بەرپرسە ئیدارییەکانی سنووری گەرمیان و هەڵەبجە و پشدەر، لەماوەی ساڵانی رابردوودا لە هەموو کۆبوونەوەکانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی ئێران کردنەوەی دەروازە سنوورییەکانی سازان، تیلەکۆ، کێلێ و شوشمێ زۆرترین قسەو باسیان لەسەرکراوە، بەڵام تائێستا ئەو دەروازە سنوورییانە نەکراونەتەوە و تەنیا گفتوگۆی ناو کۆبوونەوەکانی هەردوولا بووە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لەماوەی رابردوودا بەشێوەیەکی فەرمی داوای لە ئیدارەی گەرمیان کردووە دەروازەی سنووریی "تیلەکۆ" لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بکرێتەوە.

هەڤاڵ ئیبراهیم، گوتەبێژی ئیدارەی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند "لەدواییین سەردانی شاندی ئێراندا بۆ ئیدارەی گەرمیان، کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی فەرمی داوای کردنەوەی دەروازەی سنووری "تیلەکۆ"یان کرد لە ناحیەی مەیدان. ئێستا لە سنووری ئیدارەی گەرمیان هەردوو دەروازەی سنووریی پەروێزخان و پشتە هەن، بەکردنەوەی دەروازەی تیلەکۆ ژمارەی دەروازەکانی ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ ئێران دەبنە سێ دەروازە.

گوتەبێژی ئیدارەی گەرمیان باس لەوەدەکات کە بەنووسراوێکی فەرمی داوای کردنەوەی دەروازەی سنووریی تیلەکۆیان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام تائێستا وەڵامی نووسراوەکەیان وەرنەگرتووەتەوە.

بەپێی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لەبەرهەمە نەوتییەکان، بڕی هاوردە بە بەراورد لەگەڵ بڕی هەناردە بڕێکی زۆر بەرزە. بۆ نموونە بەهای هاوردە بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی رابردوودا نزیکەی 14 ملیار دۆلار بووە. فەتحی محەممەد، راوێژکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە ( رووداو)ی راگەیاند "قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئێران و وڵاتانی دیکە گەیشتووەتە 14 ملیار دۆلار و قەبارەی ئاڵوگۆڕی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانیش 4 ملیار دۆلار بووە".

دوای بەپارێزگاکردنی هەڵەبجەی شەهید، هەوڵەکانی بەرپرسە ئیدارییەکانی سنووری هەڵەبجە بۆ بەفەرمیکردنی هەریەک لە دەروازەی سنووریی سازان و شوشمێ زیاتر بووە، هەریەک لە بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە و سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەش باس لەوەدەکەن کە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی شوشمێ و سازان پێویستیان بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە. نوخشە ناسیح، بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە بە (رووداو)ی راگەیاند "چەند دانیشتنێک لەنێوان حکومەتی عێراق و بەرپرسانی ئێران بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی شوشمێ کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا سنوورەکە بە فەرمی نەناسێنراوە".

پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لەگەڵ ئێران هاوسنوورە، بەڵام هیچ دەروازەیەکی فەرمی لەنێوانیاندا نییە، ئەوە لەکاتێکدایە دەروازەی شوشمێ لە سنووری ناوچەی هەورامان کە ئێستا بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەکاردەهێنرێت، رۆژانە نزیکەی 125 بارهەڵگری پێدا تێپەڕ دەبێت.

نوخشە ناسیح دەڵێت بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی (سازان و شوشمێ) بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، بەتایبەت دەروازەی شوشمێ بۆ ناوچەی هەورامان.

ماوەی چوار ساڵە باس لە کردنەوەی دەروازەی سنووریی شوشمێ لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی نەکراوەتەوە.

خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجەی شەهید سەبارەت بە هەوڵەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای بە پارێزگابوونی هەڵەبجە، کار لەسەر کردنەوەی چەند دەروازەیەکی سنووری دەکەین، یەکێک لەو دەروازانەش دەروازەی سنووریی سازانە".

لەسنووری پارێزگای هەڵەبجە دەروازەی "تۆقوت" بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ناسێنراوە، بەڵام لە دەروازەی سازان هیچ ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی لەسنوورەکە ئەنجام نەدراوە.

### کێلێ بودجەی دەوێت

دەروازەی سنووریی کێلێ کە دەکەوێتە ناوچەی پشدەر، تا ئێستا نەبووەتە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی لەبەرئەوەی مەرجەکانی بوون بە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی تێدا نییە.

بەرهەم ئەحمەد، قایمقامی قەزای پشدەر بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی سنووریی کێلێ لە ناوچەی پشدەر، چاوەڕێی سەردانی لیژنەیەکی بەغداین بۆ ئەوەی لێیبکۆڵنەوە کە ئایا بۆ ئەوە دەستدەدات بکرێتە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی".

گوتیشی ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە مەرجەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەکە جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی پەسەندکردنی بودجەی 2014 دەکەین و پێویستمان بە 6 ملیار دینارە.

قایمقامی پشدەر ئەوەشی راگەیاند کە رۆژانە لەو سنوورەوە 180 تاوەکو 270 بارهەڵگر ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن، لەبەرئەوەی مەرزێکی بازرگانییە هاتوچۆی هاووڵاتیانی تێدا ناکرێت.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نووسراوێکی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە کار بکرێت بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی کێلێ، لەوەڵامدا وەزارەتی ناوخۆ و بازرگانی گوتوویانە کە سەرجەم مەرجە یاساییەکان لە دەروازەکەدا هەیە و رەزامەندییان لەسەر کردنەوەی مەرزەکە نیشان داوە.

# بازرگانێک بەخێوکردنی نەعامە بە کوردستان ئاشنا دەکات

**کیرا واڵکەر**
**رووداو- هەولێر**

پێش ئەوەی بگەیتە لایان، گوێت لە دەنگیان دەبێت. کاتێک کە لە نزیکەوە دەیبینی ئەوکات دەزانی کە ئەم کێڵگەیە لە هەموو کێڵگە پەلەوەرەکانی دیکە جیاوازترە. کێڵگەی پەلەوەری وشترمر (نەعامە)ی گردەسوور کە لە کۆتایی رێگەیەکی خۆڵین و ناوچەیەکی گردۆڵکەدا دروستکراوە، بووە بە مۆڵگەی ئەو پەلەوەرە باڵابەرزەی کە توانای فڕینی نییە و لە بنەڕەتدا لە ناوچە گەرمەکانی ئوستراليا دەژی.

حەسەن عەلی رەحمانی، خاوەنی کێڵگەکە، سێ ساڵ لەمەوبەر بڕیاری دا یەکەم کێڵگەی پەلەوەری وشترمر لە کوردستان دروست بکات و ئەوکات پەلەوەرەکانی بۆ کوردستان هێنا.

لەبەر خۆری گەرمی سەرلەبەیانیی کێڵگەکەی کە دەکەوێتە نێوان شاری هەولێر و کەرکووکەوە، حەسەن بە (رووداو)ی گوت "ئەوکات دراوسێکەمان پێیوابوو عەقڵم لەدەستداوە، کەچی ئێستا باسی شەراکەت و شتی لەو جۆرەم لەگەڵ دەکات".

حەسەن لە شوێنی کێڵگەکەیدا کە ئێستا بە ماڵی خۆی دەزانێت، دەڵێ "من هەر لێرە دووجار مایەپووچ بووم، بەڵام ئەمجارە ئەم کارە دەپارێزم".

سەبارەت بە بیرۆکەی ئەو جۆرە بزنسە، حەسەن گوتی بیرۆکەی دامەزراندنی کێڵگەیەکی پەلەوەری لەم شێوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەو ویستوویەتی شتێکی دەگمەن لە کوردستان بکات و سوودی داراییشی هەبێت.

بۆ ئەوەی دەست بە دامەزراندنی کێڵگەکەی بکات، ئامادەی کۆرسێکی راهێنان لەسەر چۆنێتی بەخێوکردنی وشترمر بووە لە شاری مۆمبای لە هیندستان و هەروەها لەسەر ئینتەرنێت گەڕان و بەدواداچوونی کردووە و پەیوەندی بە هەندێک جوتیاری خاوەن کێڵگەی پەلەوەری وشترمر کردووە لە زۆر وڵاتی جیاوازدا.

رەحمانی لەدایکبووی شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. لە هەشتاکاندا سێ ساڵ زیندانی بووە بەهۆی ئەوەی رەخنەی لە دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران گرتووە، بەڵام دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد بووە چووەتە دەرەوەی وڵات و لە سوێد نیشتەجێ بووە.

خاوەنی کێڵگەکە:

**دراوسێکەم ئەوکات دەیگوت عەقڵت لە دەستداوە، ئێستاش داوای شەراکەتم لێدەکات**

رەحمانی پێشتر بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتی هەبووە، بەڵام دواتر و لە ساڵی 2007دا لە کوردستان بەم پرۆژەیەوە گیرساوەتەوە.

بۆ ئەوەی وشترمرەکانی بگەیەنێتە کوردستان، رەحمانی ماوەی نۆ مانگ خەریکی پەڕاو و پەڕاوکاری بووە و لەو پێناوەدا 70 ملیۆن دیناری خەرجکردووە. بەهۆی رۆتینەوە وشترمرەکانی بۆ ماوەی 37 رۆژ لە بەندەری ئوم قەسر لە بەسرا ماونەتەوە.

دوای ئەوەی کە رەزامەندی وەرگرت تا باڵندەکانی بێنێتە کوردستان، ئینجا رووبەڕووی ئەو گەندەڵییەی کە رەگی لە ئوم قەسر داکوتاوە، بووەوە. هەر کەسێک کە لە رێگەی رەحمانیدا بوو داوای بەخشیشی 100 تاوەکو 200 دۆلاری لێکردووە بۆ ئەوەی رێگەی بدات پەلەوەرەکانی دەرباز بکات.

دوای تێپەڕاندنی 70 رۆژ لەسەر کەشتی و گەشتێکی پڕ ماندووبوون، دواجار پەلەوەرەکانی رەحمانی لە مانگی دووی ساڵی 2013 گەیشتنە گردەسوور لە باشووری سەنتەری شاری هەولێر. دوای گەیشتنیان بە کێڵگەکەی گردەسوور، وشترمرەکان یەک مانگیان ویست تا ماندووبوونیان دەرچێت و بێنەوە سەرخۆیان، رەحمانی و خوشکەزاکەی بەناوی سینا کە ڤێتەرنەری کێڵگەکەیە، پێکەوە چاودێری وردی باڵندەکانیان دەکرد لەو ماوەیەدا "کە گەیشتن زۆر لاواز بوون، گوناح بوون" رەحمانی وا دەڵێت.

رەحمانی کێڵگەکەی بە 208 وشترمر دەستپێکرد و بە یەکسانی دابەشی کردبوون بەسەر نێر و مێدا. وشترمر لە تەمەنی دوو ساڵیدا دەست بە هێلکەکردن دەکەن و جووتێک وشترمری تەندروست لە وەرزێکدا پەنجا هێلکە دەکەن. رەحمانی ئومێدی هەیە کە تا کۆتایی ئەمساڵ ژمارەی باڵندەکانی بگەنە 7 هەزار دانە.

بەهۆی پێشبینی زۆربوونی ژمارەی باڵندەکانیەوە لە ساڵانی داهاتوودا، کێڵگەکەی رەحمانی وا دروستکراوە کە تاوەکو 15 هەزار وشترمری تێدا بەخێوبکرێت.

رەحمانی دەڵێت دەستپێکردنی پرۆژەی بەخێوکردنی وشترمر بە تەنیا خۆی و بەبێ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی گران بووە. کاتێک کە رەحمانی سەرقاڵی تەواوکردنی بەڵگەنامەکان بوو، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکجار سەردانی کێڵگەکەیان کردووە.

بەڵام لەو کاتەوە هیچ گرنگییەکیان بە پرۆژەکەی رەحمانی نەداوە و هیچ پشتگیرییەکی داراییان نەکردووە.

رەحمانی دەڵێت دەسەڵاتدارانی بەغدا گرنگییەکی زۆر زیاتریان بە پرۆژەکەی داوە. سێ جار سەردانی کێڵگەکەیان کردووە و تەنانەت بەڵێنی پشتگیری داراییشیان بە رەحمانی داوە ئەگەر ئامادە بێت پرۆژەکەی لە کەرکووک تۆمار بکات. بەڵام بە لای رەحمانییەوە، ترس و ئاڵۆزییەکانی کەرکووک هاوکاری دارایی کاربەدەستانی عێراقی ناهێنێت.

هەر دوای سەردانی شاندەکەی بەغدا، دەسەڵاتدارانی بەغدا هێندە پرۆژەکەیان بەلاوە سەرنجڕاکێش بووە کە لە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقیدا بەشی پرۆژەی وشترمریان کردەوە.

رەحمانی پێیوایە کە بیرۆکەکەی وا لە جوتیارەکانی دیکەش دەکات بیرۆکەی داهێنەرانە لە بواری کشتوکاڵدا بخەنەکار، ئەو دەڵێت "بەشێک لە پرۆژەکەی ئێمە پشتگیریکردنە لە جوتیارەکانی دیکە بۆ ئەوەی کێڵگەی وشترمر دروست بکەن".

ئەو دەڵێت کە جوتیاران دەتوانن جووتێک وشترمر بە 700 دۆلار لە رەحمانی بکڕن و هەر لەلایەن خۆشییەوە پێداویستی ڤێتەرنەری و داودەرمانیان بەبێ بەرامبەر بۆ دابین دەکات. دوای حەوت مانگ رەحمانی ئامادەیە هەمان جووتە وشترمر بە 1400 دۆلار بکڕێتەوە. یان ئەگەر جوتیارەکە نەیەوێت وشترمرەکانی بفرۆشێتەوە ئەوا رەحمانی ئامادەیە بەرهەمی رۆن و پەڕی باڵندەکان بکڕێتەوە.

گەورەترین ئومێدی رەحمانی فرۆشتنی بەرهەمی رۆنی سروشتیی وشترمرەکانە. چەوری و شێی رۆنی وشترمر سوودێکی زۆری بۆ پێست و قژ هەیە و هەروەها دەکرێت بۆ چەندین دەرمان بەکاربهێنرێت. بۆ لە ناوبردنی ئازاری جومگە و ماسولکەکان سوودی زۆری هەیە و بۆ چارەسەرکردنی هەوکردن و برینیش بەکاردێت. خواردنی ئەو رۆنە بۆ چارەسەری کۆکە و دابەزاندنی کێش و کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵیش بەکاردێت.

رەحمانی هەروەها ئومێدی هەیە کە داهاتێکی لە فرۆشتنی پێست و پەڕی باڵندەکان دەستبکەوێت.

هاوسەرەکەی رەحمانی، هێلا کە بەڕێوەبەری بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی کێڵگەکەیە، دەڵێت گۆشتی تازەی باڵندەکان لە سوپەرمارکێتەکان کیلۆی بە 18 دۆلار دەفرۆشرێت و گۆشتی وشترمر دەکرێت بە چەندین شێوە بۆ خواردن ئامادە بکرێت.

رەحمانی و هاوسەرەکەی نایشارنەوە کە گۆشتی وشترمر لە بازاڕەکانی کوردستان نامۆیە و ماوەیەکی باشی دەوێت تاوەکو داواکاری لەسەر ئەو گۆشتە بەشێوەیەکی جێگیر دێتە ئاراوە.

هەرچەندە داهاتووی کێڵگەکەی زۆر روون نییە، بەڵام رەحمانی رەخنە و گومانی خەڵکی بەلاوە گرنگ نییە و دڵسۆزی تەواوی بۆ باڵندەکانی هەیە "دەبێت تەرکیزی خۆت بۆ وشترمرەکان تەرخان بکەیت".



بولەنت ئارنچ، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ (ڕووداو):

# BDP لەنێوان چەکوشی ئۆجەلان و بزماری قەندیلدایە




باکووری کوردستان هەتا بڵێی ڕۆژەڤە. لەلایەک پرۆسەی هەڵبژاردن بەردەوامە. دوای هەڵبژاردنی 30 ئادار، لە مانگی ئابی داهاتووش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار ئەنجام دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆی گەرم هەیە لەسەر ئەوەی کێ دەبێتە سەرۆک کۆماری تورکیا. مۆدێلی سەرۆکایەتی و نیوە سەرۆکایەتی، گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردن و پرۆسەی چارەسەری ئاشتیش هێشتا لە ڕۆژەڤدایە. ئەو پرسانە لەگەڵ بولەنت ئارنچ، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا گەنگەشە دەکەین.

هەڤپەیڤین: کەمال ئاڤچی

## پەیوەندیمان لەگەڵ ئۆجەلان بەردەوامە

**ڕووداو: ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان وا نیشان دەدات کە ڕێگا بۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیا کراوەیە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کۆماری تورکیا، بەڵام سەرۆک وەزیران هێشتا بە فەرمی ڕاینەگەیاندووە کە خۆی کاندید دەکات، بە بۆچوونی ئێوە ئەردۆغان خۆی کاندید دەکات؟**

**بولەنت ئارنچ:** ئێستا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ 7 ساڵ لەمەوبەر، ئەوکات لە 24ی نیساندا، ڕێزدار سەرۆک وەزیران خۆی ڕایگەیاند کە کاندیدی سەرۆک کۆماری تورکیا بەڕێز عەبدوڵڵا گویلە.

ڕۆژی 23ی نیسان چاوی بە من کەوت و ڕاوێژی لەگەڵ کردم، من هەر ئەو شەوە ئەوەم بە هەڤاڵانم ڕاگەیاند، ڕۆژی 24ی نیسان لە کۆبوونەوەیەکدا ڕامگەیاند کە برای هێژای من عەبدوڵڵا گویل کاندیدە. ئەوە حەوت ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێت.

دیسان ئێمە بەرەو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دەچین، سەرۆک وەزیران ئەوە 12 ساڵە بە سەرکەوتن و فیداکارییەکی گەورەوە وەزیفەی خۆی جێبەجێ دەکات. لە هەموو هەڵبژاردنەکان براوە بووە. بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی ئەم دواییە کە توانی 60%ی شارەوانییەکان بباتەوە.

لەو باوەڕەدام سەرۆک وەزیرانی ئێمە دوای 12 ساڵ، ئەگەر بخوازێت، دوای ئەوەی چاوی بە سەرۆک کۆمار دەکەوێت، ئەگەر بیرۆکەیەکی وەهای هەبێت، دەبێتە کاندید. بەڵام من دەتوانم بڵێم شەرت و مەرج هەن بۆئەوەی سەرۆک وەزیران ببێتە کاندید.

بەڕێز ئەردۆغان ئێستا پێویستی بە ڕاوێژکردنە لەگەڵ سەرۆک کۆمار و پەرلەمانتاران و دۆست و لایەنگران و ڕێکخستنەکانی AKP کە ئایا خۆی کاندید بکات یان نا، ئەگەر خۆی کاندید کرد ئایا ڕەوشی ئارامی و ئابووری تورکیا چی بەسەر دێت؟ ڕەوشی حیزب چی بەسەر دێت؟

**ڕووداو: دەرکەوتنی ئەردۆغان لە کۆشکی چانقایا، کاریگەری لەسەر دوارۆژی پارتەکەتان دەبێت؟**

**بولەنت ئارنچ:** نەخێر، هیچ ترسێک لەلای ئێمە دروست ناکات و هیچ کاریگەری خراپی لەسەر ئایندەی حیزب نابێت. لەبەر ئەوەی ئێمە پارتێکی ڕێکخراو و بە دەسپلینین. ئەوە سێ خولە بە تەنیا دەسەڵات دەگرینە دەست. زیاتر لە 300 پەرلەمانتارمان هەن. ئێمە بەشداریمان لە هەشت هەڵبژاردندا کردووە و لە هەر هەشتیان سەرکەوتوو بووین. ئێستا ئێمە 9 ملیۆن ئەندامامان هەیە کە نزیکەی 4 ملیۆنیان ژنن. نزیکەی 3 ملیۆن لە ئەندامانمان تەمەنیان لە 30 ساڵ کەمترە. ئێمە پارتێکین لە 81 شاری تورکیادا ئەندامامان هەیە.

ئێمە پارتی هەرێمێک و نەتەوەیەک نین، پارتێکی تورکین. پارتەکەی ئێمە بووەتە سازییەکی خاوەن بنکەی جەماوەری.

بێگومان کاتێک بەڕێز ئەردۆغان ببێتە سەرۆک کۆمار، پرسی وەکو ئەوەی کە پارتی ئێمە لەلایەن کێوە بەڕێوەدەبرێت تاوەکو هەڵبژاردنی گشتی لە 2015 گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. بەڵام ئێمە هیچ گرفتێکمان لەو ڕووەوە نییە، چونکە لە نێو پارتەکەماندا کادیری بەتوانامان زۆرن کە بتوانن ڕابەرایەتی ئەو پارتە بکەن.

**ڕووداو: ئەو پرسە لە نێو ڕای گشتی تورکیا زۆر قسەی لەسەر دەکرێت، لەو ناوەدا ناوی عەبدوڵڵا گویل دێت، ناوی ئێوە و هاوکارانی دیکەی ئەردۆغان دێت کە ببنە جێگرەوەی ئەردۆغان لە حکومەت و حیزب. ئێوە لەسەر چ فۆرمولەیەک ڕاوەستاون؟**

**بولەنت ئارنچ:** ئەو مەسەلانە لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار یەک بە یەک یەکلایی دەکرێنەوە. دەبێت ئەو وەزیفانە بە وەکالەت بەڕێوەببرێن. ڕێزدار سەرۆک کۆمار دەتوانێت وەزیفەی سەرۆک وەزیران تەسلیمی هەڤاڵێکی ئێمە بکات. دوای ئەوە موحەقەق کۆنگرەی گەورەی پارتی ئەنجام دەدرێت، ئەگەر سەرۆکی گشتی حیزب ببێتە سەرۆک کۆمار. دەبێ لە کۆنگرە لە نێو پارتیدا ڕێکخستنێکی نوێ هەڵبژێردرێت. ئەگەر لە هەڵبژاردنی 2015 سەربکەوین، ئەوکات حکومەت و سەرۆک وەزیر کە نوێنەرایەتی پارتەکەمان دەکات ببینن. من لەو باوەڕدا نیم لەو ڕووەوە کێشەیەکمان هەبێت.

**ڕووداو: قسە هەیە کە پەیڕەوی لە سیستمی هاوسەرۆکی بکەن، هەندێک لایەن دەڵێن سەرۆک وەزیر جیا بێت و سەرۆکی گشتی حیزبیش جیا بێت، شتی لەو بابەتە هەیە؟**

## قەندیل پێشکەوتنی پەیامەکەی ئۆجەلانی ڕاگرت

**بولەنت ئارنچ:** نەخێر، بیرۆکەیەکی لەو شێوەیە نییە. ئەمانە هەموو لە دەرەوەی حیزب قسەیان لەسەر دەکرێ، ڕێبازی ئێمە، ڕێبازی هاوسەرۆکی ڕاناگرێت. یان وەکو پێشینان گوتوویانە لە گوندێکدا دوو موختار نابن. لە شوێنێکدا دوو ڕاوێژکار نابن، دوو پارێزگار نابن، دوو سەرۆک شارەوانی نابن.

ڕاستییەکەی پەرلەمانتارانی BDP پێچەوانەی ئێمە پەیڕەو دەکەن، بەڵام ئێمە وەکو AKP وا بیر دەکەینەوە کە لەسەرتاسەری تورکیا هەر کەسێک خاوەنی یەک وەزیفە بێت. ئەگەر ئەوهاش نەبێت، کارەکان تێکەڵاو ببن، بۆشایی لە دەسەڵات دروست دەبێت. لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو قسەیە زۆر ڕاستە کە دەڵێت "لە گوندێک دوو موختار نابن".

لە ڕاستیدا لە پاکێجی دیموکراسیدا باسی ئەوە کراوە کە پارتەکان سیستمی هاوسەرۆکایەتی پەیڕەو بکەن. بەڵام تەنیا BDP ئەو سیستمەی بەکارهێناوە، ئێمە گوتمان هەر پارتییەک دەتوانێت ئەو سیستمە بەکاربهێنێت، بەڵام بۆ خۆمان بیرمان لێنەکردووەتەوە.

**ڕووداو: دەستووری نوێی تورکیا داخوازی زۆر لایەنی کۆمەڵگە بوو، هیوایەکی خستە نێو گەل..**

**بولەنت ئارنچ:** بێگومان، بەڵام پارتەکان هەموویان پشتگیرییان نەکرد.

**ڕووداو: وەکو AKP ئامادەکارییەکتان کردووە بۆ گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن؟ ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت حکومەت بەدوای تەرزێکی وادا دەگەڕێت کە بە دەنگێکی کەم زۆر بەدەست بێنێت. ئێوە بۆچی دەتانەوێت یاسای هەڵبژاردن بگۆڕن؟**

**بولەنت ئارنچ:** پێشتر گازاندە و ناڕەزاییان لەسەر ئەو مژارە هەبوو، ئێمە لەو باوەڕەداین هەرچەند دەنگ بهێنین، گەل ئێمە وەکو دەسەڵاتدار هەڵدەبژێرێت.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەوان لە ڕەوشێکی وەهادان کە مرۆڤ دڵی پێیان دەسووتێ، هیچیان نەیانتوانی ڕێژەی 30% بهێنن. هەندێکیان نەیانتوانی 10%ی دەنگەکان بهێنن.. خەیاڵە کە ئێمە هیوا بخوازین ئەوان ببنە دەسەڵاتدار، لەبەر ئەوەی ئەوان شوێنیان لە نێو گەلدا زۆر کەمە. لەبەر ئەوە چ جۆرە سیستمێکی هەڵبژاردن هەیە با هەبێت، ئەوان بەردەوام وا بیردەکەنەوە کە ناتوانن بەربەرستی 10% ببڕن و زەرەر دەکەن.

ئێستا پارتی نەژادپەرست، بۆ خۆی 10%ی کردووەتە ئامانج بۆ ئەوەی بگاتە پەرلەمان. ئەوی دیکەش لە شوێنی خۆی ڕازییە و وا بیردەکاتەوە ببێتە پارتێک کە دەنگەکانی لە نێوان 20% تاوەکو 25% بێت. بەڵام ئەگەر ئامانجی ئەوان دەسەڵات وەرگرتنە، دەبێت حیسابی ئەوە بکەن کە چ یاسایەک و سیستمێکی هەڵبژاردن پەیڕەو دەکرێت با پەیڕەو بکرێت. با ژمارەی پەرلەمانتارانیان زیاد بکەن، بەڵام ئەوان ئەوە چەندین ساڵە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، لە هەموویاندا دۆڕاون.

نزیکەی 25 ساڵە بەربەرستی 10%ی هەڵبژاردن لە تورکیا هەیە. ئێمە تەنیا 15 مانگ بوو دامەزرابووین کە بەشداری هەڵبژاردنمان کرد و توانیمان ئەو بەربەرستە تێپەڕێنین. ئێمە لەسەرجەم هەڵبژاردنەکان ئەو بەربەستەمان تێپەڕاندووە و لێی ناترسین.

ئێستا ئەوان لەو بەربەرستە ناڕازین و دەڵێن ئەو ڕێژەیە زۆرە و دەڵێن با ئەو بەربەستە نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو بەربەستە نەبێت سەقامگیری لە تورکیا زۆر زەحمەتە. لەبەر ئەوەی دەستوور دەڵێت "لە بەڕێوەبردندا دەبێت سەقامگیری و لە نوێنەرایەتی کردنیشدا دەبێت عەدالەت هەبێت". ئەگەر تورکیا بەرەو پارچە بوون هەنگاو بنێت، ئەوان دەگەڕێنەوە سەردەمی کوالیسیۆنی پێشوو کە ئەنجامەکەمان بینی.

ئێمە شەش مانگ لەمەوبەر، سێ پێشنیازمان پێشکەشی ئەوان کرد، ئەو سێ پێشنیازەمان کردە ڕۆژەڤی تورکیا. یەکەم: بەربەرستی 10%ی هەڵبژاردن بمێنێت. دووەم: بەربەست نەمێنێت، بەڵکو هەر 550 کورسییەکەی پەرلەمان بەسەر 550 هەرێمدا دابەش بکرێن. سیستمی هەڵبژاردنی هەرێمی بەرتەنگ پەیڕەو بکرێت. هەر کاندیدێک کە زۆرترین دەنگی هێنا لە هەرێمەکەی خۆی بەبێ بەربەرست ببێتە پەرلەمانتار.

سێیەم: ئەگەر ئەو پێشنیازەش قبوڵ ناکەن واتە سیستمی هەرێمی بەرتەنگ. ئێمە هەر هەرێمێک وەکو سێ یان پێنج هەرێم حیساب بکەین. لێرە بەندەکە بکەین بە 5 %. لە تەواوی تورکیا کێ 5%ی دەنگی هێنا، دەتوانێت لەو هەرێمانە هەرچەند دەنگی هێنا، ئەوکات بە گوێرەی ئەو دەنگانە کاندیدی دەربچن، بەڵام بەداخەوە ئەو پارتانە دەیانەوێت بەهیچ شێوەیەک بەربەست نەمێنێت. ئەوەش مومکین نییە و ئێمە قبوڵی ناکەین.

**ڕووداو: پرۆسەی چارەسەری دیموکراسی هەتا ئێستا بەردەوامە، نزیکەی ساڵێک زیاترە هیچ جەنازەیەک نابینین، لە نێو ڕای گشتی پشتگیرییەکی گەورە بۆ ئەو پرۆسەیە هەیە، ئەو پرۆسەیە ئێستا چۆن بەڕێوەدەچێت و بەربەستەکانی بەردەمی چین؟**

**بولەنت ئارنچ:** نزیکەی 15 مانگە پرۆسەی چارەسەری لەنێو خەڵکدا قسەی لەسەر دەکرێت و وەڵامی خۆی وەرگرتووە. ئیدی فرمێسک نارێژرێن. چەک بێدەنگ کران. ڕووداوی هێرشکردنە سەر قەرەقۆڵەکان. تەقینەوەی مین، هێرشی نێو شارەکان. ئەو ڕووداوانەی دەبنە هۆی کوشتنی کچەکان و کوڕەکان و منداڵان و چالاکی گەورەی چەکداری ئیدی نابینین.

بۆیە ئێمە هەموومان سوپاسی خودا دەکەین، ئومێدەوارین ئەو بارودۆخە ئارامە هەروا بەردەوام بێت و گفتوگۆ لەسەر بۆچوون و سیاسەت بەرفراوانتر بێت.

ئێمە وەکو حکومەت هەر ئەرکێکمان لە ئەستۆدا بێت دەیکەین، لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی پەیوەندی لەگەڵ ئۆجەلان بەردەوامە. دوای پەیامی ئەو لە نەورۆزی ئەمساڵدا چەند پێشڤەچوونێک پێکهاتبوون، بەڵام ئەو پێشکەوتنانە لەلایەن قەندیلەوە ڕاگیران. تەنیا 5%ی چەکدارەکان چوونە دەرەوەی سنووری تورکیا.

**ڕووداو: پێتوایە پەیامەکەی ئۆجەلان شوێنی خۆی نەگرت؟**

**بولەنت ئارنچ:** بێگومان، چونکە ئێمە دەزانین لە پەیامی ئۆجەلان لە نەورۆزدا، کە لەلایەن سری سورەییا ئۆندەر و پەروین بوڵدان خوێندرایەوە گوتی "ئیدی با چەک بێدەنگ بێت، توندوتیژییەکان ڕابگرن، ئیدی با سیاسەت قسە بکات و ئێوە بچنە دەرەوەی وڵات، ئیدی هێزی چەکدار لە تورکیا نەمێنێت". ئەوان بەپێی ئەو پەیامەی ئۆجەلان دەستیان بە کشاندنەوەی هێزەکانیان کرد بۆ دەرەوەی سنوور.

ئێمە دەزانین کە لێدوانەکانی قەندیل یان بێدەنگکردنی چەکەکان درێژەی هەیە، بەڵام هەڕەشەکان بەردەوامن، یان هەندێک کەس جارجار دەڵێن ئەوان لە فلان کات دەست بە چالاکی دەکەنەوە. ئەگەر وا نەکرێت، ئێمە وا دەکەین. کەسانێک کە لێدوانی توند دەدەن هێشتا هەر ماون. بەڵام هێشتا ئۆجەلان کاریگەری لەسەر ڕێکخستنەکان و پەرلەمانتارانی BDP هەیە.

**ڕووداو: ئێوە هەڵوێستی BDP چۆن دەبینن. دەبێت BDP چۆن پشتگیری پرۆسەی چارەسەری بکات؟**

**بولەنت ئارنچ:** BDP لە نێو هاتن و چوونێکدایە، یان ڕوونتر بڵێین لە نێوان ناڵ و بزماردایە، یان لە نێوان چەکوشی ئۆجەلان و بزماری قەندیلدایە. من وەهای دەبینم. زۆر شت کە هەڤاڵانی ئێمە دەتوانن لە نێو سیاسەتی تورکیا زیادی بکەن هەن. من دەزانم کە زۆربەیان پشتگیری پرۆسەی ئاشتی دەکەن بە لێدوان و هەوڵەکانیان. بەڵام لە نێو ئەواندا بە تایبەتی ئەوانەی لایەنگری توندوتیژین، ئەوانە بەرپرسانی چەکدار لەقەندیل چ بڵێن، پشتگیری دەکەن.

من دەزانم زۆر لە هەڤاڵانی BDP لەو باوەڕەدان جگە لە پرۆسەی چارەسەری، هیچ ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم تورکیادا نییە و دەیانەوێت ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی ئەرێنی بگاتە ئەنجامی خۆی.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## چۆپی دەچێتە جەزیرەی بۆتان



**میوا سەلاح – هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد چۆپی فەتاح داوەتکراوە بۆ فێستیڤاڵی جەزیرەی بۆتان لە باکووری کوردستان بۆ سازکردنی کۆنسێرتێکی گۆرانی. چۆپی لەبارەی ئەو فێستیڤاڵە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 15ی ئەم مانگە بەشداری فێستیڤاڵی جەزیرەی بۆتان دەکەم کە زیاتر لە 50 هەزار کەس ئامادەی دەبێت و من چەند گۆرانییەکی سۆرانی و کرمانجی پێشکەش دەکەم". گوتیشی "ئەو فێستیڤاڵە ساڵانە سازدەکرێت و چەندین هونەرمەند بەشداریی تێدا دەکەن، جگە لە گۆرانی چەندین تابلۆی هەڵپەڕکێی تێدا نمایش دەکرێت".



# فیلمێکی کوردی ئەڵمانەکان تووڕە دەکات

**یادۆ جوان**
**ڕووداو- بەرلین**

فیلمێکی کوردی کە باس لە ڕەگەزپەرستیی ئەڵمانەکان دەکات بەرامبەر پەنابەرانی وڵاتەکەیان، نیگەرانیی ئەڵمانەکانی لێدەکەوێتەوە.

هەفتەی ڕابردوو فیلمی "گاف" کە لە دەرهێنانی دەرهێنەری کورد چەپۆ گەوەزە، لە هۆڵی سینەمای ئایستسایت لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا نمایش کرا. ناوەڕۆکی فیلمەکە ئاماژە بۆ نەژادپەرستیی ئەڵمانەکان دەکات بەرامبەر خەڵکی بیانی و پەنابەران. دوای نمایشکردنی فیلمەکە گفتوگۆیەکی گەرم لە نێوان دەرهێنەری فیلمەکە و بینەرە ئەڵمانەکان هاتەئاراوە.

ئەڵمانەکان پێیانوابوو کە ئەوان لە فیلمەکەدا وەکو کەسانی نەژادپەرست پێشاندراون و لە جیاتی ئەوەی کە دەرهێنەر هەوڵبدات کۆمەڵگەی ئەڵمانیا و بیانییەکان لە یەکدی نزیکبکاتەوە، بەپێچەوانەوە کاری کردووە و ئازاری زۆری بە خەڵکی ئەڵمان گەیاندووە.

چەپۆ گەوەز لەوبارەوە گوتی کە بۆخۆی ئەو شێوازەی هەڵبژاردووە و لەڕاستیدا نەژادپەرستیی ئەڵمانی هێشتا لەوە زیاترە. گەوەز لە فیلمەکەدا ڕۆڵی ئەڵمان و بیانییەکانی گۆڕیوە. بیانییەکان لە فیلمەکەدا دەسەڵاتدارن و ئەوەی لە واقیعدا ئەڵمانەکان بەرامبەر بیانییەکانی دەکەن، لەو فیلمەدا بیانییەکان بەرامبەر ئەڵمانەکانی دەکەن.

چەپۆ گەوەز لەو فیلمەدا باسی خێزانێکی کورد دەکات کە هەموویان نەخۆشی دەروونییان هەیە، بەردەوام لەگەڵ یەکدی کێشەیان هەیە. بەڵام لە کۆتاییدا بەسەر ڕەوشە ناخۆشەکەدا زاڵ دەبن.

چەپۆ دەڵێت "ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە، ڕووبەڕووی خەڵکی دیکەی بیانیش دەبنەوە. بەڵام ئەڵمانەکان بێ هەڵوێستن، بێدەنگن بەرامبەر نەژادپەرستی. ئەڵمانەکان ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت دەیانەوێ هەموو ئەو بیانیانە دەربکەن. باسی ئەم بابەتە ناکرێت، بۆیە منیش ویستم پێشانی خەڵکی ئەڵمانی بدەم کە قوربانی و ئازادی چییە. بۆیە من تێدەگەم ئەوان بۆچی حەزیان لە فیلمەکەی من نەکرد. پەنابەران ئەکتەری سەرەکین و ئەڵمانەکانیش کۆمبارسن."

### فیلمەکە 2300 یورۆی تێچووە

چەپۆ گەوەز کە یەکەم فیلمی خۆی بەناوی "چەرخ" بە تەنیا 200 یورۆ دروستکرد، ئەم فیلمەشی بە هاوکاریی شانۆکارانی کورد و ئەڵمان بە 2300 یورۆ دروستکرد. ئەو فیلمە کە ئێستا بەشداری فێستیڤاڵی فیلمی کوردی دەبێت لە لەندەن، بڕیارە لە زۆر فێستیڤاڵی دیکەشدا بەشداربێت. تەواوکردنی فیلمەکە تەنیا ماوەی 4 هەفتەی خایاندووە.

### "کە سەیری فیلمە کوردییەکان دەکەم هەناسەم نامێنێ"

دەرهێنەری کورد، چەپۆ گەوەز بەمشێوەیە باسی ڕەوشی سینەمای کوردی و ئەو فیلمە کوردیانە دەکات کە تاوەکو ئێستا دروستکراون: "من سەیری ئەو فیلمە کوردییانە دەکەم کە دروست دەکرێن. بەڵام کە سەیریان دەکەم هەناسەم دەپچڕێت. چونکە هیچ فەلسەفەیەکی تێیدا نییە. یان فیلمەکانیان بە تورکی دروستدەکەن یانیش بێدەنگن. دیالۆگیان تێیدا نییە. هەندێکجار بۆ نیو کاژێر دیالۆگ لە فیلمەکەدا نییە. پڕۆپاگەندەیەکی بێ هەماهەنگییان تێدایە. نە دیمەن و نە زمانی کوردی دەزانن و تێدەگەن. ئەو بەڕێزانە کێشە و ئازاری کورد، هەژاری و نەداری پێشاندەدەن، بەڵام چارەسەری بۆ نادۆزنەوە".

هەروەها دەڵێت "لە فیلمەکاندا پیاوێک پێشاندەدەن کە چۆن ئازار دەچێژێت. دەرهێنەرەکە لێرە لە جێگەی بینەردایە و پێویستە چارەیەک بۆ ئازاری ئەو پیاوە پێشان بدات. ئەوانە هەوڵدەدەن دراما دروستبکەن. بەڵام چیت پێشاندا ئەو دەبێتە ژیان."

چەپۆ گەوەز ئامۆژگاری سینەماکارانی کورد دەکات و دەڵێت "ئەوانە دەبێ لە فیلمەکانیاندا زمانی کوردی بکەنە زمانی سینەما و ئەکتەرەکانیان بە زمانێکی پاک دیالۆگ بکەن".

### ڕەخنەی لە یڵماز ئەردۆغان و مەحسون قرمزگول هەیە

چەپۆ گەوەز باسی سینەمای یڵماز ئەردۆغان و مەحسون قرمزگول دەکات و ڕەخنەی توندیان ئاراستە دەکات. گەوەز پێیوایە کە فیلمەکانیان لە لایەنی تەکنیکییەوە سەرکەوتوون، بەڵام دەڵێ "من سەیری فیلمەکانیان دەکەم، بەڵام با لێم دووربن. ئەوان بەسەرهاتی کوردی تێکدەدەن و دەیفرۆشن. ئەوان وەکو سینەما زیرەکن. بەڵام فیلمەکانیان بێ ناوەڕۆکن و هەستیان تێدا نییە. بۆیە دڵم ساردە و حەزیان لێناکەم. لە کۆتاییدا ئەوەی بەرگری لە کورد و سینەمای کوردی بکات، سەردەکەوێت. ئەوان دەڕۆن و ئێمە دەمێنین."



دەرهێنەری کورد چەپۆ گەوەز

# لێ دنێ ستایلێکی تازە دێننە نێو گۆرانی کوردی

## گارە سازکار: پێش ئەم ستایلەمان منداڵەکانی خۆشم گوێیان لە گۆرانی کوردی نەدەگرت



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

سێ هونەرمەندی کورد بەسێ شێوازی جیاواز پێکەوە گۆرانی دەڵێن کە زیاتر بە گۆرانی "وەرە وەرە" ناسراون. گارە و ڕەوان و سام گرووپێکیان دامەزراندووە بەناوی "لێ دنێ" و دەیانەوێت بەو ستایلە ڕووی گوێگرانی کورد لە گۆرانی بیانی بۆ گۆرانی کوردی وەربگێڕن.

ئەم گرووپە بە ماوەیەکی کەم بەرهەمەکانیان ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کرد، بە تایبەتی لە نێو گەنجاندا کە زۆرجار گۆرانییەکانی ئەو گرووپە دەڵێنەوە، بەڵام کەم کەس هەیە بزانێت ناوی ئەم گرووپە لە چییەوە هاتووە.

### لێ دنێیە نەک لێدینێ

گارە سازکار، سەرۆکی ئەم گرووپە لەبارەی ناوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "هەتا ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی نازانن بەباشی و دروستی ناوی گرووپەکەمان بێنن، زۆر کەس هەیە ناڵێت لێ دنێ دەڵێت لێدینێ. ماناکەشی واتا هاتینە دونیایەکی نوێ، یان لەو دونیایەدا، بەواتایەکی دیکەش بە ستایلێکی نوێ و جلوبەرگێکی نوێ، هەموو شتێکی نوێ". گوتیشی "گۆرانی ئینگلیزی، کوردی بە هەموو زاراوەکانی، دێنینە دونیا، بۆیە مەبەستمان لە ناوەکە ئەمانە بوو کە بۆ هەموو دونیا دەبین، لە داهاتووشدا بە هەموو زمانەکان گۆرانی دەڵێین".

### بە سێ ستایل کار دەکەن

گارە هەروەها دەربارەی ستایلی گرووپەکەی گوتی "بە سێ ستایل کار دەکەین، ستایلەکەشمان ڕاپ و پۆپە و منیش گۆرانی کوردی دەڵێم، بە ڕای خۆشمان کارەکانمان تا ئێستا سەرکەوتوو بووە، خەڵکیش بە تایبەت لە ئەورووپا زۆر حەزیان لە ستایلی ئێمەیە".

سەبارەت بەو گۆرانییە فۆلکلۆریانەی کە ئەوان بەشێوازێکی نوێ دایدەڕێژنەوە ئایا میلۆدییە ڕەسەنەکەی تێکنادەن؟ گارە دەڵێت "من کە گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێمەوە نایگۆڕم، گۆرانی تازەش وەک خۆی دەڵێین و باش دەیپارێزین، وشەی کوردی دەپارێزین، من کۆمەڵێک شتی کوردی دیکەشم لایە کە تا ئێستا نەمگوتووە، پێشان کە بەتەنیا گۆرانی کوردیمان دەگوت باوەڕ بکە کەس گوێیان بۆ نەدەگرتین هەتا منداڵەکانی خۆشم گوێیان لێ نەدەگرتم، بەڵام ئێستا جیاوازە، لەبەر ئەوەی گۆرانی ئینگلیزی و کوردی تێکەڵ دەکەین زیاتر خەڵک گوێی لێدەگرێ".

گارە دەربارەی نوێترین ئەلبوومی خۆی کە تازە بڵاوبووەتەوە و لە 13 تراک پێکهاتووە، گوتی "ناوی سیدییەکەمان نا هەمەڕەنگ، چونکە هەمەڕەنگە، گۆرانی کوردی بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی، گۆرانی ئینگلیزی تێدایە، فۆلکلۆری کوردی تێدایە، ڕاپ و پۆپی تێدایە، لە میوزیک ماندۆلیمان بەکارهێناوە".

### دانیمارکییەکان گوێیان لێدەگرن

سام سندی، 26 ساڵ، کە ئەندامێکی گرووپەکەیە، دەڵێت کارەکانیان سنووری کوردستانی بڕیوە. ئەو باسی کاری خۆی لەو گرووپەدا دەکات و دەڵێت "سەرەتا لەگەڵ ڕەوان کارمان دەکرد، ئەو میوزیکی لێدەدا و منیش تێکستم دەنووسی، جگە لەوە کارمان بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە کردووە لە ئەورووپا، خەڵکی دانیمارکیش زۆر حەز بە گۆرانی و میوزیکەکەمان دەکەن و گوێی لێدەگرن".

سام سندی بە ستایلی ڕاپ گۆرانی دەڵێت، ئەو لەبارەی ستایلەکەیەوە دەڵێت "زۆر حەز لەو ستایلە دەکەم، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاپەوە دەتوانێت زۆر شت بگەیەنێت و چیرۆکێک باس بکات، یان ئەو شتانەی لە ناو دڵیەتی باسی بکات".

ڕەوان دیکۆ، ئەندامی سێیەمی ئەو گرووپە وەک خۆی دەڵێت تەمەنی تەنیا 3 ساڵ بوو کە تەپڵی لێداوە، کە تەمەنیشی بووەتە 7 ساڵ فێری لێدانی پیانۆ بووە، دواتریش فێری ئامێری ساز و گیتار بووە، بەڵام دەڵێت "پیانۆ خۆشەویستترین ئامێری میوزیکە لەلام".

ڕەوان سەبارەت بە ستایلی خۆی گوتی "ستایلی من پۆپ و ڕۆکە و بۆ من زۆر خۆشە، چونکە دڵی مرۆڤ ڕازی دەکات، زۆریش کاریگەری لەسەر مرۆڤ دەبێت کە گوێی لێدەگرێت، کاتێک باوکم فێری گۆرانی کردم زۆر ستایلم هەبوو، بەڵام لەناویاندا پۆپم هەڵبژارد بۆ ستایلی خۆم، دوای ئەوەی کە گۆرانی کوردیمان تێکەڵ بە پۆپ و ڕاپ کرد زۆر خۆشبوو، پاشان هێواش هێواش ستایلی خۆمان کردە هەمەڕەنگ".



لەگەڵ ئەم گرووپە دەشنێ موراد گۆرانییەکی هاوبەشی تۆمارکردووە، دەبێ بۆچی دەشنێ مورادیان هەڵبژاردبێ؟ ڕەوان گوتی "چونکە دەشنێ هونەرمەندێکی گەورەیە و جوانە و دەنگی خۆشە و ستایلی ئەویش زۆر نزیک بوو لە ئێمە، کە گۆرانی (take me home)مان بڵاوکردەوە زۆر جوان بوو کە ئەو دوو ستایلە تێکەڵ بکەین".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## پارتی: جگە لە بەریتانیا لە دەرەوەی وڵات یەکەمین

**ڕووداو- هەولێر**

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێ، جگە لە بەریتانیا، لە دەنگدانی دەرەوەی وڵات لە هەموو شوێنەکان یەکەمین. هێمن هەورامی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمی حیزبەکەی ڕاگەیاندووە، پارتی لە دەنگدانی دەرەوەی وڵات، جگە لە وڵاتی بەریتانیا لە هەموو وڵاتانی دیکە یەکەمن. هەورامی پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو "پێشبینی دەکەین کورد 2-3 کورد لە دەرەوە بەدەستبهێنێت".



### لە 7ی ئەم مانگەوە دەنگدانی پەرلەمانی ئەوروپا دەستپێدەکات

# حیزبەکانی سوێد پشتیان بە ڕۆژنامەنووسانی کورد بەستووە

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

کۆتایی ئەم مانگە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا دەستپێدەکات و ڕەوەندی کوردیش تەنیا لە سوێد پێنج کاندیدی هەیە، بۆیە پێدەچێت ئەوان بە جۆش و خرۆشتر لە کوردی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، تەنیا لە سوێد 75 هەزار هاووڵاتی کورد کە وڵاتینامەی سوێدییان هەیە، مافی دەنگدانیان هەیە لەو هەڵبژاردنەدا. پێنج کوردیش لەسەر لیستی پارتەکانی سوید، خۆیان بۆ پەرلەمانی ئەوروپا کاندید کردووە.



## ئاگایان لە هەڵبژاردنەکە نییە

مەلیحە مەجید، 61 ساڵ، کە پێشتر مامۆستا بووە لە کوردستان و نزیکەی 35 ساڵە لە سوید دەژی، هیچ زانیارییەکی لەبارەی هەڵبژاردنەکان نییە. مەلیحە لە نێردراوی (ڕووداو)ی پرسی "کوردی تێدایە؟". هەروەها هەژار ئەنوەر، 48 ساڵ کە زیاتر لە 10 ساڵە لە سویدە، گوتی "یەکەمجارە هەڵبژاردنی ئەوروپا دەبیستم".

زۆرینەی کوردی تاراوگەنشین، بەتایبەت ئەوانەی خەڵکی باشوورن، یان زانیارییان نییە لەبارەی ئەو هەڵبژاردنە، یان بایەخی پێنادەن. ماهیر کە خۆی پێشتر کادری پارتێکی کوردستانی بووە، گوتی "هیچ لە مەسەلەی ئێمە ناگۆڕێت و تەنیا کات گرتنە". گوتیشی "زۆربەی کاندیدەکان بۆ بازاڕکردن ئەمە دەکەن و دەزانن کە دەرناچن، ئەوان بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان وا دەکەن و دەیانەوێت پۆست لای یەکێتی و پارتی وەربگرن".

کاندیدەکان ترسی خۆیان لە بێئاگایی کورد لەو هەڵبژاردنە ناشارنەوە. جەبار ئەمین، کاندیدی پارتی ژینگەی سوێد بۆ پەرلەمانی ئەوروپا دەڵێت "مێدیای کوردی زۆر گرنگە ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەدا هەبێت".

ڕۆژی 7ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا دەستپێدەکات، لە کتێبخانە و هەندێک شوێنی خزمەتگوزاری دەتوانی دەنگ بدەی، یان لەڕێگەی ئەو پۆستەی بۆت دێتە ماڵەوە. ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانن فۆرمەکە وەربگرن. یان کەسێک بکەنە وەکیلی خۆیان لەو وڵاتەی لێی بوون. بەڵام لە 25ی مانگ هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە دەنگ بدەن.

شەماڵ، 28 ساڵ کە سەرقاڵی دەنگدان بوو بۆ پەرلەمانی عێراق، بە سەرسوڕمانەوە لە خەڵکی دەڕوانی کە پەنجەیان مۆر دەکەن و ڕەسم دەگرن. ئەو گوتی "ئەمە جیاوازیی ئێمە و ئەوروپییەکانە". هەروەها گوتی "ئەمە شەرمە و من هەست بە سووکایەتی دەکەم، ئەوە لوتکەی بێ متمانەییە بە ئێمەی دەنگدەر".

## دووجار پەنابەرن و نازانن چۆن دەنگ بدەن

ژمارەیەکی زۆری کوردی سوید ئێستا چوونەتە وڵاتانی دیکە و بەشێکی زۆریشیان گەڕاونەتەوە کوردستان. ئەوان زۆربەیان وەکو پەنابەر هەڵسوکەوت دەکەن و ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە بگونجێننەوە. بەڵام ناشزانن کە مافی دەنگدانیان هەیە. ئەوان لەم هەفتەیەوە مافی دەنگدانیان هەیە. ڕاسان دەڵێ "حەز دەکەم بەشداری بکەم بەس نازانم چۆن". هێمن ڕەزاش گوتی: "نەمزانیوە مافی دەنگدانم هەیە و نامەوی دەنگم بفەوتێ".

ئەگەرچی فەرمانگەی هەڵبژاردنی سوێد ڕێنمایی بۆ ئەو هاووڵاتییانە بڵاوکردووتەوە، بەڵام لەڕێی باڵیۆزخانەکانیەوە ئاسانکاری نەکردووە. جەبار ئەمین گوتی "من زۆر چاوم لە سوێدییەکانی ئێرەیە و لەگەڵ حکومەت قسەم کردووە".

## پارتەکانی سوید چاویان لە ڕۆژنامەنووسانی کوردە

هەروەک ئەزموونی کوردستان، زۆر لە پارتەکانی سوێد چاویان بڕیوەتە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی کورد لە سوێد.

کوردۆ باکسی کە نووسەرێکی بەناوبانگی کوردە، کاندیدی پارتی ژینگەیە. باکسی نکۆڵی لەوە نەکرد کە ناوبانگی لە بواری نووسین هۆکاری کاندیدکردنی بووبێت، بەڵام گوتی "خۆ ئەمە تاوان نییە، بەڵکو گوزارشت لە عەقڵی ئەو پارتە دەکات کە لەسەر بنەمای نووسین و کتێبەکانم کاندیدم بکات".

بەڵام نووسەرێکی دیکەی کورد بۆچوونی جیاوازی هەیە. ئەرکان ئەسەد کە نووسەرێکی ناسراوی گەنجی کوردی سویدە، لەلایەن زۆر لە پارتەکانەوە داوای لێکراوە خۆی کاندید بکات، بەڵام دەڵێت "ڕەتمکردووەتەوە، لەم قۆناغەی ژیانم هەڵەی وا ناکەم".

ئەو گوتی: "نزیکبوونەوە لە پارتێکی سیاسی درۆی ڕابردووت زیندوو دەکاتەوە". چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەو خوێنەرانەی شەیدای کتێبەکانم بوون، دواتر وەک درۆزنێک سەیرم دەکەن".

مایکل بورو لە پارتی چەپ لەوبارەیەوە گوتی "هەموو پارتێک بەدوای کەسی زیرەکدا دەگەڕێت و ڕەنگە ڕۆژنامەنووس یەکێک بێت لەوان". بەڵام گوتیشی "ناکرێ هەم ڕۆژنامەنووس بیت و هەم سیاسەتیش بکەیت".

# دالی لە چوار وڵات جێی نابێتەوە



**زنار ئالا**
**ڕووداو- مەدرید**

کاتێک ئازاد گوێی لەناوی دبلن دەبێت، وەک خۆی دەڵێت خەریکە "شێت" دەبێت. ئەو پەیماننامەیەی نێوان وڵاتانی بازنەی یەکێتی ئەوروپا وایکردووە کە هەموو هەوڵ و کۆششەکانی بە فیڕۆ بچن بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە چوار وڵاتی نێو یەکێتی ئەوروپا.

ئازاد دالی، 28 ساڵ، لە دایکبووی شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستانە. بەهۆی خراپی ڕەوشی ژیانی چەند ساڵێک لەمەوبەر چووەتە لوبنان و لەوێ ماوەیەک بە کاری بیناسازییەوە خەریکبووە، دواتر دەچێتە جەزائیر و لەوێ کاری بیر هەڵکەندن دەکات و دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دەچێتە مەغریب و دووساڵیش لەوێ دەمێنێتەوە، ئینجا بڕیار دەدات ڕوویکاتە وڵاتێکی ئەورووپی و بە پاسپۆرتێکی ساختە خۆی دەگەیەنێتە شاری سەبتای ئیسپانیا.

ئازاد سەرەتا لە کەمپێکی پەنابەران دادەنرێت و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ شاری ڤالانسیا. ئێستا کە لە شاری مەدریدە، لە قاوەخانەیەکی گەڕەکی لاڤاپێز چیرۆکی خۆی لەبارەی داواکردنی مافی پەنابەری بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە.

## چوار وڵات مافی پەنابەری نادەنێ

هەر لە سەرەتاوە کاربەدەستانی ئیسپانیا هۆشدارییان دایە ئازاد کە وڵاتەکەیان جێبهێڵێت، چونکە مافی پەنابەری نادەنێ "کارتێکی زەردیان دامێ بۆ ئەوەی تەنیا 6 مانگ لە ئیسپانیا بمێنمەوە، دواتر داواکاریم بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری ڕەتکرایەوە و گوتیان دەبێ لە هەموو خاکی ئەوروپا دەربچیت".

بەڵام ئازاد لە ئیسپانیا مایەوە بە ئومێدی ئەوەی سوود لەو یاسایە وەربگرێت کە مافی مانەوە و کار دەداتە ئەوانەی ماوەی سێ ساڵ بەشێوەی نایاسایی لە ئیسپانیا دەمێننەوە.

ئازاد لەو ماوەیەدا هەوڵی دابوو چانسی خۆی لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا تاقی بکاتەوە، ساڵی 2009 ڕووی کردە ئەڵمانیا و داوای مافی پەنابەری کرد. بەڵام پۆلیس بەهۆی پەنجەمۆرەوە ئاشکرایان کرد کە پێشتر لە ئیسپانیا داوای مافی پەنابەری کردووە. بۆیە ماوەی دوو مانگ لە ناوەندێکی داخراوی پەنابەراندا مایەوە تاوەکو ڕازی بوو جارێکی دیکە پێشوازی لێبکاتەوە "کاتێک گەیشتمە فڕۆکەخانەی مەدرید، پۆلیس منی ئازادکرد و گوتیان بۆ کوێ بڕۆی ئازادی."

بەهۆی بێئومێدیی ئازاد لە وەرگرتنی مافی پەنابەری لە ئیسپانیا، ئەمجارە بە پاسپۆرتێکی ڕۆمانی و بە پاس ڕوویکردە دانیمارک، بەڵام ئەم هەوڵەشی سەری نەگرت و بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو خرایە زیندانەوە "زیندانێکی ناخۆش بوو. منیان لەگەڵ تاوانباران دانابوو. بۆیە 20 ڕۆژ مانم گرت، لەکۆتاییدا دووبارە منیان گەڕاندەوە ئیسپانیا."

ئازاد نەیتوانی سوود لە یاسای سێ ساڵ مانەوە لە ئیسپانیا وەربگرێت. چونکە نەیتوانیبوو نووسراوی پاکانە لە دادگای سووریا پەیدابکات، لەبەر ئەوەی خزمەتی سەربازی نەکردبوو.

ئازاد لە دوا هەوڵەکانیدا بەختی خۆی لە سویسرا تاقیکردەوە "لە بێرن ڕاشکاوانە گوتم کە من لە سێ وڵاتی دیکە داوای مافی پەنابەریم کردووە و ڕەتکراوەتەوە. ئەوانیش باسی پەیمانی دبلنیان بۆ کردم. من کە ناوی دبلن دەبیستم شێت دەبم. پێمگوتن ئێوە دبلنتان دروستکرد بۆ ئەوەی زوڵم لە پەنابەران بکەن."

"دبلن 2" پەیمانێکی ئەوروپییە و بەگوێرەی ئەوە، ئەو پەنابەرانەی پێشتر داوای مافی پەنابەرییان لە وڵاتێکی ئەورووپی کردووە، ناتوانن داوای مافی پەنابەری لە وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەوروپا بکەن و دووبارە دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی یەکەمجار لێی بوونە.

## لەناو فڕۆکە دەیبەستنەوە

ئازاد بۆ ماوەی حەوت مانگ لە کەمپێکی پەنابەران لە سویسرا دەمێنێتەوە، بەڵام وەڵامێکی نەرێنی وەردەگرێت. دواتر لە کەمپ دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی کاخەزی گەڕانەوەی بۆ مەدرید دروست بکەن. ئازاد بڕیارەکەی ڕەتکردەوە، بەڵام ئەویان بە زۆر ڕەوانەی ئیسپانیا کرد "منیان بردە بەردەم فڕۆکە. بەڵام سوارنەبووم و دووبارە منیان گەڕاندەوە بۆ زیندان و دوو مانگ لەوێ مامەوە. دواتر چوار پۆلیس هاتن و بە کەلەپچەکراوی بردمیانە نێو فڕۆکە و لە کورسییەک بەستیانمەوە. فڕۆکەوانەکە ئیسپانی بوو. پێمگوت من لەنێو فڕۆکەدا کێشەت بۆ دروست دەکەم و هەموو کەلوپەلەکان دەشکێنم. بەڵام گوێیان لێنەگرتم".

بۆ ئەو پەنابەرە سووریانەی ئێستا ڕوو لە ئیسپانیا دەکەن، وەرگرتنی مافی پەنابەری زۆر ئاسانە. بەڵام ئەو مافە بە ئازاد دالی نادرێت. ئەو ئێستا لە کەبابخانەیەک کار دەکات. ئێستا چاوەڕێی وەرگرتنی کاخەزەکانی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە دەرەوەی ئیسپانیا کاربکات.



### پێنج مامۆستای خۆبەخش وانەکان دەڵێنەوە

# لە هۆڵەندا کۆرسی زمانی کوردی دەخوێندرێت

**ئاشتی عومەر سندی**
**ڕووداو- هۆڵەندا**


لە شاری گرۆنینگێنی هۆڵەندا، ماوەیەکە ناوەندی هاوکاری کوردی- هۆڵەندی کۆرسی زمانی کوردی بە منداڵی کورد دەڵێتەوە. پێنج مامۆستا، هەفتانە یەک ڕۆژ ئەم کارە بەشێوەیەکی خۆبەخش دەکەن کە دوو قوتابی هۆڵەندیش لەنێو بەشداربووانی کۆرسەکەدان.

ئەوان کۆمەک لە هیچ لایەک وەرناگرن، بێجگە لە هاریکارییەکی بچووک لە شارەوانی گرۆنینگێن. توانا تەوێڵەیی، بەڕێوەبەری ناوەندی هاوکاری کوردی- هۆڵەندی و مامۆستای وانەی کوردی بە (ڕووداو)ی گوت کە ماوەی دوو ساڵە دەستیان بە کۆرسی زمانی کوردی کردووە. بەڵام دوای ماوەیەک لە دەستپێکردنی، کۆرسەکە لەبەر چەند هۆکارێک بۆ ماوەیەکی کورت ڕاگیرا. ئەو پێنج مامۆستایە بڕیاریاندا بەشێوەیەکی خۆبەخش بەردەوامی بە کۆرسەکە بدەن و قوتابیان فێری زمانی کوردی بکەن.

قوتابیان بەسەر دوو کۆرسدا دابەشکراون. کۆرسێک بۆ قوتابی تەمەن 5 تاوەکو 11 ساڵان. کۆرسێکی دیکەش بۆ قوتابی تەمەن 12 تاوەکو 18 ساڵان کە دوو لە قوتابییەکانیان هۆڵەندین.

ئەو مامۆستایانەی وانەی کوردی پێشکەش دەکەن بریتین لە پەری عەبدولڕەحمان، سامان قەڵادزەیی، دێرین هەڵەبجەیی و جەبار شوان.

تەوێڵەیی داوا لە هەموو دایک و باوکێکی کورد دەکات کە منداڵەکانیان ڕەوانەی کۆرسی زمانی کوردی بکەن و گوتی ئەم کۆرسە سوودی زۆر بە منداڵەکانیان دەگەیەنێت. بەتایبەتی کە دوور لە وڵات و کەلتووری خۆیان دەژین و دەڵێ "نامانەوێ لەو وڵاتانەدا ون ببین".


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on
the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures
Falcon Group is comprised of several companies, including
- Falcon Security
- Falcon Construction
- Falcon Agriculture
- Falcon Oil & Gas
- Falcon Batch Plant
- Falcon Demining
- Falcon German Trading
- Falcon Transportation
- Falcon Logistics
- Full Service
- Brayati Construction
- Quesco Turbo Machinery Services
Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3
Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com


TOYOTA
بە دڵنیایی
ببە بەخاوەنی تۆیۆتای خۆت
بە قیستی مانگانەی گونجاو
مۆدێل و ڕێژەی ئۆتۆمبیلەکان پابەندە بە ژمارەی ئۆتۆمبیلی بەردەست.
LAND CRUISER Hardtop 2dr 2013
پێشەکی $8,288 | 3 ساڵ $849
HIACE Van 2013
پێشەکی $5,788 | 3 ساڵ $858
LAND CRUISER MT G9 V6 2013
پێشەکی $8,538 | 3 ساڵ $878
FORTUNER 4x2 2014
پێشەکی $7,138 | 3 ساڵ $730
COROLLA XLi 2014
پێشەکی $5,175 | 3 ساڵ $520
ئۆتۆمبێلی خەونەکانت بکڕە بە قستی مانگانەی بچووک کە گونجاوە لەگەڵ هەموو بودجەیەك. ئۆتۆمبێلەکەت هەڵبژێرە، قیستی مانگانەکەت هەڵبژێرە و ئۆتۆمبێلە تازەکەت لێیوخڕە! خێراکە و سەردانی نزیکترین پێشانگای ساز بکە. ئەم ئۆفەرە بەردەوامە تا ئۆتۆمبێلەکان مابێت.
ڕەزامەندی و ژمێرکاری پابەندە بە ڕەزامەندی بانك.
هەولێر
سلێمانی
دهوك
A MEMBER OF
Sardar GROUP
TOYOTA GENUINE PARTS
TOYOTA QUALITY SERVICE
TOYOTA ACCESSORIES
3 ساڵ یان 100,000 کم
www.sasiraq.com
toyotasales@sasiraq.com
/ToyotaSASIraq
فرۆشتن | خزمەتگوزاری
هەولێر 0750 541 1111 | 0750 856 8882
دهوك 0750 352 2222 | 0750 856 8881
سلێمانی 0750 563 3333 | 0770 449 8882
بەغداد 0780 540 0555 | 0780 150 8882
SAS
ساز لخدمات المركبات ذ.م.م
AUTOMOTIVE SERVICES CO LTD


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
ببە بە خاوەن ئۆتۆمبێلە کانی سانگ یونگ بە قیستی مانگانەی گونجاو
فرۆشتن بۆ ئۆتۆمبێلەکانی سانگ یونگ تەنها بە پێشەکی لە 30٪ بە قیستی مانگانە بۆماوەی 3 ساڵ بێ بانك
چەندین مۆدێل و ڕەنگی جۆراو جۆر لە مارکە کانی سانگ یونگ ببینە جگە لە خزمەت گوزاری دوای کرین
گرێنتی 2 ساڵ یا 100.000 کم پارچەی یەدەکی نەسڵی ڕۆن و فلتەر بە خۆرای
NEW korando
korando SPORTS
REXTON
سلێمانی- 07706847483-0771157 4639
هەولێر -0750 3442601-02-03
کرکوک- 07503442605- 07501442027
دهۆك - 07501976202-07503869652

## ژنێک دەسووتێت

**رووداو- کۆیە**

رۆژی 2014/5/3 ژنێکی دانیشتووی شاری کۆیە بە ناوی (س.م) 35 ساڵ، کە دایکی بوو منداڵ بوو ئاگری لە جەستەی بەربوو. ئەو ژنە دوای چوار رۆژ لە سووتانی لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا. ئەو ژنە کە رێژەی سووتانەکەی 85% بووە بە پێی قسەی کەسوکارەکەی خۆی سووتاندووە. کەسوکارەکەی هەروەها دەڵێن "ئەو ژنە باری دەروونی تەواو نەبووە، بەهۆی ئەوەی قاچی شکاوە و چارەسەری نەبووە، خۆی سووتاندووە".



رووداو
ژنان
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

# کورد وشەی "نامووس" دەخەنە نێو فەرهەنگی سوێدی




**شاد محەممەد**
**رووداو- ستۆکهۆڵم**

خێزانی شاهێنداڵ لە سوێد ناوێکی ناسراوە. سیمبولێکە بۆ کورد، بەڵام ناسراوێکی نەرێنی و سیمبولێکی شەرمەزارییە بە ناوچەوانی کوردەوە، لای سوێدییەکان.

شاهێنداڵ، ئەو ناوەی کە کوشتنی ژن لەنێو کورد بە پاساوی لەکەدارکردنی شەرەف وەبیری سوێدییەکان دەهێنێتەوە، لە زیاتر لە 1000 بابەتدا کە لەبارەی کوشتنی ژن بەو پاساوە بەزمانی سوێدی نووسراون، چەندبارە کراوەتەوە.

کوژرانی مەسعود شاهێنداڵ، برای فادیمە شاهێنداڵ لەمانگی رابردوودا لەلایەن پۆلیسی سوێد، سەرلەنوێ ناوی خێزانی شاهێنداڵی بەهەمان شێوەی ساڵی 2002 کە ئەو کچەی تێدا کوژرا، هێنایەوە نێو میدیای سوێدی.

ئەگەرچی بەهۆی توندوتیژی دژ بە گومانلێکراوان مانگانە پۆلیسی سوێد بەرەورووی لێپێچینەوە و سزای دەرکردن دەبنەوە، بەڵام لە رووداوی کوشتنی مەسعود شاهێنداڵدا کە چەقۆیەکی بەدەستەوە بووە، هیچ شتێکی لەوجۆرە نەکرا.

### کورد و وشەی "شەرەف" لە کەلتووری سوێدیدا

لەدوای رووداوی کوشتنی پێلا ئەترۆشی لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، پاشان کوشتنی فادیمە شاهیندال لە سەرەتای سەدەی نوێ، دەستەواژەی شەرەف هاتە نێو فەرهەنگی سوێدی. سوێدییەکان دەڵێن پێشتر ئەم وشەیە نەبووە و لەدوای ئەو رووداوانە ئیدی زاراوەی HEDER واتە "نامووس" هاتووەتە فەرهەنگی سوێدییەوە.

ئێستا سوێدییەکان دەزانن شتێک هەیە بەناوی نامووس و ئەو وشەیەش بە کوردەوە نووساوە. چالاکڤانێکی ژن جەخت لەوە دەکاتەوە وەک راستییەکی حاشاهەڵنەگر، نووسەرێکیش دەڵێت سوێدییەکان بەکردەوە مومارەسەی دەکەن.

بەدەستەوە بووە، لەلایەن پۆلیسەوە کوژرا. رۆژنامەیەکی سوێدی لەبارەی رووداوەکە دەنووسێت "تاوانێکی دیکەی توندوتیژی لەناو بنەماڵەیەکی کورد روویدا".

پۆلیسی سوێدی کوشتنی مەسعود دەڵێت "کوشتن هەر کوشتنە و ئەوەی پۆلیس کردوویەتی تاوانە".

رووداوەکە لە کاتێکدا بووە کە گومانلێکراوەکە لەبەردەم پۆلیس بووە و لەبەرامبەر پێنج پۆلیس بە چەقۆیەکەوە


سوێدییەکان بەکتێبەکەی کورد و باسکی دەڵێن "قورئانی کەریمی پاراستنی کورد" (فۆتۆ: رووداو)

### دوو تاوان و سزای جیاواز

مەسعود، تەمەن 34 ساڵ، لەبەرئەوەی هەرەشەی کردووە و چەقۆیەکی وەکو "بەرەنگاربوونەوەی تاوان" وەسف دەکات. نووسەرێکی کورد بە (رووداو)ی گوت "لەبەرئەوەی گومانلێکراوەکە کوردە، دەوڵەت هیچی لە پۆلیسەکان نەکرد".

چالاکڤانێکی نزیکیش لە بنەماڵەی شاهێنداڵ وەستاوە، لەوکاتەدا کە مەسعود دەیەوێ بجوڵێت، پۆلیس تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت.

سارا محەممەد، بەڕێوەبەری رێکخراوێک کە لەسەر کەیسی کوشتنی فادیمەی خوشکی مەسعود بنیاتنراوە، دەڵێت "مەسعود رۆڵی لە تاوانی کوشتنی فادیمەدا هەبووە و لەگەڵ ژنەکەی و دایک و خوشکی توندوتیژ بووە".

بەڵام وەک بۆ (رووداو)ی باسکرد "لەو رووداوەدا تەنیا ویستوویەتی خۆی بکوژێت و دەستی نەچووەتە خۆی و رەفتارێکی کردووە کە پۆلیس بیکوژن". چونکە وەک سارا گوتی "بێ هیوا بووە لە ژیان و نەخۆشیی دەروونیی هەبووە".

پارێزەرێکی نزیک لە بنەماڵەی شاهیندال هێمای بۆ ئەوە کرد کە "مەسعود لەسەر هەڕەشەکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەریش دەستگیر کراوە، بەڵام بەر لە وەرگرتنی سزاکەی، ئازاد کراوە". بۆیە سارا و پارێزەرەکەش دەڵێن "کوشتنی ئەو کوڕە هەڵەی دەوڵەتی تێدایە".

رێکخراوی (هەرگیز پێلا و فادیمە لەیاد ناکەین- GAPF ) بەیاننامەیەکی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە و رەخنەی لە حکومەتی سوێد گرت کە "رێگەی دیکە و چەندین یاسا هەبووە بۆ سزادانی ئەو گەنجە"، هەروەها تێیدا هاتووە "ئەگەرچی ئەو تاوانبارە، بەڵام بەم رووداوە ژیانی کەسێک و ئەندامی خێزانێکیش فەوتا".

کوردۆ باکسی چالاکڤان و رۆژنامەنووسێکی ناسراوی کورد لە سوێد دەڵێت "لێرە تەنیا شتە نێگەتیڤەکانی کورد زەق دەکرێنەوە".

باکسی خاوەنی کتێبی (Beratten om hedersmord- زانینی زیاتر لەبارەی کوشتن بە پاساوی نامووس) باس لەوە دەکات کە ئەمە تەنیا کێشەی سوێدییەکان نییە و تەنیا بەرامبەر کورد نییە، بەڵکو "هەموو رۆژئاواییەکان وا بیردەکەنەوە، هەمیشە کار لەسەر ناشرینکردنی کەلتووری بێگانە دەکەن، بەڵام لەکاتی ناساندنی کوردێکی سەرکەوتوو دەڵێن سویدییەک وای کرد".

لەبارەی کوشتنی براکەی شاهێنداڵیش گوتی "ئەم بەچەقۆیەکەوە لەبەرامبەر پێنج پۆلیس کوژرا، بەڵام ئەندیریش بریڤیکی نەرویجی کە ساڵی 2011 زیاتر لە 70 کەسی بە چەکی قورس کوشت، دەستگیرکرا و گوتیان گومانلێکراو مافی دادگایی هەیە". کوردۆ باکسی ئەمانە وەک "مەهزەلە" وەسف دەکات.

مەسعود شاهێنداڵ کە دانیشتووی شاری ئۆپسالا بوو، کۆتایی مانگی رابردوو لەلایەن پۆلیسەوە تەقەی لێکرا و کوژرا.

کوردۆ باکسی لە کتێبەکەیدا بەراوردکاری لە نێوان دوو کەیس دەکات کە هەردووکیان هاووڵاتی سوێدن و لەیەک ساڵدا لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون. بۆ یەکێکیان کە کوردە زیاتر لە 1000 بابەتی لەسەر نووسراوە، بەڵام بۆ ئەوی دیکەیان کە رەچەڵەکی سوێدییە، هیچی لەسەر باس نەکراوە. ئەم کتێبەی باکسی دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێو سوێدییەکاندا هەبوو، وەک کوردۆ خۆی دەڵێت "سوێدییەکان پێیاندەگوت، قورئانی کەریمی پاراستنی کورد".

بەم هۆیەشەوە دەیان هەزار دانە لەو کتێبە فرۆشرا.

# کاندیدە شۆخەکەی گۆڕان لە هەولێر دووەمی لیستەکەیەتی

ژنە کاندیدێک:

## ئەگەر ژن دەنگ بداتە ژن، دەبێت پیاو بە کۆتا بچنە پەرلەمان

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

زۆربەی کاندیدە ژنەکان سیستەمی کۆتا بە گونجاو دەزانن بۆ هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و ئەوە بە رێگەیەکی باش دادەنێن تا بگەنە پەرلەمان، کاندیدێک دەڵێت "ژن زۆرینەیە، بەڵام متمانەیان زیاتر بە پیاو هەیە". دەشڵێت "ئەگەر ژن دەنگ بە ژن بدات، دەبێت پیاوان بە کۆتا دەربچن".

ململانێی ئەمجارەی هەڵبژاردن تەنیا لەو بازنەیەدا نەمایەوە کە کامە لیست زۆرترین دەنگی هێناوە، بەڵکو ململانێکە گەیشتە ئەو ئاستەی کامە کاندید زۆرترین دەنگی هێناوە، لەنێو ئەو کاندیدانەی زۆرترین دەنگیان هێناوە، تەنیا چەند ژنە کاندیدێکی کەم هەن کە بەبێ سیستەمی کۆتا دەرچووبن.

### "عەشیرەتم لە پشت نەبوو"

بەپێی سیستەمی کۆتا بۆ پەرلەمان و پارێزگاکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دەبێت 30%ی کورسییەکان بۆ ژنان بێت. تەنانەت ئەگەر دەنگی پێویستیشیان نەهێنا. بێگەرد عەتا حەمەڕەشید، کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لە سلێمانی هێشتا دیار نییە چەند دەنگی هێناوە، بەڵام دەڵێت "هەست دەکەم دەنگی زۆرم هێناوە، پشتم بە عەشیرەت نەبەستووە، پۆستی حکومیشم نەبووە، بەڵام خەڵکی ئێمە هێندە هۆشیار نین دەنگ بە ئافرەت بدەن، ئەگەر ئافرەتەکە لێهاتووش بێت، بۆیە لە واقیعی ئێستای کوردستاندا کۆتا پێویستە".

ئەو کاندیدە دەڵێت "ئەگەر ئافرەتان باوەڕیان بەوە هەبێت دەنگ بە ژنان بدەن، ئەوا دەبێت پیاوان بە کۆتا بڕۆنە پەرلەمان، بەڵام ئەو هۆشیارییە نییە، ئافرەتان زیاتر متمانەیان بە پیاو هەیە".

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەرێمی کوردستان لە کۆی 405 کاندید، 110یان ژن بوون، زۆرترین ئەو ژنە کاندیدانەش لە پارێزگای سلێمانی بوون کە 45 کاندید بوون، لە هەولێر 40 ژن و لە دهۆکیش 25 ژن کاندید کرابوون.

هێشتا ئەنجامەکان رانەگەیەنراون، بەڵام پێناچێت نادیە تەلعەت چانسی هەبێت بگاتە پەرلەمانی عێراق، ئەو کە کاندیدی پارتی بوو دەڵێت "سیستەمی کۆتا بۆ پارێزگای هەولێر لەم سەردەمەدا پێویستە، چونکە ئەو دەنگەی پیاوەکان دەیهێنن، ژنەکان ناتوانن بیهێنن، هەرچەندە نیوەی دەنگدەران ئافرەتن، بەڵام ئافرەتەکانیش دەنگ بە پیاو دەدەن، ژن دەنگ بە ژن بدات، لە پیاوەکان زیاتر دەنگ دێنین".

### ژنێک: ئامادە نیم دەنگ بە ژن بدەم

سۆزان لوقمان، مامۆستای سەرەتایی، دەنگی بە کاندیدی پیاو داوە و دەڵێت "من دەنگی خۆم خۆشدەوێت و ئەو دەنگەم تا چوار ساڵ حوکم دەکات، ئامادەنیم بە ژنێکی بێ توانای بدەم، ئەوانەی دەیانناسم پیاوەکان زۆر شایەنتر بوون، ئەگەر بمەوێت ویژدانم ئاسوودە بێت، ئەستەمە دەنگ بە ژنان بدەم".

بەپێی ئاماری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان 718 کەس خۆیان کاندید کردبوو بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەو ژمارەیەش 228 کاندیدیان ژن بوون. (99 لە سلێمانی، 77 لە هەولێر و 52 ژنیش لە دهۆک).

ژمارەی کورسییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق 18 کورسییە، کە 5 کورسی بۆ کۆتای ژنان دانراوە. هەولێر 15 کورسی هەیە، کە 4 کورسی بۆ کۆتای ژنانە، دهۆکیش کە 12 کورسی هەیە 3 کورسی بۆ کۆتای ژنانە.

### "لەسەر بنچینەی توانا دانەنراون"

یەکێک لەو ژنانەی کە چەندین ساڵ کاری رێکخراوەیی کردووە، بە (رووداو)ی گوت "ئامادە نیم دەنگ بە هیچ کاندیدێکی ژن بدەم، چونکە ئەوانەی من دەیانناسم، هەموویان کەسی بێ توانان، ئەوەی وەک من بیانناسێت هەرگیز ناتوانێت دەنگیان پێبدات".

لە هەڵبژاردنی ئەمجارە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دوو ژن سەرۆک لیست بوون. سەلفا عەبدلوەهاب، سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لە هەولێر و بێریڤان ناڤخۆش، کە کاندیدێکی سەربەخۆی ژنە لە پارێزگای دهۆک و دانیشتووی قەزای ئاکرێیە. بێریڤان سەرۆکی لیستێک بوو لە کۆمیسیۆن کە هەر بەناوی خۆی تۆمار کرابوو.

### "دووەم بووم و بە حەقی خۆم دەردەچم"

هێڤی هەیاف، کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کە دەنگی زۆری هێناوە لە نێو لیستەکەی، باوەڕی بە سیستەمی کۆتا نییە. هێڤی بە (رووداو)ی گوت "بەپێی زانیارییەکانم، تا ئێستا لەسەر لیستەکەم دووەمم، لە سەرۆکی لیستەکەم هێندەم کەمتر نەهێناوە، لە ئاماری سەرەتایی 30%ی دەنگەکانی لیستەکەم هێناوە لە هەولێر، ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە دەگەمە ئەنجومەنی پارێزگا، بۆیە پێویستم بە کۆتا نییە" بە بڕوای ئەو، ئەو کەسەی پۆستێک وەردەگرێت، دەبێت شایەنی ئەوێ بێت، نەک بە سیستەمی کۆتا دابنرێت".

### جوانی رۆڵی هەیە

نادیە تەلعەت، پێیوایە ئەگەر ئافرەت رووخساری بەرچاوی هەبێت ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر دەنگ لەسەر بنچینەی رووخسار بێت ئەوا زۆر هەڵەیە. ئەو دەڵێت "هەیە لەبەر رووخسار دەنگی داوە، پێویستە خەڵک لەسەر بنەمای توانای ئافرەت دەنگ بدات".

کاندیدەکەی کۆمەڵ پێیوایە جوانی کاریگەری هەیە لەسەر دەنگدانی پیاوان بۆ کاندیدە ژنەکان.

هێڤی هەیاف، یەکێک بوو لەو کاندیدانەی کە بە کاندیدێکی جوان و بەرچاو باس دەکرا، بەڵام ئەو نهێنی سەرکەوتنی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "خەڵک بڕوای بە بەرنامەکانی من هەبوو، پێموانییە دەنگەکانم بەهۆی رووخسارەوە بووبێت، چونکە ئەوەندەی ژن دەڵێن دەنگمان بە تۆ داوە، پیاوەکان ناڵێن دەنگمان بە تۆ داوە، ژن بۆ دەنگ بە من دەدات، ئەوە چ پەیوەندی بە جوانییەوە هەیە؟".



ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## پیاوێک بە خنکاوی دەدۆزرێتەوە



**ڕووداو- گەرمیان**

دوای دیار نەمانی هاوولاتییەک بەناوی ئەحمەد فایەق 35 ساڵ، لە گوندێکی سنووری خانەقین بە خنکێندراوی دۆزرایەوە. بەپێی زانیاری (ڕووداو) ئەو کەسە بە رەگەز عەرەب لە گوندەکەیان دەچێتە دەرەوەو دیار نامێنێت، دوای ئەوەی پۆلیسی ناوچەکە بە دوایدا دەگەڕێت تەرمی ئەو پیاوە لە نێو پرۆژەیەکی ئاو لە سنووری خانەقین دەدۆزنەوە، بە پێی زانیارییەکانی پۆلیس "کەسوکاری دەڵێن ئەو پیاوە نەخۆشی دەروونی هەبووە، کەس لە ڕووداوەکە تاوانبار نییە".

پۆلیس: هەردوو برایەکە سەرخۆش بوون

# لە کەرکووک برایەک برایەکی خۆی دەکوژێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

دوو برا دوای ئەوەی لە ماڵەوە مشتومڕیان دەبێت لەسەر چوونە دەرەوە بۆ ئاهەنگی هەڵبژاردن لە کەرکووک، یەکێکیان ئەوەی دیکە دەکوژێت، بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوچەکە دەڵێت "ئەو دوو برایە سەرخۆش بوون، براکەی پێیگوتووە بە سەرخۆشی مەچۆ دەرەوە، شەڕەکەیان بە سەرخۆشی بووە".

بکوژ و کوژراو، دانیشتووی گەڕەکی دەروازەن لە شاری کەرکووک، کوژراوەکە ناوی لەتیف عەبدوڵلا کەرەمە و تەمەنی 30 ساڵە و خێزاندارە. بکوژەکەش ناوی (م)ەو تەمەنی 32 ساڵە و خێزاندارە. ئێستا بکوژ بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە.

تەنیا ڕۆژێک بوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کەرکووک ئەنجام درابوو، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ناوچەکە بەهۆی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکە دەستی بە ئاهەنگگێڕان کرد، بەڵام ئەو ئاهەنگە پرسەی خستە ماڵی لەتیف عەبدوڵلا و براکەی کە هەردووکیان لایەنگری یەکێتین.

عەقید یاسین محەممەد، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ئازادی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو دوو برایە لە ماڵەوە بوون "هەردووکیان پێکەوە خواردوویانەتەوەو سەرخۆش بوون، کاژێر 5ی ئێوارە، لەتیف کلاشینکۆفەکەی هەڵگرتووە، گوتوویەتی دەڕۆم ئاهەنگی یەکێتی هەیە، (م) پێیگوتووە بۆ کوێ دەڕۆیت بە سەرخۆشی، هەر لەسەر ئەو دەڕۆم و ناڕۆمە لە ماڵەوە بووەتە دەنگە دەنگ. (م) چەکەکەی لە براکەی سەندووە و دەستڕێژی گوللەی کردووە، یەک گوللە بەر لەتیف کەوتووە و گیانی لەدەستداوە".

ئەو شەڕە هەر لەنێو حەوشەی ماڵەکەیان بووە، تەرمەکەی لەوێ کەوتووە، عەقید یاسین دەڵێت دوای کوشتنی لەتیف گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و هەر ئەو ڕۆژە "بکوژ" دەستگیر کراوە "دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگا کراوە، بۆ ئەوەی بڕیار بدات لەسەر دۆسیەکە".

لە نێو خەڵک وا بڵاوکرایەوە کە کێشەی نێوان ئەو دوو برایە لەسەر پارەی بانگەشەی هەڵبژاردن بووە، بەڵام عەقید یاسین دەڵێت "بەسەرخۆشی شەڕ ناکرێت لەسەر پارەی بانگەشە، بۆیە پەیوەندی بە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو بەهۆی سەرخۆشییەوە بووە، گەڕەکەکەیان لە دەروازەی سلێمانییە و ئەوێ پڕی سەرخۆشە، سەرخۆشەکان زۆر کێشەیان دروستکردووە، بەردەوام شەڕە تەقە و شەڕە چەقۆ و کوشتنی تێدایە".

### ئارپیچی و بیکەیسی لە بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهات

بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەراورد بە بانگەشەی وڵاتانی دیکە زۆر جیاوازە.

لێرە جگە لە شەڕە پەڕۆ زۆرجار بانگەشە شەڕە تەقەشی تێدەکەوێت، زۆر لە بانگەشەکارانی لایەنەکان بە چەکەوە دێنە دەرەوە و ئەمەش زۆرجار کێشەی بەدوادا دێت، بە تایبەتی کاتێک هەواڵێکی خۆشی حیزبەکەیان دەبیستن دەست بە تەقەی خۆشی دەکەن.

لە کەرکووک بەهۆی گەرمیی بانگەشەی هەڵبژاردن و ململانێی حیزبەکان، کێشە و شەڕی زۆر دروستبوون.

زۆربەی بانگەشەکاران شەوان بە چەکەوە دەهاتنە دەرەوە و هەندێک کەس هەر لە خۆیەوە بەبێ هیچ هۆیەک تەقەی دەکرد، بەپێی قسەی بەرپرسانی پۆلیس، هەندێک لە بانگەشەکاران بە ئارپیچی و بیکەیسی دەهاتنە دەرەوە.

عەقید یاسین گوتی "لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن کەسی دیکەش لە سنوورەکەمان کوژرا، بریندار هەبوو، تەقە زۆر بوو، گوللە بەربووەتەوە خەڵکی بریندار کردووە. چونکە لە کەرکووک چەک زۆرە، کێشەکان زۆر جار چەکیان تێدا بەکاردەهێندرێ". گوتیشی "هەندێک لە بانگەشەکاران نەک کلاشینکۆف و دەمانچە، بەڵکو ئارپیچی و بیکەیسیان هەڵگرتبوو".

### ڕۆژنامەنووسێک گورچیلەیەکی فەوتا

ڕۆژێک بەر لە کوشتنی لەتیف عەبدوڵلا، هەر لە کەرکووک پەیامنێرێک بریندار کرا، هۆشەنگ یاسین، پەیامنێری زاگرۆس، گوللەیەک بەر سینگی کەوت، دوای چەند نەشتەرگەرییەک گورچیلەیەکی لە دەستدا، عەقید یاسین گوتی "کۆمەڵێک کەس خەریکی تەزویر بوون، مەفرەزەیەکی پۆلیس چووە سەریان، لەو کاتەدا ئەو ڕۆژنامەنووسە لەگەڵیان بووەو ڕوومالی کردووە، یەکێکیان تەقەی کردووە و گوللەیەکی لێداوە، یەکێک لە تۆمەتباران گیرا و چواریان هەڵاتن، ئەو 5 کەسە پێشمەرگەی یەکێتین".

# پۆلیسێکی هاتوچۆ گەنجێک دەکوژێت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- چوارقوڕنە**

لە شارۆچکەی چوارقوڕنە دوو خێزان لەسەر پارچە زەوییەکی زێدەڕۆ بەشەڕ دێن و بەو هۆیەشەوە گەنجێک کوژرا و 3 کەسی دیکەش بریندار بوون، بکوژی گەنجەکە پۆلیسی هاتوچۆیە و هاوکارەکانیشی پۆلیسن. ڕووداوەکەش لەناو بنکەی پۆلیسی چوارقوڕنە ڕوویداوە.

لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان لە بەردەم بنکەکانی دەنگدان نۆرەیان گرتبوو بۆ دەنگدان، دوو خێزان لە شارۆچکەی چوار قوڕنەی سەر بە قەزای ڕانیە، لەسەر پارچە زەوییەک دەبێتە کێشەیان و بەشەڕ دێن، شەڕەکە چوار قوربانی لێکەوتەوە کە یەکێکیان بە ناوی سەلمان موراد، 27 ساڵ گیانی لە دەستدا و، سێیەکەی دیکەش بە ناوەکانی ئارام، موراد و فەتاح بریندار بوون.

ئارام موراد کە یەکێکە لە برینداەکان، باسی کێشەی خۆیانی لەگەڵ ئەو خێزانە کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "باوکم چەند ساڵێک لەمەوبەر پارچە زەوییەکی کڕیوە کە تەجاوزە. شایەتیشی هەیە، دواتر کەسێکی دیکە چووە هەمان زەوی ئێمەی کڕیوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین".

هەر زەوییەک مۆڵەتی شارەوانی نەبێت، ڕێگەی پێنادرێ خانووی لەسەر دروستبکرێت، بە تایبەتی ئەو زەویانەی بە زێدەڕۆیی دابڕێندراون. بەڵام هەندێک لە هاووڵاتیان لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بێدەنگی حکومەت بەرامبەر زێدەڕۆیی بە هەل دەزانن و خانوو بە زێدەڕۆیی دروست دەکەن.

ئارام دەڵێت "ئێمە نەمانزانیوە ئەو زەوییەی ئێمە فرۆشراوەتەوە، لە فرۆشتنەوەکەشی دڵنیا نین، بەڵام ئەوان پرۆسەی هەڵبژاردنیان بە هەل زانیوە بۆ ئەوەی زەوییەکە بکەنە خانوو". گوتیشی "کاتێک باوکم ئەمەی زانیوە قسەی لەگەڵ کردوون، بەڵام ئەو کەسەی زەوییەکەی کڕیوە هەڕەشەی لە باوکم کردووە و میلی کلاشینکۆفی لێ هێناوەتەوە".

وەک ئارام باسی کرد، باوکی پەنای بردووەتە بەر پۆلیس بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە، بەڵام لە بنکەی پۆلیس لە جیاتی چارەسەری کێشەکە گەورەتر بووە. وەک ئارام بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک باوکم چووەتە پۆلیسی چوارقوڕنە، لەوێ جارێکی دیکە دەمەقاڵێ ڕوویدایەوە و پۆلیسێکی هاتوچۆ کە خزمی ئەو کەسە بوو، تەقەی لێکردین. بەو هۆیەوە برایەکم کوژرا و باوکم و خۆم و ئامۆزایەکم بریندار بووین. ئەوان بە بریندارکردنیشمان وازیان لێنەدەهێناین و بەسەر جەستەمان کەوتن".

وەک ئارام گوتی، ئەوان جارێ خۆیان بێدەنگ کردووە و دۆسیەکەیان داوەتە دەست پۆلیس و دادگا و گوتی "ئێمە تەنیا بەوە ڕازی دەبین ئەو کەسە لە سێدارە بدرێت کە بکوژی براکەمە و ئێمەشی بریندار کردووە".

بەپێی قسەی کەسوکاری کوژراوەکە، پارچە زەوییەکە بایی 2 هەزار دۆلارە، چونکە زێدەڕۆییە و مۆڵەتی شارەوانی نییە تاوەکو خانووی لەسەر دروست بکرێت.

حەمەڕەش پاڵانی، ئامۆزای بریندارەکان، گلەیی لە پۆلیس هەیە و دەڵێت "خەڵک بۆ پاراستنی دەچێتە بنکەی پۆلیس، بەڵام ئەوان لەوێ بوونە قوربانی و کەسیش دەستگیری نەکردن تا ئەوکاتەی خۆیان ڕادەستکرد".

بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و کەمیی زەوی نیشتەجێبوون، زوو زوو کێشەی هاوشێوەی ئەوەی چوارقوڕنە ڕوودەدەن. ساڵی ڕابردوو لە چەمچەماڵ و لە ناحیەی دارەتووی شاری هەولێر لە نێوان چەند خێزانێک کێشە لەسەر زەویوزار دروست بوو و چەندین کەس بوونە قوربانی.

مستەفا محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2014/4/30 بەهۆی شەڕی دوو بنەماڵە کە تەقەی تێداکراوە، کەسێک کوژراوە و سێ کەسیش بریندار بوون. پۆلیس تۆمەتبارەکانی دەستگیر کردووە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکات".

ئێستا پۆلیس سێ کەسی بە تۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە و بریندارکردنی سێ کەسەکەی دیکە دەستگیر کردووە. (ڕووداو) هەوڵی دا قسەی کەسوکاری تۆمەتبارەکان وەربگرێت، بەڵام ئەوان دوای ڕووداوەکە لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی کەسوکاری قوربانییەکان بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتوون. بۆیە نەتوانرا لێدوانیان وەربگیرێت.



ئارام موراد گەنجە کوژراوەکە



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

# سیاسەت لە بەرگێکی ناشیریندا

دنیای سیاسەت هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، هیچ یاساو ڕێسایەکی جێگیری نییە، بۆیە گوتراوە لە سیاسەتدا نە دۆستی هەمیشەیی هەیە و نە دوژمنی هەمیشەیی، پەیوەندی لایەنەکان لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژ گۆڕانکاری بەسەردادێت، تاکە زمانی هاوبەش لەنێو هێزە سیاسییەکانی دنیادا، نە مافی مرۆڤە و نە مافی گەلان، بەڵکو بەرژەوەندی تایبەتە جا چ هی حیزب بێت یان حکومەتەکان. ئەو بەرژەوەندیانەش هەندێکی ڕەوایەو هەندێکیشی ناڕەوا و لەسەر حیسابی گەلانی لاواز یان بێ دەوڵەت ئەنجام دەدرێت. هەندێکجار هێز و لایەنی ئیقلیمی و جیهانیش لەپێناوی بەرژەوەندییەکانیان بوونی خۆیان دەسەپێنن بەسەر هەندێک لایەن و وڵات. لە کوردستان هێزە ئیقلیمی و دەرەکییەکان هەمیشە ڕۆڵیان هەیە لە لێدانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەوەش کاریگەری خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەسەر تاکەکانی نێو دونیای سیاسەت و دەرەوەی سیاسەت جێهێشتووە. بۆیە دەبینین کورد سیاسەت بەبەرگێکی چڵکنەوە دەکات. ئەگەر سەیری بەشێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەین، هەست دەکەین ئێمە لە حاڵەتی خۆئامادەکردنداین بۆ شەڕ نەک کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردن. نازانم ئیتر ئەو لایەنانە چۆن شەرم ناکەن ئەگەر لەمەودوا باس لە دیموکراسیەت و ململانێی سیاسی بکەن لەم هەرێمەدا. نازانم بەرژەوەندی باڵای کوردستان لەکوێی بەرنامەی سیاسی ئەم حیزبانەدایە لە کاتێکدا خەڵکیان وا فێرکردووە کە جیاوازی نەکەن لە نێوان جاش و باش و نەیانتوانیوە ڕای گشتی دروستبکەن لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان. سیاسەت لە کوردستان لە پێناوی خزمەتکردن نییە، لە پێناوی بەدەستهێنانی پلەو پۆستە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب. ئەو حیزبانە ئامادەنین دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن و ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن، لە جیاتی ئەوە شەڕی دەروونی و ئیعلامی دژ بەیەکتر دەکەن.

لەڕاستیدا وڵات بە ململانێ و دابەشکردن و ناوچەگەرێتی دروست نابێت، هیچیش لە هاوکێشە سیاسییەکان ناگۆڕێت، وڵات پێویستی بە پێکەوە ژیان و کارکردنە.

ئەوانەی دەیانەوێ گۆڕانکاری بکەن و وڵات بنیات بنێن، باشترە واز لە سیاسەت بێنن، سیاسەت و دنیای سیاسەت بە دەموچاوە ناشیرینەکەیەوە بۆ سیاسییەکان بەجێبهێڵن، وڵاتی ئێمە پێویستی بە شەڕی ئایدیۆلۆژیا و شەڕە جنێو و تۆمەتبارکردنی یەکتر نییە، پێویستی بە کەسانێکە کە بە ویژدانەوە کار بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی تاکەکان بکەن، بۆ ئەوەی دابونەریتی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەردا بێت. چیدی خەڵکی سیاسی و ئاسایی بەو بەرگە ناشیرینەوە سیاسەت نەکەن.

# کوردی ئەتلانتا.. یەکگرتوویی لە فرەڕەنگیدا

**بنیامین کوێسکن**
**ڕووداو- ئەمریکا**

کاتێک ژیر ئالان، تەمەن 12 ساڵ گەیشتە شاری جۆنزبۆرۆ لە ولایەتی ئەرکنساسی ئەمریکا، ئینگلیزی نەدەزانی. ژیر لە خوێندکاری یەکەمی پۆلەکەیەوە لە سلێمانی، بووە دوا خوێندکاری پۆلەکەی لە جۆنزبۆرۆ. هەرچەندە لەسەرەتاوە ئەستەم بوو هاوڕێ پەیدا بکات، بەڵام دواتر ڕێگەی دیکەی دۆزییەوە بۆ پەیداکردنی هاوڕێ، ئەو ڕێگەیەش وەرزش بوو.

ئێستاش بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە دەرمانسازی.

لەبەرئەوەی ژیر ئالان زۆربەی ژیانی لەدەرەوەی ئەو وڵاتەی کە لێی لەدایکبووە بەسەربردووە، کێشمەکێشێکی زۆری لەگەڵ کولتوور و شوناس هەیە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دڵنیایە لەوەی دەتوانێت باڵانسێک لە نێوان هەردوو شوناسەکەیدا ڕابگرێت. ئەو دەڵێت "من لە هەردوو جیهانەکەمدا دەژیم. توانیومە بە کوردی بمێنمەوە و ئەمریکیش بم".

وەکو زۆر کەسی لاو، ئەو و برایەکی گەورەتری و ئامۆزایەکی لە سەردەمی زانکۆیاندا دەستیان کرد بە "لێکۆڵینەوە لە شوناسی کوردبوونیان". بەرهەمی لێکۆڵینەوەی هەرسێکیان دامەزراندنی یانەی گەنجانی کورد (KYC) بوو لە زانکۆی جۆرجیا ستەیت. یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان ئەوەبوو کە پێش ئەو کۆمەڵەیە کوردەکان هەر تەنیا لە نێوان خۆیاندا بۆنە و ئاهەنگەکانیان دەگێڕا، بەڵام یانەی گەنجانی کورد (KYC) ئەم عادەتەی گۆڕی.

هەرزوو کوردەکانی دیکە، تەنانەت ئەوانەش کە لە زانکۆی جۆرجیا نەبوون، ئەوانیش هاوکارییان کردن. بۆ یەکەمجار لە 2003 و لە حەرەمی زانکۆی جۆرجیادا ئاهەنگی نەورۆزیان بە بەشداری کۆمەڵگەی کوردی لەو شارە گێڕا.

لە ئاهەنگەکەدا 400 کەس بەشدارییان کرد. ئەم بۆنە سەرکەوتووە ڕێگای بۆ سەرکەوتنی زیاتر و ناساندنی زیاتری KYC خۆشکرد. دواتر KYC بووە بەشێک لە کۆمەڵەی کوردی و ئینجا سەنتەری کەلتووری کوردی ئێستای لێ بەدی هات.

تەرکیزی دکتۆر ئالان لەسەر پشتگیریکردنە لە خوێندنی باڵا. ئەو دەڵێت خوێندنی باڵا "تەنیا سوودی بۆ کەسەکە خۆی نییە، بەڵکو ئەو کەسە دەکات بە کەسێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگە و کۆمەڵگەیەکی باشتر و ژینگەیەکی باشتر دێنێتە ئاراوە".

ئەو پێیوایە بۆ باشتر خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردی لە ئەتلانتا، پێویستە پەیوەندی نێوان سەنتەری کەلتووری کوردی و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن بەهێز بێت. هەرچەندە ئەمە پێچەوانەی ئامانجی سەنتەرەکەیە، چونکە سەنتەری کەلتووری کوردی سەنتەرێکی نا سیاسی، نا ئاینییە و خزمەتی هەموو کوردێک دەکات بەبێ جیاوازی ئاینی و سیاسی.

"بەهێزیی ئەم کۆمەڵگەیە لەوەدایە کە دەرگا بەڕووی هیچ کەسێکدا داناخەین و دەرگامان بە ڕووی کورد و نا کورددا کراوەیە. ئەندامێتی لە سەنتەرەکەدا گرنگ نییە، هەموومان پێکەوە کار دەکەین و خزمەتی کۆمەڵگەکە دەکەین". ژیر وا دەڵێت".

## بردنەوەی گرین کارت

سەرۆکی کاتیی ئێستای سەنتەرەکە، باران ئەحمەد پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ هەموو کوردەکاندا هەیە. ئەوەش لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە ئەو لە ئەمریکا شارەزای کەلتوور و زمانی کوردی بوو.

ئەو دەڵێت "من هیچ بڕوانامەیەکم نییە، خێزانەکەم هەژار بوون و لە کەلتووری تورکیدا تواببوونەوە. پێش ئەوەی ببم بە سەرباز وازم لە خوێندن هێنا و دەستمکرد بە کارکردن. من لە 1990 هاتمە ئەمریکا دوای ئەوەی کە یانسیبی گرین کارتم بردەوە. دواتر لە ساڵی 1994 خێزانەکەم هاتنە ئەمریکا. ئەوکات کۆمەڵگەی کوردی بوونی نەبوو. بەڵام لەساڵی 1996 زۆر کوردی عێراق هاتنە ئێرە و من تێکەڵیم لەگەڵیان دروستکرد و ئیتر لەو کاتەوە کۆمەڵگەیەکی بەهێز دروست بوو."

هەروەکو باران دەڵێت، ئامانجی سەنتەرەکە یەکخستنی کوردە بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئاین.

ئەو هەروەها دەڵێت کە سەنتەرەکە زیاتر سەرنجی کوردی سۆرانی زمانی عێراق ڕادەکێشێت وەکو لە کوردی پارچەکانی دیکە "ئامانجی سەرەکی ئێمە ئەوەیە زەماڵەی خوێندن بۆ منداڵانی کۆمەڵگەی کوردی لێرە پەیدا بکەین و هاوکارییان بکەین لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دیکەوە".

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە باران بەکاری دەهێنێت بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەکە، بەخێرهێنانی خێزانە نوێیەکانە، وەکو خێزانەکەی شەریف ئینج.

## یادی ڕۆبۆسکێ

شەریف محەممەد ئینج، تا ساڵی پار لە شاری چاتەنوگە لە ولایەتی تێنەسی ئەمریکا دەژیا، بەڵام ساڵی ڕابردوو گواستیەوە بۆ ئەتلانتا. کاتێک کە لە شەریفم پرسی بۆچی ئەتلانتای هەڵبژارد لە بری شاری ناشڤێل کە زۆرترین ژمارەی کوردی ئەمریکای لێیە، ئەو گوتی "هەرچەندە من دوو کاژێر لە دووری ناشڤێل دەژیام، بەڵام ناشڤێل کوردی باکووری لێ نییە، لەبەرئەوە پێموابوو ئەتلانتا بۆ من باشتر و دڵکراوەتر دەبێت".

گوندەکەی ئینج لە باکووری کوردستان بەم دواییە سەرنجی زۆری میدیای جیهانی ڕاکێشا. ئینج خەڵکی ڕۆبۆسکێیە و زۆر لە نزیکەوە ئاگای لە کۆمەڵکوژییەکەی ئەوێیە کە تێیدا 34 کەسی سڤیل بە گومانی ئەندامێتی PKK لەلایەن فڕۆکەیەکی جەنگیی تورکیاوە لە مانگی 2011/12دا کوژران.

## هەمووومان دەنگمان دەبیسترێ

یەکێک لە سەرکردە لاوەکانی سەنتەرەکە کۆچەر ئەرسەلانە. کۆچەر خەڵکی تاتوانی باکووری کوردستانە و یەکێکە لە ئەندامانی بۆردی سەنتەرەکە و پێشتر لە سەنتەرەکەدا وانەی زمانی کوردی دەگوتەوە. ئەو لە یەکێک لە باشترین زانکۆکانی ئەمریکادا ئەندازیاری دەخوێنێت. کاتێک کە لە 2006 هات بۆ ئەمریکا یەکێک لە هاوڕێکانی هانی دا کە بێتە ئەتلانتا و لەوێ هاوکاری بەهێزکردنی کۆمەڵگەی کوردی بکات. بۆ کۆچەر چالاکوانی لە مەسەلەی کورددا شتێکی نوێ نەبوو، ئەو لە خێزانێکی چالاکوانەوە هاتووە. لە زانکۆی ئەنقەرە خوێندوویەتی و لە ساڵی 2004دا بەشداری لە کامپەینێکدا کردووە بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا ڕێگە بە کورد بدات بە زمانی خۆیان بخوێنن. بەو هۆیەش هەندێک لە خوێندکارەکان لە زانکۆ دەرکران و بۆ خۆیشی ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە بووەوە.

چالاکبوونی کۆچەر لە سەنتەرەکەدا وای لە هاوڕێکانی کردووە بیر لە پێویستی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردی بکەنەوە و هەوڵبدەن کۆمەڵگەکە لەڕووی پەروەردەییەوە پێشبخەن.

"لە ساڵی 2009دا تەنیا حەوت کەسمان هەبوو. بەڵام ئێستا دەزانین کە دانیشتووانی کوردی ئەم شارە نزیکەی 200 تاوەکو 250 خێزانن. هەرچەندە هەموویان بەشداری لە سەنتەرەکەدا ناکەن، بەڵام هەموویان دەزانن کە دەرگای ئێمە بەڕوویاندا کراوەیە".

بەلای کۆچەرەوە ئەتلانتا باشترە لە شارەکانی دیکەی ئەمریکا، بەو شارانەشەوە کە کوردی زۆرتریان لێیە. لەم ڕووەوە کۆچەر دەڵێت "کۆمەڵگەی کوردی لە ئەتلانتا یەکێکە لە بەهێزترین کۆمەڵگە کوردییەکان، سەرەڕای قەبارە بچووکەکەی. ئێمە زیاتر یەکگرتووین. ئێمە سەنتەرێکی یەکگرتوومان هەیە، بەڵام هەندێک لە شوێنەکانی دیکە سەنتەرەکانیان یان بۆ لایەنی ئاینی یان سیاسی بەکاردەهێنرێن."

ئەو هەروەها دەڵێت "لە بۆردەکەماندا بەلانیکەم یەک کەسمان لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەیە، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە دەنگی هەمووومان ببیسترێ و کاریگەریمان لەسەر کۆمەڵگەکە هەبێت".

## بە دەنگهاتن وەکو کوردێک

بەپێچەوانەی کۆچەرەوە، دەنیز گیوموستەکن لە شاری مەڵاتیا گەورە بووە و خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەری لە زانکۆی کارۆلینای باشوور تەواو کردووە. لە بەشی زانستە سیاسیەکان خوێندوویەتی و لە کاتی خوێندندا زۆر هاوڕێی تورکی هەبووە و کۆمەڵگەی کوردی لەو شوێنەی دەنیز دەیخوێند نەبوو. بەڵام دوای چەندین ساڵ هاوڕێیەتی، هاوڕێکانی پەیوەندییان لەگەڵ بڕی کاتێک کە دەنیز هاتە ئەتلانتا و دەستی کرد بە چالاکی لە کۆمەڵگەی کوردیدا. هەندێک لە هاوڕێکانی پێشووتری پێیانگوتووە "داکۆکیکەر لە تیرۆریزم".

"هەرکە وەکو کوردێک بە دەنگ دێیت ئیتر دەتخەنە چوارچێوەیەکەوە." دەنیز دەڵێت تەنها چەند تورکێکی کەم لێبووردەن و مێشک کراوەن، بۆیە پێویستە گۆڕانکاری لە میتۆدی خوێندنی تورکیادا بکرێت. لەبەر ئەو ئەزموونانەی کە لە ڕابردوودا لەگەڵ تورکدا هەیبووە، ئەو تا ئێستاش دوودڵە لە کارکردن و تێکەڵی لەگەڵ زۆر ڕێکخراودا.

ئەو ئەزموونە تاڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "لەسەر ئەوەی کە کێم و بڕوام بە چی هەیە، ئازار دەدرام. هەندێک لە هاوپۆلەکانم لەگەڵ من قسەیان نەدەکرد لەبەرئەوەی من کورد بووم."

ئەو پڕ بە دڵی پشتگیری لە کۆمەڵگەی کوردی دەکات لە ئەتلانتا "لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە کە من لێرە دروستمکردوون، ئێستا لەگەڵ زۆر کەسی لاوی هاوبیری خۆم تێکەڵیم هەیە لەسەرتاسەری وڵاتدا". دۆزینەوەی کۆمەڵگەیەکی بەهێز وای لێکردووە کە بڕوای بە خۆی زیاتر بێت وەکو کوردێک. ئێستا ئەو هەست دەکات کە زیاتر پەیوەستە بە کوردستان و گەلەکەیەوە.

## گەڕان بەدوای دانسازدا، دۆزینەوەی کوردێک

کاتێک کە گولەر ئێرۆڵ تەمەنی پێنج ساڵ بوو، خێزانەکەی بڕیاریاندا لە مووشەوە بگوازنەوە بۆ ئیستەنبوڵ. لە خێزانەکەیدا تەنیا باوکی تورکی دەزانی، بۆیە ژیان گەلێک ئەستەم بوو بۆ ئەوان. شوناسی گولەر بە ئاسانی دەتوانرێت پێناسە بکرێت "من کوردم و نیشتیمانێکی ئازادم بۆ گەلەکەم دەوێت و هەوڵدەدەم ئەو نیشتیمانە مسۆگەر بکەم".

لای گولەر پاداشتکردنەوەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی سایکۆلۆژیاوە دەبێت. ئەو پێیوایە کورد بە تەمەنی جیاوازەوە پێویستیەکی زۆریان بە یارمەتی سایکۆلۆژی هەیە، بە تایبەتی دوای ئەو ئەزموونە تاڵانەی کە چەشتوویانە. دوای تەواوکردنی خوێندنی لە ئەمریکا، ئەو دەیەوێت بگەڕێتەوە کوردستان و خزمەتی کۆمەڵگەکەی بکات لە ڕێگەی سایکۆلۆژیاوە.

لەوانەیە کەمترین ڕێژەی کوردی یەک پارچە لە ئەتلانتا کوردەکانی سووریا بێت. بێکەس لە 2005 چووەتە ئەمریکا. بەڵام تەنیا بە ڕێکەوت دەربارەی ئەو کۆمەڵگە کوردییەی بیستبوو "بەدوای ددانسازێکدا دەگەڕام، هەر بۆ خۆشی گوتم با بەدوای ددانسازێکی کوردزماندا بگەڕێم لە نزیکی ئەتلانتا، بەڕاستی پێموانەبوو کەسێکی لەو جۆرە دەدۆزمەوە، بەڵام دۆزیمەوە".

بێکەس کە نەیویست ناوی تەواوی خۆی بڵێت بۆ سەلامەتی خێزانەکەی لە سووریا، دەڵێت "یەکسەر تەلەفۆنم بۆ ئۆفیسی دکتۆرەکە کرد و نامەیەکی دەنگیم لەسەر تەلەفۆنەکەی بەجێهێشت. نیو کاژێر دواتر دکتۆرەکە تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، زۆرمان پێخۆش بوو لەگەڵ یەکدی قسەمان کرد".

بێکەس بەمشێوەیە باس لە هەستی خۆی دەکات "من هەست بە سووریبوونی خۆم ناکەم و لەگەڵ کۆمەڵگەی سووری تێکەڵ نیم، بەڵام خەمی کوردی سووریام هەیە. من دەمەوێت منداڵەکانم فێری زمان و کەلتووری کوردی بن تا لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕێزیان لێ بگیرێت".

دکتۆر هەڤاڵ کێلی کە لە حەلەب لەدایکبووە، لە پۆلی یانزەیەمدا بوو کاتێک کە هاتە ئەمریکا لە ئەڵمانیاوە. ئەو لە کاتێکدا لە سووریا لەدایکبووە کە ئەگەر ناوێکی کوردیت هەبووایە ئەوە پێچەوانەی یاسا بوو. هەڤاڵ باسی ئەوە دەکات کە باوکی بەخشیشی بەکەسێک داوە تاوەکو ناوی کوڕەکەی بنێت هەڤاڵ.

دکتۆر هەڤاڵ لە خوێندنگەی پزیشکی مۆرهاوس خوێندوویەتی، ئەو خوێندنگەیە زیاتر خوێندکاری ئەمریکاییە-ئەفریقیەکان تێیدا دەخوێنن. ئەو دەڵێت ئەزموونی ئەوێی زۆر پێ خۆش بوو "ژینگەیەکی خۆش بوو، کۆمەڵگەکە پشتگیری زۆریان کردم و زانکۆکەش هەلی بەدیهێنانی خەونی بوون بە دکتۆری بۆ ڕەخساندم".

هەڤاڵ دەڵێت سەرەتا لە ڕێستورانتێک بەرامبەر بە سەنتەری تەندروستی ئێمرۆی کاری دەکرد. ئێستا لەو سەنتەرە پزیشکە و لەگەڵ سەنتەری کەلتووری کوردیدا چالاکی هەیە و پرۆگرامێکی هەیە بەناوی "کوردی تەندروست". پرۆگرامەکەی هەڤاڵ ڕێنمایی تەندروستی پێشکەش دەکات و هانی خەڵک دەدات کە چالاک و تەندروست بن.

سەنتەری کەلتووری کوردی لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە ڕووی مادیشەوە هاوکاری هەموو لاوێکی کورد بکات تا بچنە زانکۆ.

## ناساندنێکی بە ڕێکەوت

هەرچەندە مەریوان عەبدوڵڵا کوردی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، بەڵام هەموو کات ئەوەی لە بیرە کە چۆن ناسینێکی بە ڕێکەوت ئەوی لە سووریاوە هێناوەتە ئەمریکا.

مەریوان لەساڵی 2000 دوای ساڵێک کارکردن لە سووریا، هاتووەتە ئەمریکا. ئەو پارچە کاغەزێکی گرنگی لەگەڵ خۆی هێناوە، کاغەزەکە ژمارە تەلەفۆنێکی لەسەر نووسرابوو. پیاوێک لە سووریا ژمارەکەی خۆی دابوو بە مەریوان و پێیگوتبوو ئەگەر هاتیتە ئەمریکا بەم ژمارە تەلەفۆنە پەیوەندیم پێوە بکە. ئەو پیاوەش مەهدی جەباری بوو. جەباری لە ساڵی 1970وە لە ئەمریکا دەژی، بەڵام هاتوچۆی کوردستانیشی هەرگیز نەبڕیوە. مەریوان و جەباری لە سووریا بە ڕێکەوت یەکدییان ناسیوە.

کاتێک کە مەریوان گەیشتووەتە ئەمریکا، ئەو ژمارە تەلەفۆنەی داوەتە دەستی ڕێکخراوێکی خێرخوازی کریستیان کە سەرەتا هاوکاری مەریوانی دەکرد، تا جێگە و ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە.

ماوەیەکی کورت دوای گەیشتنی بە ئەمریکا، مەریوان دەستی کردووە بە کارکردن بۆ سوپای ئەمریکی و لە کامپی ڕاهێنانی سەربازەکاندا لە گوندی هاوشێوەی گوندە عێراقی و ئەفغانیەکاندا کە بۆ ڕاهێنانی سەربازەکان لە لویزیانا دروستکرابوون دەست بە کارکردن دەکات.

"زۆر ڕێزیان لێدەگرتین. بەڵام کاتێک کە باوکم نەخۆش کەوت ناچاربووم واز بێنم و بەدوای نەخۆشییەکەی باوکمەوە بم. سوپاس بۆ سەنتەری کەلتووری کوردی لە ئەتلانتا، ئەوان نەبوونایە نەمدەتوانی لە ڕووی مادییەوە بە دوای نەخۆشییەکەی باوکمەوە بم".

بەلای مەریوانەوە، ئەتلانتا ئێستا ماڵ و نیشتیمانی ئەوە "من ئاسوودەم لێرە، جێگیربووم و کارێکی باشم هەیە، خێزانم لێرەیە، کۆمەڵگەیەکی هاوکار و باشم هەیە لێرە. من کوردستان لە یادەوەرییەکانمدایە، بەڵام ئێستا ژیانم لێرەیە".

ئەگەر بەراوردی کۆمەڵگە گەورەکانی دیکەی ئەمریکا بکەین، دەبینین ئەوەی ئەتلانتا ژمارەیەکی زۆر گەورە نییە و سەرچاوەی داهاتیشی هێندە نییە. بەڵام کۆمەڵگەکەی ئێرە ئەمەی بەچەندین شێوەی دیکە قەرەبوو کردووەتەوە. لە ڕاستیدا بوونی نوێنەرایەتی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و نوێنەری ژنان و لاوان گەرەنتی ئەوە دەکات کە ئەم سەنتەرە بە دوور لە سیاسەت و بە شێوەیەکی فرە ئاینی بمێنێتەوە. ئەمەش ئەو هێزە دەداتە ئەم کۆمەڵگەیە کە لە شوێنەکانی دیکە بوونی نییە.

هەر کە کۆمەڵگەکە گەورەتر دەبێت و زیاتر گەشە دەکات، دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی کوردی ئەتلانتا و کوردی شارەکانی دیکەی ئەمریکا، دەکرێت بشبێتە نموونەیەک بۆ کوردی دیکەی دیاسپۆرا.



ئاهەنگێکی کوردانی ئەتلەنتا

(فۆتۆ: KYC)

# "هەرێمی کوردستان سیمبولی قبوڵکردنی جیاوازیی ئاینییە"

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**ڕووداو- بەرشلۆنە**

ڕێزان قادر، ئێستاش قەشەی ئەو کەنیسە بچووکەی لەبیرە، کە هەمیشە بە "مامە" بانگی دەکرد کاتێک منداڵ بوو لە سلێمانی.

"لە نزیک ماڵەکەمان مزگەوتێک هەبوو لەگەڵ کەنیسەیەک کە قەشەکەیم بە مامە بانگ دەکرد" ڕێزان ئێستا نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ئیتاڵیا و ڤاتیکان.

"کاتێک بوومە پەنابەر لە فەرەنسا دووبارە بینیمەوە، پێمگوت، لێرە هەموو کەس پرسیارم لێدەکەن کە ئایا موسڵمانم یان نا. ئەویش وەڵامی دامەوەو گوتی جوانی کوردستان لەوەدا بوو کەس پرسیاری لە کەس نەدەکرد کە چییە و چی نییە".

چەندین ساڵ پاش ئەوە، ئەو هەستی یەکدی قبوڵکردنە هێشتا ڕەگی لە هەرێمی کوردستاندا ماوە کە بووەتە پەناگای نزیکەی 10 هەزار خێزانی مەسیحی عێراقیی هەڵاتوو لە توندوتیژیی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

بۆ ڤاتیکان، کە مەترسی ئەوەی هەیە یەکێک لە کۆنترین کۆمەڵگە مەسیحییەکانی جیهان بەرەو نەمان بڕوات بەهۆی توندوتیژی و کۆچکردن لەسەرتاسەری عێراق، کوردستان پەناگەیەکی سەلامەت و کاتییە بۆ مەسیحییەکان.

کاتێک دێتە سەر مەسەلەی مەسیحیەکانی عێراق، پێگەی ڤاتیکان زۆر ناسک و هەستیارە: لەلایەکەوە مەترسی نەمانی کۆمەڵگەکەیەتی ئەگەر هەموویان کۆچ بکەن لە ترسی چەوسانەوەو توندوتیژی، لەلایەکی دیکەوە، ڤاتیکان دەزانێ زۆربەیان هیچ چارێکیان نییە جگە لە جێهێشتنی زێدی باوباپیرانیان بەهۆی هەڕەشەو هێرش لە دژیان.

"باپێکەوە نوێژ بکەین تا مەسیحییەکان لە عێراق کۆچ نەکەن". ئەمە پەیامی لویس ڕافائێلی سەرۆکی مەسیحییە کاسۆلیکەکانی بابل بوو بەهۆی هاتنی ماوەی نوێژ و ڕۆژووی پێش جەژنی هەستانەوەی مەسیح.

"ناسنامەی مەسیحیبوونمان لە قووڵایی مێژوو جوگرافیای عێراقدا ڕیشەی داکوتاوە کە تا ئێستا مێژووەکەی دوو هەزار ساڵ دەبێت" لویس وایگوت.

ئەو قەشەیە گوتیشی "ریشە و سەرچاوەی پاکمان لە وڵاتەکەماندایە، ئەگەر لێرە کۆچ بکەین ئەوا بێبەری دەبین لە بنەچەمان. خۆڕاگری و هیوا بریتییە لە دڵسۆزی بۆ باوەڕ و نیشتیمانەکەمان. نابێت گوێ بۆ ئەو کەسانە بگرن کە دەیانەوێت بتانخەڵەتێنن یان بتانترسێنن".

بەر لە جەنگی ئازادکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هەڵگیرسانی جەنگی تایفی، ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق بە نزیکەی 800 هەزار تاوەکو یەک ملیۆن و 200 هەزار کەس مەزەندە دەکران، بەڵام ئەو ژمارەیە کەمیکردووە بۆ نیوە لە دوای دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەلقاعیدەوە بۆ سەر مەسیحییەکان.

لە جەژنی کریسمسی ساڵی ڕابردوودا لە سێ تەقینەوەی جیاوازی ناوچە مەسیحییەکان 38 مەسیحی بوونە قوربانی. یەکێکیان بریتی بوو لە تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێک بەو کەسانەی کە لەدوای پەرستشکردن لە کەنیسەیەک دەهاتنە دەرەوە.

لە تشرینی یەکەمی 2010دا کۆمەڵێک چەکدار و خۆکوژی ئەلقاعیدە لەکاتی مەراسیمی یەکشەممەدا هێرشیان کردە سەر کەنیسەیەکی بەغدا کە بەهۆیەوە 44 کەس کوژران و لەنێویاندا دوو قەشە و چەند منداڵێک هەبوون.

ئارک بیشۆب جیۆرجیۆ لینگوای نوێنەری ڤاتیکان لە عێراق بە (ڕووداو)ی گوت، حکومەتی ڤاتیکان هاوکاری دەسەڵاتدارانی کورد بۆ مەسیحییەکانی وڵات بەرز دەنرخێنێ و هەرکاتێک توانیبێتیان دەستی هاوکارییان بۆ درێژ کردوون.

"سوپاسگوزاری دەسەڵاتدارانی کوردستانین کاتێک ڕێگری لە ڕووداوی نەخوازراو بەهۆی جیاوازیی ئاینەوە دەکەن و ئیدانەی ئەو کەسانە دەکەن کە ڕێز لەو مافە ناگرن" لینگوا وایگوت.

بەڵام ئاماژەی بەوەکرد کە قبووڵکردنی ئاینی جیاواز تەنیا هەنگاوی یەکەمە لە ئازادیی ئاینی، چونکە ئازادی شتی زۆر زیاتر لەخۆدەگرێ و دەبێت لە دەستووردا بچەسپێ و لەسەرتاسەری عێراقدا پیادە بکرێ.

"بەداخەوە، هەمیشە و لە هەموو شوێنێک مەترسی قبوڵنەکردنی ئاینی جیاواز هەیە، لەبەرئەوەی یاساکان کەموکورتییان هەیە. پێویستە لە مینبەری کەنیسەکان و مزگەوتەکانەوە هانی بیرکردنەوەی لەو جۆرە بدەین".

ڕێزان دەڵێت "موسڵمانان و مەسیحییەکان هەمیشە پێکەوە ژیاون. مەسیحییەکان غەریبە نین بە ئێمە. ئەوان هەمیشە نیشتمانپەروەر بوون وەکو ئێمە".

لە وتەیەکیدا لە پەرلەمانی ئەورووپا لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی جگە لە دەیان هەزار ئاوارەی سووری، نزیکەی 10 هەزار خێزانی ئاوارەی مەسیحی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەژین.

بەپێی وتەی جۆردی تێرجێل، پرۆفیسۆری مێژووی نێودەوڵەتی لە بەشی خوێندنی گەشەپێدان و نێودەوڵەتی لە جنێڤ و نووسەری چەندین کتێب و وتار لەسەر کورد، مێژووی پێکەوەژیانی کورد و مەسیحی بۆ چەندین سەدە دەگەڕێتەوە.

جیرارد چالیان، شارەزای فەرەنسی لە جەنگ و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، گوتی "لە بەشێکی جیهاندا کە بە هیچ شێوەیەک قبوڵکردنی ئاینی جیاواز نییە، هەرێمی کوردستان وەک سیمبولێک بۆ قبوڵکردنی ئاینی جیاواز دەردەکەوێ". چالیان بە (ڕووداو)ی گوت "بەشێوەیەکی گشتی، هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە زۆر باشترە بەراورد بەوڵاتانی دراوسێی، پەرلەمانی کوردستان نوێنەری مەسیحی و کەمینەکانی دیکەی تێدایە".

ڕێزان گوتی بارزانی پێنج جار لەلایەن پاپاکانی پێشووەوە پێشوازی لێکراوە "پاش ئەوەی حکومەتی نوێی کوردستان دامەزرا پێشبینی سەردانێکی دیکەی سەرۆک دەکەین. هەرگیز نەبووە بەرپرسێکی کورد سەردانی ئیتاڵیا بکات و نەچێتە ڤاتیکان".

سێ ساڵ لەمەوبەر، بارزانی خەڵاتی ئەتلانتیکی لە ڕۆما پێبەخشرا بەهۆی ڕۆڵی لە ئاشتی و سەقامگیری و ئازادیی ئاینی لە هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، کۆچی مەسیحییەکانی عێراق بەردەوامە. بەپێی ئاماری کڵێسای کلدانی، هەموو ڕۆژێک شەش خێزانی ئاشووری عێراق جێدەهێڵن. ئەوان تەنیا لە ترسی توندوتیژی و هێرشکردنە سەر کەنیسەکانیان و شەڕی تایفی نێوان شیعەو سوننە هەڵنایەن، بەڵکو زۆریان لە دەست بێکاری بۆ ناوچە ئارامەکانی وەک هەرێمی کوردستان هەڵاتوون.

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (308) دووشەممە 2014/5/5

## ئیلیز گۆرانی کوردی دەڵێت



**ئەڤین سەلاح – هەولێر**

کچــە گۆرانیبێژی لوبنانی، ئیلیز، ســەرقاڵی بەرهەمهێنانی گۆرانییەکە بە هەردوو زمانی کــوردی و عەرەبی. هەڵکەوت زاهیر کە میلۆدی گۆرانییەکەی بۆ داناوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بەشەی کە بە کوردی دەیڵێت من تێکستەکەیم نووسیوە و بەشە عەرەبییەکەشی لەلایەن شاعیرێکی عەرەبەوە نووسراوە".

ئیلیز کلیپ بۆ گۆرانییەکەی دەکات کە کاری دەرهێنانی لەلایەن فادی حەدادەوە بۆ دەکرێت. فادی کە دەرهێنەرێکی لوبنانییە، تاوەکو ئێســتا کاری دەرهێنانی بۆ چەند هونەرمەندێکی کورد کردووە.

## هۆمەر دزەیی دەگەڕێتەوە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای دابڕانێکــی زۆر لــە کاری هونەری، هونەرمەنــد هۆمەر دزەیی بە دوێتێکی گۆرانی لەگەڵ گەنجێک .دەگەڕێتەوە ناو هونەر

وەحید عەلی نــەژاد، گۆرانیبێژی گەنج بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانی (ئەی گیانی مــن )ی هۆمەر دزەیی گۆرانییەکــی کۆنــی مامۆســتایە، بڕیارە بەهاوبەشــی لەگەڵ مامۆستا هۆمــەر دووبارەی بکەینــەوە، بەڵام بەشێوازێکی مۆدێرن و بە شیعرێکی نــوێ کــە مامۆســتا هۆمــەر خۆی ."نووسیویەتی

وەحید گوتیشــی "بەمزووانە ئەو گۆرانییە دوای تەواوبوونی، کلیپێکی ."جوانی لە کوردستان بۆ دەکەین

## ڕێبین یاسا بۆ ئەوین دادەنێ



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

میوزیکژەن و گۆرانیبێژ ڕێبین جەمال ئێســتا لە کۆتایــی کارەکانــی نوێترین گۆرانــی خۆیدایــە کــە بە گوتــەی ئەو شتێکی ئێجگار جیاوازی کردووە.

ڕێبین زانیــاری زیاتری دایە (ڕووداو) و گوتــی "دوای چــوار مانــگ کارکردن لەو گۆرانییە کە بەناوی یاســای ئەوینە، ئێستا گەیشــتووینەتە کۆتایی، پێموایە کارێکی زۆر تایبەت و جیاوازە لە هەموو کارەکانی پێشــووی من، لەبــەر ئەوەی فــۆرم و شــێوازێکی نوێیــە و پــڕە لــە هەستی جوان و میلۆدی بەسۆز".

ڕێبین گوتیشی "بەنیازین لەو ماوەیەدا کلیپێکی ناوازەی بۆ بکەین".

## شاجوانی کوردستان دەبێتە سپۆنسەر



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

فێنــک محەممەد، شــاجوانی کوردســتان دەبێتە سپۆنسەری دەرکردنی کتێبێک بۆ منداڵان کە باسی ئاژەڵان دەکات.

شــاجوانی کوردســتان بــە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کتێبە لەلایەن دکتۆر ســلێمانەوە نووسراوە کە سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستانە بۆ پاراســتنی مافی ئاژەڵ، مەبەســتمان لە چاپکردنی ئەو کتێبە ئەوەیە کە منداڵان فێر بکەین چۆن ئاژەڵ و ژینگە بپارێزن. هەروەها دروســتکردنی هاوڕێیەتییە لە نێوان منداڵان و ئاژەڵان".

شــاجوان جگە لەوە، ئاشکرای کرد کە بە هــاوکاری گرووپی کۆمپانیاکانــی قەیوان بە نیازە دەستی یارمەتی بۆ 20 ماڵە هەژار درێژ بکــەن و هەموو پێداویســتییەکیان بۆ دابین بکەن.

## ئەلیسا هەڕەشە دەکات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**


دوای چەندین جار مشتومڕو تۆمەتبارکردن و سەرهەڵدانی کێشــە لە نێوان هونەرمەندان ئەلیسا و هەیفا وەهبی، لەم ڕۆژانەدا کێشەکە برایە بەردەم دادگا.

ماڵپــەری کەناڵــی LBCای لوبنانی بڵاوی کردووەتەوە "پاش بڵاوکردنەوەی چەند کۆمێنتێکــی هونەرمەند هەیفــا وەهبــی لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرامبەر ئەلیسا و سووکایەتیکردن و ناونانی دەنگی ئەلیسا بە نەشاز، دواتر وەڵامدانەوەی ئەلیســا، کێشــەکە گــەورە دەبێت و ئەلیســا دۆسیەکە دەباتە دادگا".

ئەلیســا هەڕەشــە لــە هەیفــا دەکات و دەڵێــت بە توندی وەڵامی هەموو تۆمەتەکانی دەدەمــەوەو بــۆی دەســەلمێنم کــە مــن سەردەکەوم.

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalak@hotmail.com

## بەختی ڕووداو



**کاوڕ**

هاتنی ئەســتێرەی ڤینۆســی خۆشەویســتی بۆ بورجەکەت، بەختــەوەرت دەکات، هەســت دەکەیــت ســەرنجی خەڵــکان ڕادەکێشــیت و خۆشەویســت دەبیــت، کاتێکــی باشــە پەیوەندییەکانــت لەگــەڵ کەســانێک گرێ بدەیتەوە کە پێشــتر بەهەر هۆیەک لێکدابڕاون.

**گا**

ناحەزەکانــت دەیانەوێــت کۆتایی بەکێشــەکانی نێوانتان بهێنــن، ئێــوەش دەســتێکی یارمەتیدەربــن لەدروســتبوونی ئاشــتەوایی. کارەکانــت بەشــێوەیەکی باش بەبێ بەربەســت بەڕێوەدەچێت، بۆیە کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی کاری نوێ.

**جمک**

کاتــی کارکردنە بۆ بەدیهێنانی ئــەو ئاواتانەی ماوەیەکە کاریــان بــۆ دەکەیت. هاوڕێی نوێ دەناســیت کە ســەرنجت ڕادەکێشــن و دەتوانــی وەک یارمەتیدەرێکی نوێ ســوودیان لێوەربگریت.

**قرژاڵ**

پلەوپایــەی کۆمەڵایەتیت بەهێز دەبێت، دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکی نوێ دروست بکەیت، بەتایبەت ئەو کەسانەی دەتوانن هاوکاریت بکەن، گوشــارەکانی سۆزداری کەمدەبنەوە، هەرچەند کەمێک ڕەشبین دەبن.

**شێر**

دەتوانن ســوود لەگــەڕان و پەیوەندییەکانــی ئەم ماوەیە وەربگــرن، بەتایبــەت بــۆ وەرگرتنــی ڕێنمایــی لەکارێــک، ڕووداوەکانــی ڕابردوو مەکە بەگرفتی ئێســتا، گۆڕانکارییەکان فرسەتێکت بۆ دەڕەخسێنن بۆ پێشخستنی کارەکەت.

**گوڵەگەنم**

لەململانێکاندا پارێزراو دەبیت، هەرچەندە گۆڕانکارییەکانی ڕابــردوو مژدەی خۆشــیان پــێ نەبــوو، بــەڵام هەندێکیان لە قازانجت وەردەگەڕێن. دیدارەکانتان لەگەڵ کەســانێکی بەتوانا ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە.

**تەرازوو**

حــەز و ئارەزووەکانــت زۆر دەبن، دیداری ئەو کەســانە دەکەیت کە ســەرنجت ڕادەکێشــن. دەتوانــی دڵی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت بکەیتەوە، یــان بەڵێنێک وەربگریت. کاتێکی باشە بۆ کارکردن و پەیداکردنی پارە.

**دووپشک**

هەوڵەکانتــان لەکارکردن چڕبکەنەوە، هەر کارێک بکەیت ئەنجامێکــی باشــی دەبێــت، بەخت هاوکاریــت دەکات. باری دەسکەوت و دەرامەت باشــتر دەبێت. لەڕووی ئەڤینداریەوە دەتوانن هەست بەئاسوودەیی بکەن.

**کەوان**

بەخت بەشێوەیەکی جددی هاوکاریت دەکات، گۆڕانکارییە باشــەکان بەچــاوی خــۆت دەبینیــت، لــە هەمــوو شــوێنێک ڕووبەڕووی خۆشەویســتی دەبنەوە، ڕەنگە دیارییەکی جوانتان پێشکەش بکرێت، یان کەسێکی گرنگ لێت نزیک ببێتەوە.

**کاژۆڵە**

ئاســوودەییت لەماڵــدا زیــاد دەکات، هەندێکتان شــوێنی نیشــتەجێ دەگۆڕن، بۆ ئەوەی کارەکەت بەباشــترین شــێوە بەڕێوەبچێــت، گرفتەکانــت لەگــەڵ هاوکارەکانــی کارکــردن چارەسەر بکە. لە ئەنجامدانی کاری نوێ مەترسە.

**سەتڵ**

دیــدار و پەیوەندییەکان خۆشــحاڵت دەکەن، کەســانێک دەبینیتەوە کە بە دیداریان شاد دەبیت. دەسکەوتە داراییەکان زیاد دەکەن و ئاســانە بڕێکــی کۆبکەنەوە. لەگەڵ خێزانەکەت هێمن بە.

**نەهەنگ**

هەر هەوڵێک بۆ دەسکەوت و دەرامەت بدەیت ڕووبەڕووی بەختەوەری گەورە دەبیتەوە. ماڵ هەمیشــە قەڵای پاراستنی ژیانتــە، دەتوانی بیرکردنــەوە و داهێنانەکانتی تێدا بگەیەنێتە ئەنجامی کۆتایی.

**بەکشتی:**

هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی ڕووداوێکی ناخۆش لەخۆمان دووربخەینەوە، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی ژیرانەیە.

لەماوەی ژماردنی دەنگەکانی هەڵبژاردندا پێشبینی هەموو شتێک دەکرێت، لایەنەکان لەبری ئەوەی ئاشتی لەنێو کۆمەڵگە بچێنن بوون بەسەرچاوەی ناکۆکی نێو خێزانەکان، دەبێت هەموو لایەک بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن. هەرکەسێک وابیر بکاتەوە کە دەتوانێت ئاسوودەیی لەسەر خەمباری بەرامبەرەکەی بەدەستبهێنێ هەڵەیەکی گەورە دەکات، کاتێک دەتوانین لەناخەوە پێبکەنین کە لەگەڵ چواردەورەکەمان پێبکەنین، پێکەنین بەتەنیا شێتیە.

## شاکیرا پاڵەوانی کارە خێرخوازییەکانە



**ڕووداو- سیدنی**

بەهۆی زۆریی کارە خێرخوازییەکانی. خەڵاتی HERO بەخشرایە ئەستێرەی کۆلۆمبی شاکیرا. ئــەم خەڵاتکردنــەی شــاکیرا دوای ئەوە هات کــە چەندیــن دەزگای خێرخــوازی دامەزراندووە بــە هــاوکاری ڕێکخــراوەکان وەک یونیســێف و هابیتات و چەندین کۆمەڵەی دیکە کە بە دەستە سپییەکان ناودەبرێن.

شــاکیرا ئێستا تەمەنی گەیشتووەتە 37 ساڵ و ســاڵانە زیاتــر لــە 50 ملیــۆن دۆلار لە کاری خێرخــوازی خەرج دەکات، جگە لەو کۆنســێرتە خێرخوازیانــەی بۆ نەخۆشــەکان و منداڵانی بێ سەرپەرشت سازیان دەکات.

## جینێڤەر وورووژێنەرترینە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی جینێڤەر لۆرانس بەپێی ڕاپرسییەکی گۆڤاری FHM وەک ورووژێنەرترین و کاریگەرترین ئافرەتی جیهان بۆ ساڵی 2014 دەستنیشان کرا.

بەپێی گۆڤارەکە، جینێڤەر لە لیســتی 100 ئافرەتــی کاریگەر لــە جیهاندا پلەی یەکەمــی وەرگرتووەو پێــش هونەرمەندانی بەناوبانگی وەک ریانا و بیونسێ و سکارڵت جۆهانسن کەوتووە.

سەرپەرشــتیارانی ئەم گۆڤارە ڕایانگەیاند "ئــەم نازناوە لە پــای ئەو ڕۆڵــە مەزنەی لە ســینەمای هۆڵیــوود و لێهاتوویــی و جوانــی جینێڤەرەوە بووە کە زۆربەی پیاوانی جیهان بە جوانییە ئەفسوناوییەکەی سەرسامن".

جینێڤەر لۆرانس خەڵاتی ئۆســکاری وەک باشترین ئەکتەری ساڵی 2013 وەرگرتووە و تەمەنی 23 ساڵە.



د. قەیوان سیوەیلی*

# سەرهەڵدانەوەی دیاردەی بەچەککردنی وزە

لە مێژووی نزیکماندا هەوڵی بەچەککردنی وزە بـۆ گەیشتن بـە مەرامـی سیاسـی دیاردەیەکی تازە نییە، لە سـەرەتای جەنگی دووەمـی جیهانیـدا ولایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لـە ئابلۆقەیەکی دەریایـی بێوێنەدا رێگەی لە گەیاندنی نەوتی خاو گرت بۆ ژاپۆن. لە جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا لە پاییزی 1973، وڵاتانی ئۆپێک بۆ فشار خستنە سەر وڵاتانی رۆژئاوا تاوەکو پاڵپشتی بۆ ئیسرائیل رابگرن، بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی خۆیان بۆ کەمتر لە 5% دابەزاند.

ئێستاش بۆ جارێکی دیکە دۆخی کێشەی نێوان روسیا و ئۆکرانیا گەیشتەوە ئەو ئاستەی کە بۆ خولقاندنی فشاری رامیاری دووبارە وزە وەکو چەکێکی رامیاری سوودی لێوەربگیرێت. بۆ جارێکـی دیکە لەپاش سـەرهەڵدانی ئەم کێشـەیە روسـیا راسـتەوخۆ نرخـی گازی سروشـتی خۆی بۆ ئۆکرانیا لە نزیکەی 200 ($/ m3) دۆلارەو بۆ نزیکەی 500 ($/m3) دۆلار بـۆ هەر هەزار مەترسـێجا بەرەو سـەر برد، کە ئەمە یەکڕاسـتە لەلایـەن ئۆکرانیاوە بەرپەرچدرایـەوە و نـەک نرخی تـازە قبووڵ نەکرا، بەڵکو بەپێی گوتەی لێپرسراوانی وزەی روسـیا ئامادەیی ئەوەشـیان تێدانییە قەرزی رابردووش بدەنەوە کە خۆی لە دوو ملیار دۆلار دەدات.

سـەرەتا لە سـاڵی 2005دا بـوو کە ئەم کێشـەیە لەسـەر بەرزکردنەوەی نرخی گازی روسـیا و نەدانـی پـارەی گاز بـۆ روسـیا سەریهەڵداو روسیاش لە زستانی ساڵی 2006 دا رێگەی لە ناردنی گاز بۆ ئۆکرانیا گرت، ئەم رێگرییەش راسـتەوخۆ کاری کردە سـەر بڕی گازی سروشـتی گەیشتوو بۆ ئەوروپا کە ئەو زستانە زۆربەی خاکەکەی بە بەفر داپۆشرابوو.

لە رابـردوودا و ئێسـتاش، گازی روسـیا بـۆ ئەوروپیـەکان سـەرچاوەیەکی وزەی حاشاهەڵنەگرە، چونکە تا ئێستا بەرێژەی 30% گشت گازی رۆژانەی ئەوروپا لەلایەن روسیاوە دابیندەکرێت و هەر هۆکاری وابەسـتەیی ئەم رێژە زۆرەشە کە ئەوروپاییەکان ناتوانن پشتی لێبکـەن، لە هەمانکاتیشـدا ئـەم پابەندییە دووسەرەیە، چونکە بۆ روسیاش بازاڕی گازی ئەوروپـا جێگـرەوەی نییـەو دەتوانرێت لەم بازاڕەدا سەرچاوە سروشتییەکانی روسیا لەوێ بەدراوی دۆلار بگۆڕدرێتەوە کە ئەم ئاڵوگۆڕی کاڵایە بۆ سـەرمایە روسـیای بوژاندووەتەوە، هەر لەڕاستای ئەم ئامانجەوەیە کە کۆمپانیای گازپرۆمی روسـی لە هەوڵـی هێورکردنەوەی سایکۆلۆجی پسپۆڕان و بازاڕی وزەی ئەوروپادا یەکڕاسـتە بێ پێچ و پەنـا بە ئەوروپاییەکان دەڵێـت: ئێمە دەمانـەوێ بازرگانی بکەین و لـە بایکۆتی نەناردنی گازی ئێمە مەترسـن، هەروەهـا ئاماژە بەو گرێبەسـتانەی نێوانیان دەکات کـە گازپرۆمی روسـی دەبێـت رۆژانە گاز بگەیەنێتـە بازاڕەکانـی ئەوروپا، ئەگەرنا دەبێـت سـزا بدرێت، هەربۆیـە دەڵێت گازی سروشـتی کەرەسـە و ئامێرێکی شەڕ نییە، بەڵکو کاڵایەکـی بازرگانییە بۆ بەدۆلارکردنی لە بازاڕەکانتاندا.

بەڵام لای گشـت پسـپۆڕانی بـواری وزە شـاراوە نییـە کـە سـامانی نـەوت و گازی سروشـتی کاڵایەکی جیۆپۆلیتیکـی رامیاریی گرنگە لـە جیهانی پیشەسـازیی ئەمڕۆماندا، چونکـە رووداوەکانـی بەچەککردنـی وزە لە مێژوودا بەڵگەنەویستن.

لەلایەکـەوە، لـە دێرزەمانـەوە روسـیا بۆ بایپاس (Bypass)ی خاکی ئۆکرانیا بەدوای ئەڵتەرناتیڤـی زەمینـی گواسـتنەوەی گازی سروشتی بە بۆڕی بۆ نێو تۆڕی گشتی ئەوروپادا دەگەڕێت و هەر هۆکاری ئەم کێشانەبوون کە پرۆژەکانی بۆڕی (سـاوس سـتریم (South Stream Project)، و نۆرس سـتریم (North Stream Project)) چاویـان بەدونیـای وزەدا هەڵهێنـاوە و رۆژ لـەدوای رۆژ روسـەکان هەوڵـی پراکتیزەکردنیان دەدەن.

پرۆژەی سـاوس ستریم گازی روسی بەنێو دەریای رەشدا دەگەیەنێتە کەنارەکانی ئیتاڵیا و لەوێـوە بۆ نێو تۆڕی گشـتی ئەوروپا، ئەم هێڵی بـۆڕی گازە بە ئۆکرانیـادا تێناپەڕێت. لەهەمانکاتدا سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە گرفتی پابەندیـی ئەوروپـا بە گازی رۆژانەی روسـیا زەقتر دەکاتەوە کە ئەمەش هۆکاری دوودڵیی ئەوروپایە لەم پرۆژەیە.

پرۆژەی نۆرس ستریم-یش بەهەمان شێوە لە دەریای بەڵتیکەوە یەکڕاستە گازی سروشتی روسی دەگوازێتەوە بۆ نێو خاکی ئەڵمانیا.

لەلایەکی دیکەوە، سەرەتا ئۆکرانیا و پاشان وڵاتانـی ئەوروپا بـۆ کەمکردنەوەی فشـاری رامیاریی زلهێزی روسـیا بەدوای سـەرچاوەی نوێی سـامانی هایدرۆکاربۆنی نـەوت و گازی سروشـتیدا دەگەڕێـن و بـۆ ئـەم مەبەسـتە سەرچاوەکانی وزەی نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بـە هەرێمـی کوردستانیشـەوە) و ئێران و دەوری دەریای خەزەر جێی سـەرنجی وڵاتانی ئەوروپان.

هـەر ئـەم بەدواداگەڕانـەی سـەرچاوەی سـامانی سروشـتی نەوت و گاز بـوو لەلایەن ئەوروپاییەکانـەوە کە بـووە هۆی هاتنەئارای بیرۆکـەی پـرۆژەی نابوکـۆ (Nabucco Project) ، بـەڵام بەداخـەوە ئـەم بیرۆکەیە پێش ئەوەی چاوی بەدونیای وزەدا هەڵبهێنێت لەبـەر کۆمەڵە هۆکارێکی رامیاری و تەکنیکی بـە مردوویـی لەدایـک بـوو. لەڕاسـتیدا لەم بارودۆخـەی ئەمـڕۆدا ئەوروپاییـەکان و پیشەسـازییەکەیان هیـچ ئەڵتەرناتیڤێکـی دیکەیـان نییـە و ئەگـەر بیانەوێـت پشـت لەگازی سروشـتی روسیا بکەن ئەوا خۆیان و پیشەسازییەکەیان ئاوقەی کۆمەڵە کێشەیەکی مەزنـی وزە دەکـەن کـە تائێسـتاش هیـچ چارەسـەرێکیان بـۆ نەدۆزیوەتـەوە. نەرمیی ئەوروپاییەکان بە تایبەتی ئەڵمانیا لە ئاسـت کێشـەکانی روسـیا و ئۆکرانیا بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە.

نەرویـج کە خاوەنی یەدەگی 2.5 تریلیۆن مەترسـێجا گازی سروشـتی دەبێت، یەکێکە لـەو وڵاتانەی کە پاش روسـیا بـڕی 23%ی گازی رۆژانـەی ئەوروپا دابیـن دەکات، بەڵام زۆر ئەسـتەمە بتوانێت جێی گازی سروشتیی روسیا پڕبکاتەوە.

ئێرانیـش کـە خاوەندارێتـی نزیکەی 33 تریلیـۆن مەتر سـێجا، واتە نزیکـەی 16%ی گشـت یەدەگی سـەرچاوەی گازی سروشتیی جیهـان دەکات، دەتوانێـت لـە دابینکردنـی گازی سروشـتی رۆژانەی ئەوروپـادا رۆڵێکی گرنگ ببینێ، بەڵام رەوتی سیاسـیی ئێران تا ئەمڕۆش ئاسـتەنگە لەبەردەم بەرفراوانبوونی رۆڵی ئەو وڵاتە لە دنیای وزەدا.

ئەمریکا و کەنەداش پاش سـوودوەرگرتن لـە شـێڵ گاز (shale gas)، دەتوانـن لـە داهاتوویەکـی دووردا بڕێکـی مەزنـی گازی سروشـتی هەنـاردەی بازاڕەکانـی ئەوروپـا بکەن و فشـاری روسـیا کەم بکەنەوە، بەڵام ئەم هەناردەکردنە زەمینەسازییەکی تەکنیکی گەلێک مەزنی پێویستە.

هەروەها عێراق بە خاوەندارێتی 6 تریلیۆن مەترسـێجا خاوەنی کەلتووری سوودوەرگرتن لـە گازی سروشـتی نییـە، بـەڵام بەهـۆی زەخیرەکەیـەوە دەتوانێـت گازی پێویسـتی رۆژانەی ئەوروپـا دابین بکات. ئەگەر چاو بە هەرێمی کوردستانیشـدا بخشێنین، ئەوا ئێمە ئێستا لە سەرەتای پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای گازی سروشتیداین، بۆیە بۆ خۆئامادەکردن بۆ رەوانەکردن و هەناردەکردنی گازی سروشـتی بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا 10 ساڵێکمان پێویستە، چونکە سـەرەتا دەبێت پـاش بووژاندنەوەی کێڵگەکان و دانانی وێسـتگەی پاکژی شیاو و دانانی تۆڕی بۆڕیی خۆماڵی، بڕی پێویستی رۆژانەی خۆمان دابین بکەین، پاشان بیر لە هەناردەکردنی بکەینەوە.

*شارەزا لە بواری وزە



# کاتی هاتووە کەرتی نەوت بدرێتە دەستی تێکنۆکراتەکان

عومەر ئەحمەد

کاتی ئـەوە هاتووە سیاسـییەکانی ئەم وڵاتـە یەخـەی نـەوت بـەردەن و بیدەنـە دەسـتی تێکنۆکراتـەکان، چونکـە ئـەوان چاکتـر لە سروشـتی ئەو کاڵا سـتراتیژییە تێدەگـەن و دەزانن چ پێگەیەکی قورسـی هەیە لە جیۆپۆلیتیکی جیهاندا.

کەرتـی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان لەسـاڵی 2007ەوە لەسـەر دەسـتی تیکنۆکراتێکـی خوێندەوار پێشـکەوتنێکی نموونەیی بەدەستهێناو لە قۆناغی گەڕان و دۆزینەوەوە گەیشـتە قۆناغی بەرهەمهێنان و لـە قۆناغـی دروسـتکردنی ژێرخانـی هەناردەکردن، ئێسـتا گەیشتووەتە قۆناغی هەناردەکردنی بۆ بازاڕەکانی جیهان.

سـەرەڕای ئەوەش، پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لێرەو لەوێ، زۆرجار بە تایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا پیشەسازی نەوتـی هەرێمی کوردسـتان دەکەنە مژاری هەڵبژاردن و بەچەکی ناشەفافبوون هێرش دەکەنـە سـەری و جڵـەوی بەرنـادەن، ئـەوەش پـاش ئـەوەی وەزارەتی سـامانە سروشـتییەکان لە چەند مانگـی رابردوودا دەسـتیکردووە بە بڵاوکردنـەوەی راپۆرتە تەکنیکـی و داراییەکانـی کەرتـی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا.

هەرکەسـێک تـۆزێ شـارەزایی هەبێت لـە نـەوت و گاز و ژمارەو داتـا، دەتوانێت لـە دواییـن راپۆرتـی وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکانەوە بەوردی بزانێت سامانی نەوت و گازی ئەم وڵاتە چ رۆڵێکی گرینگی لە ئابووری و سـەقامگیری و ئاسایشی ئەم وڵاتە لە چەند ساڵی رابردوودا گێڕاوە.

لەسـەرەتای ئـەم مانگـەوە، هەرێمـی کوردسـتان قسـەی خـۆی بـردە سـەر و راستەوخۆ و تاکلایەنە بەدەر لە دەسەڵاتی بەغدا دەسـتیکرد بە هەناردەکردنی رۆژانە 100 هـەزار بەرمیل نەوتی خـاو، ئەوە لە کاتێکدایـە ئەو رێژەیە دەتوانێت تا کۆتایی ئەمساڵ نزیک بێتەوە لە رۆژانە 200 هەزار بەرمیل.

سـەرەڕای ئەوە، ئاسـتی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لەو رێژەیەی کە هەناردەی دەکات زیاتـرە و بـۆ دابینکردنـی سـووتەمەنی وەک بەنزیـن و گازوایـل و نەوتـی سـپی بەتەواوەتـی پشـتی بەخـۆی بەستووە.

ئـەوەی کە سیاسـییەکانی ئەم وڵاتە نزیکەی سـەدەیەکە دەیانەوێت بەدەسـتی بهێنن، وا لەڕێـی پەرەپێدانی کەرتی نەوت خەریکە بەدەستدێت.

ئێسـتا شـارەزایانی وزەی جیهان پێیانوایە، هەرێمـی کوردسـتان بـە گەشـانەوەی سـامانی سروشـتی و هەناردەکردنـی نـەوت چەندیـن هەنـگاو نزیکتـر بووەتـەوە لـە سـەربەخۆیی ئابووری و تەنانەت دەتوانێت بگاتە سەربەخۆیی سیاسیش.

راسـتە ژینگـەی سیاسـی هەرێمـی کوردستان بە پاڵپشتی خەباتی زۆر لایەنی سیاسـی گەیشـتووەتە ئەم قۆناغە و لەبار بووە بۆ گەیاندنی پیشەسـازی نەوت و گاز بەم ئاسـتە زێڕینەی ئێستا، بەڵام ئەرک و ئـەو رێگا دوورو درێژەی کە لە پێشـیەتی وا دەخوازێـت چیدیکە نەوت و گاز نەکرێتە بابەتـی سیاسـەتی ناوخۆی حیزبی و وەک بابەتێکـی نیشـتمانی چارەنووسـساز بـۆ گەلـی کورد چاوی لێبکرێت و کۆدەنگییەک لەلایـەن پارتـە سیاسـییەکان دروسـتبێ لـە بەڕێوەبەردنـی ئـەو کەرتـە و بدرێتە تێکنۆکراتەکانی ئـەم وڵاتە کە دەزانن چی لێبکەن و بەرەو چ کەنارێک بیبەن.

تیکنۆکراتەکانی ئەم وڵاتە لە چوار ساڵی داهاتوودا ئەرکێکی قورسـیان لەسەر شانە لـە دامەزراندنی چـوار کۆمپانیـای نەوتی نیشـتمانیی کوردستان،KNOC، KEPCO، KODO ، KOMO. لـە راسـتیدا ئـەم کۆمپانیایانە بە دامەزراندنیان دەتوانن ببنە کۆمپانیـا نەوتییە کاریگـەرەکان لە بازاڕی نـەوت و گاز و وزەی ناوچەکەدا و هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش.

هەرێمی کوردسـتان بـە هەناردەکردنی رۆژانـە 200 هـەزار بەرمیـل نـەوت، جگە لـەوەی کە دەتوانێت زیاتـر لە 75%ی ئەو بودجەیـەی لـە 2014 بـۆی تەرخانکراوە بەدەسـتبهێنێ، تەنانـەت دەتوانێـت بـە دابینکردنی سـووتەمەنی بۆ وێسـتگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و پاڵاوتنی نەوتی خاو و بەرهەمهێنانـی بەنزین و نەوتی سـپی و گازی شـل (LPG)، ساڵانە بە ملیار دۆلار پارە لـە بودجەی گشـتی بگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنـەی حکومـەت. ئەگـەر داهاتەکانی دیکـەی بـەدەر لـە نـەوت بگەڕێتـەوە بۆ هەرێمـی کوردسـتان و نەنێردرێتـەوە بـۆ بەغـدا و چوارچێوەیەکـی باجی سـتاندارد دابمەزرێت، ئەوا زیاتر دەکات لەو رێژەیەی کـە لە عێـراق بـە منەتەوە بەنـاوی 17% وەریدەگرێـت و لەڕاسـتیدا 10.5%یـش تێپەڕ ناکات.

ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان بـە پشتیوانی سـامانی نەوت و گاز، دەتوانێت سەربەخۆ ببێت و نەوت و گاز دەتوانن ببنە هاندەرێکی سـەرەکیی هەرێمی کوردسـتان بۆ ئەوەی سیسـتەمێکی ئابووریی کارا لەم وڵاتـەدا دروسـت ببێ. تەنیا پێویسـتی بە کەسـانی تێکنۆکـرات هەیـە کە لـە ئەلف و بێـی ئابـووری و دارایی، پیشەسـازی و بازرگانیـی جیهـان تێدەگـەن و دەتوانـن لەسەر نەخشەی جیهان ئابوورییەکی بەهێز بەناوی کوردستان دابمەزرێنن.



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

# ئازەربایجان و بەرچاوڕوونیەک بۆ کوردستان

د.هاوڕێ مەنسور بەگ*

سـاڵی 1997 چەنـد کۆمپانیایەکـی نێودەوڵەتـی لەگـەڵ ژمارەیەک پسـپۆڕی جیهانـی و ئیقلیمـی و سـەرکردەکانی کۆمپانیـای نیشـتمانیی ئازەربایجـان دەربـارەی ئاینـدەی پیشەسـازیی نەوتـی ئازەربایجـان لـە وتووێژێکـی گـەرم و چارەنووسسـازدا بـوون. گرنگتریـن خاڵی وتووێـژ بریتـی بـوو لـە بڕیاردان لەسـەر رێـڕەوی لوولەی نەوتـی ئازەربایجان. ئایا لوولـەی نەوتی سـتراتیجی بـەرەو باکوور و بەناو خاکی روسـیادا بـڕوات کە وڵاتێکە هەمیشـە بیـری هەیمەنەی کۆنـی یەکێتی سـۆڤییێتی لە خەیاڵدایەو ئازەربایجان وەک وڵاتێکـی پاشـکۆی خـۆی سـەیر دەکات، یان رێـڕەوی دووەم کە بریتییە لە رێڕەوی رۆژئـاوا و بە خاکـی جۆرجیادا تێدەپەڕێت بەرەو جەیهانی تورکی؟

هەر رێڕەوێک سـوود و مەترسی لەگەڵ خـۆی دەهێنێت و پێویسـتە بڕیار لەسـەر یەکێکیان بدرێت و بخرێتە بەردەم سەرۆکی ئەوکاتی ئازەربایجان، حەیدەر عەلییێڤ.

عەلییێـڤ، کۆنـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسی حیزبی شیوعیی سۆڤیەت و شارەزا لە بازنە شـاراوەکانی حوکمڕانیی روسیا و گەمـە هەسـتیارەکان، یـەک پرەنسـیپی گەورەی کردبووە دروشمی حوکمڕانیی ئەو وڵاتە تـازە لەدایکبووەی قەوقـاز، ئەویش بریتی بوو لە سیاسـەتی پەراوێزنەخسـتن و بریندارنەکردنـی وڵاتانـی دراوسـێ، لـە سەرووی هەمووشیانەوە دەوڵەتی روسیا.

راوێژکارێکی دووربینی نێو گفتوگۆکان، لە ژێر کاریگەریی دیدی حەکیمانەی حەیدەر عەلییێڤ، پرسیاری کرد: بۆ دەبێت لەم دوو رێـڕەوە یەکێکیـان هەڵبژێریـن؟ بۆ نابێت هەردوو لوولە رابکێشـین؟ ئایا راکێشـانی هـەردوو لوولە وا نـاکات کـە ئازەربایجان دەرگای زیاتـری لەبـەردەم بکرێتـەوەو بژارەی زیاتری بکەوێتە بەردەست لە کاتی بڕیاردانی چارەنووسسـازدا؟ هەروەها ئەمە وا ناکات ئازەرییەکان وابەستەی یەک لایەن نەبـن و گرنگترین ئامانج لە ئاسایشـی وزە کە هەمەلایەنکردنی رێڕەوەکانە، بپێکن؟

کاتێـک پلانەکەیـان خسـتە بـەردەم سـەرۆک عەلییێڤ، بـە خێرایـی بڕیاری دا کە یەکەمجار دەسـت بە بنیاتنانی لوولەی ئازەربایجان- روسیا بکەن. هۆشداریی دایە هەمـوو لایەک کە هەمـوو رێگاچارەیەک بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئازەربایجان ئاوەڵایە. هەمـوو شـتێک دەکەیـن بۆ پێکانـی ئەم ئامانجـە تەنیا یەک شـت نەبێـت، ئەویش ئیسـتیفزازکردنی روسـیایە کـە هەرگیـز نایکەین.

ئێسـتا زۆر لـە ئێمـە لـە هەرێمـی کوردستان هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی کە رێگای تەبایی لەگەڵ بەغدا بە تاراندا تێدەپەڕێت. پەیڕەوکردنـی هەمـان دیپلۆماسـیەتی دوولایەنـەی حەیـدەر عەلییێـڤ بـۆ ئارام راگرتنـی روسـیا، رەنگبێـت بەرچاوڕوونی بێت بۆ هەرێمی کوردسـتان کـە دەوڵەتی ئێـران وەک زلهێزێکی ناوچەکە پێویسـتە هاوشـانی تورکیـا بخرێتـە ئەولەویاتـی سیاسەتی هەرێمی کوردستانەوە.

تۆبڵێـی راکێشـانی لوولەیەکی دیکەی نـەوت یان چەند لوولەیەکـی دیکەی نەوت بـەرەو ئێران، دانی باجی ترانزێت بە ئێران و دروسـتکردنی بەرژەوەنـدی ئابووریـی گـەورە بـۆ تـاران، چـی لێبکەوێتـەوە؟ رەنگبێـت قەیرانـی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان، پێویسـتی بە شیکاری قووڵی ئابووری و سیاسـیی ئەوتۆ نەبێت، چونکە دەسـتی حکومەتی ناوەند کەشفە. هەرێمی کوردستان هیچ تاوانێکی نەکردووە تاوەکو هاووڵاتیانی برسـی بکرێت، جگە لە تاوانی دوورەپەرێزکردنـی ئێـران و بێبەشـکردنی تاران لە دەریای نەوت و گازی کوردستان.

*شارەزا لەبواری وزە

# له كوردستان سێ هێڵی تەلەفۆن بۆ ئایدز دادەنرێت

یودیت نیورینك
ڕووداو- هەولێر

تریستان ترۆبی، ڕێكخەری پرۆگرامی ئایدز لە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی كوردستان و ڕێكخەری پرۆگرامەكە لە ڕێكخراوی منداڵپارێزیی كوردستان رایدەگەیەنێت كە كوردستان لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای ئایدزدایە.

حكومەتی هەرێمی كوردستان داوای لە سوێد كردووە كار لەسەر كۆنترۆڵكردنی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە بكات لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمێكەوە كە كار لەسەر بڵاوكردنەوەی زانیاری بكات لەمەڕ نەخۆشییەكە.

تریستان دەڵێت "19 حاڵەتی ئایدز بە فەرمی تۆماركراون لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵام پێدەچێت زۆر كەسی دیكە هەڵگری ڤایرۆسی HIV بن بێ ئەوەی خۆیان پێی بزانن، چونكە پشكنینی ئایدز لە بنكە تەندروستیەكاندا ئەنجام نادرێت".

تەنیا ئەو كەسانەی كە بیانین و داوای نیشتەجێبوون دەكەن داوایان لێدەكرێت پشكنینی ئایدز بكەن، ئەوەش بەپێی یاسایەكی عێراقە كە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا دەرچووە.

ژمارەی هەڵگرانی ڤایرۆسی ئایدز لە وڵاتانی دراوسێدا بەرەو زیادبوونە، ئەوە لەكاتێكدا كە سنوورەكانی عێراق لەدوای ساڵی 2003وە بەرووی ئەو وڵاتانەدا كراوەتەوە. ئێستا ڤایرۆسی ئایدز بە خێراترین شێوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقادا بڵاو دەبێتەوە.

تریستان دەڵێت لە ماوەی ساڵانی 2001 تاوەكو 2011 لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقادا ڕێژەی تووشبووانی ئایدز 35% زیادی كردووە. هەروەها مردن بەهۆی ئایدزەوە 17% زیادی كردووە. حاڵی حازر لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا 300 هەزار حاڵەتی ئایدز هەیە و ساڵانە نزیكەی 32 هەزار كەس تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن.

"لەسەر ئاستی جیهان زۆربەی ئەو كەسانەی كە تووشی نەخۆشییەكە دەبن گەنجانی خوار تەمەن 30 ساڵن. مردنی كەسانی ئەم چینە كاریگەرییەكی زۆر خراپی لەسەر كۆمەڵگە بە گشتی هەیە". تریستان وا دەڵێت.

چەندین ساڵە كوردستان نەخۆشیی ئایدز وەكو كێشەیەكی ناوخۆیی نابینێت و پێیوایە هەر ئەوەندەی سنوورەكان كۆنترۆڵ بكرێن لە هاتنە ناوەوەی ئەو ڤایرۆسە پارێزراو دەبێت، بەڵام ئەو سیاسەتەی حكومەتی هەرێمی كوردستان گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە.

تریستان دەڵێت "وەزیری تەندروستیی كوردستان سوورە لەسەر ئەوەی كە ئەم كێشەیە دەبێت گرنگی جددی پێبدرێت و بە دروستی مامەڵەی لەگەڵ بكرێت."

هەر لەبەرئەوەشە كە شەش مانگ لەمەوبەر سەنتەرێكی زانیاری لەسەر ئایدز كرایەوە و بنكەی لە شارۆچكەكاندا هەیە بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی ئایدزەوە بە خەڵك ببەخشن.



جگە لەوەش سێ دامەزراوەی حكومی هەن كە كاریان ئەوەیە ڕاوێژ بكەن و ئاسانكاری و پێشنیاز بكەن لەسەر ئەو مەسەلەیە.

هەروەها ئەنجوومەنی ئایدز كە لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە بەڕێوەدەبرێت، كاری ئەوە دەبێت كە وەزارەتەكانی دیكە و ڕێكخراوە سەربەخۆكان كۆبكاتەوە. لەو ئەنجوومەنەدا یەكێك لە كورسییەكان بە بەتاڵی ماوەتەوە، كورسییەكە بۆ ڕێكخراوێك تەرخان كراوە كە قوربانیانی ئایدز كۆبكاتەوە، بەڵام تاوەكو ئێستا ڕێكخراوێكی لەو شێوەیە لە كوردستاندا نییە.

تریستان دەڵێت ئەو ئێستا كار لەسەر ڕاهێنانی گرووپە ناوخۆییەكانی شارۆچكەكان دەكات، چونكە "كاتێك كە ئەوان باش لە مەترسییەكە تێبگەن، ئازادانەتر باس لە كێشەكە دەكەن".

لەبەرئەوەی كە ئایدز زۆرتر لە ڕێگەی سێكسەوە بڵاودەبێتەوە، ئاسان نییە لە كۆمەڵگەیەكی داخراوی وەكو كۆمەڵگەی كوردیدا كە تا ئێستا مامۆستایانی ناوەندی بەشی سێكسناسی لە وانەی زیندەوەرزانی دەپەڕێنن، باس بكرێت.

بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن بەبێ ناساندنی خۆیان باسی ئایدز بكەن، بەمزووانە سێ هێڵی تەلەفۆنی تایبەت بەو بابەتە دادەمەزرێت "كارمەندانی سەر تەلەفۆنەكان زۆر بە ئاشكرا و بە ڕوونی باسی چۆنێتی بڵاوبوونەوەی ئایدز دەكەن. هەركەسێك گومانی ئەوەی لا دروست بوو كە لەوانەیە ڤایرۆسەكەی تووش بووبێت، دەتوانێت بچێتە سەنتەرێكی تایبەت و پشكنینی بۆ بكرێت". تریستان وا دەڵێت.

هەروەها بەشێكی دیكە لە پرۆگرامەكە ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانە، ئەمەش ڕەنگە لە داهاتوودا بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی لەسەر بابەتەكە لێبكەوێتەوە.

تریستان دەیەوێت ئاگادار بێت لەوەی ترس و دڵەڕاوكێ لەنێو كۆمەڵگەدا دروست نەكات. ئەو دەڵێت "گرنگە خەڵك لەوە تێبگەن كە لە ڕێگەی دەست لێدان و جلوبەرگی كەسێكی نەخۆشی ئایدزەوە تووشی ڤایرۆسەكە نابن".

ئەو هەروەها دەڵێت لە ڕێگەی ماچكردنی كەسی تووشبوو بە ئایدز یان بەكارهێنانی دەفر و كەوچكی ئەو كەسەوە، نەخۆشییەكە ناگوازرێتەوە.

نزیكەی 90%ی ئەوانەی تووشی ئایدز دەبن لە ڕێگەی سێكسی بێ پارێزەوە تووش دەبن.

لە جیهاندا نزیكەی 35 ملیۆن كەس هەڵگری ڤایرۆسی HIVن، نیوەی ئەو ژمارەیە نازانن كە هەڵگری ڤایرۆسەكەن.

بەڵام لەساڵی 1996وە دەتوانرێت ڤایرۆسەكە كۆنترۆڵ بكرێت. ئێستا ڤایرۆسەكە لە جەستەی هەشت ملیۆن كەسدا كۆنترۆڵ كراوە. ئەویش بە بەكارهێنانی دەرمانێك كە پێیدەگوترێت Anti-Retroviral Therapy.

بۆ ئەوەی ئەو كۆنترۆڵە لە كوردستان دابمەزرێنرێت، دەبێت ئامێری (CD4) هەبێت. ئەو ئامێرە لە توانایدایە ژمارەی خانە تووشبووەكانی خوێن بژمێرێت و ئینجا ئەوە لێكبداتەوە كە چ جۆرە تێكەڵەیەكی دەرمان بەكاردێت بۆ كۆنترۆڵكردنی ڤایرۆسەكە و بۆ هەر كەسێك گیراوەیەكی تایبەت ئامادە دەكات.

لە ڕێگەی ڕێكخراوێكی سویدی و كوردییەوە، تریستان لە هەوڵی ئەوەدایە دەرمان و ئامێری تایبەت بەو بوارە هاوردەی كوردستان بكات.

بەڵام تریستان دەڵێت "ململانێی نێوان بەغدا و كوردستان كاریگەری خراپی هەیە". مەبەستی تریستان لە ململانێی نێوان ئەو دوو حكومەتەیە لەسەر بودجە.

تا ئەوكاتەی ئەو ئامێر و دەرمانە هاوردەی كوردستان دەكرێت، ئەوانەی كە هەڵگری ڤایرۆسەكەن، یان ئەوانەی كە دەیانەوێت پشكنین بكەن، پێویستە بچنە توركیا یان ئێران.

تریستان دەڵێت "بەهۆی ئەوەی Anti-Retroviral Therapy (ART) لە كوردستان نییە، دكتۆرەكان تەنیا دەتوانن چارەسەری رووكەشی نەخۆشییەكە بكەن، بەبێ ئەوەی بتوانن گەشەسەندنی ڤایرۆسەكە رابگرن.



دكتۆر ئیكرام حوسێن
Ikram_dent@yahoo.com

## تا نۆرەیان دێت دەمرن

وەزیری تەندروستی عێراق كە لەسەر ئەكاونتی كورد بووەتە وەزیر، چی بۆ نەخۆشخانەكانی شێرپەنجەی سلێمانی كردووەو ئەی ئەگەر عەجەمێك وەزیر بووایە چی نەدەكرد كە ئەو كردوویەتی؟

لە سلێمانی، سەنتەری چارەسەركردن بە تیشك لیستێكی هێندە درێژیان هەیە، فشارێكی هێندە زۆریان لەسەرە كە هەندێك جار تاوەكو سەرەی نەخۆش دێت و پەیوەندی پێوەدەكرێت تا بێت بۆ چارەسەر، ئەو ئیدی لە گۆڕستانە.

سلێمانی لەرووی زانستی و چارەسەركردن و خزمەتی تووشبووانی شێرپەنجەوە، پایەتەختی شێرپەنجەی عێراقە، هەر ئەو نێوبانگەشی وای كردووە لە سەرجەم ناوچەكانی هەرێمی كوردستان و عێراقەوە تووشبووانی ئەو نەخۆشییە شوومە بۆ چارەسەر ڕووی تێبكەن.

لەبەر هۆكارێكی زۆر سادەو بیانووبڕ، دەبووایە وەزارەتی تەندروستی عێراق، بودجەیەكی تایبەت و لەدەرەوەی 17% بۆ نەخۆشخانەكانی شێرپەنجەی سلێمانی تەرخان بكات. بە داتا، 35 بۆ 40%ی نەخۆشەكانی سەنتەری چارەسەر بە تیشك، هەروەها 30%ی نەخۆشەكانی نەخۆشخانەی هیوای تایبەت بە چارەسەری تووشبووانی شێرپەنجە لە سلێمانی، عەرەب و دانیشتووی باشوور و ناوەڕاستی عێراقن، ئەوە جگە لە كەركووك، بەڵام قنچكێك زیاتر لەو بودجەیەی كە هەیە، بۆ سلێمانی خەرجناكرێت. ئەوە لەكاتێكدا هیچ جیاوازییەك ناكرێت لە نێوان تووشبوویەكی خەڵكی بەسرە و عۆجە، لەگەڵ تووشبوویەكی خەڵكی سموود و هەڵەبجە، پێكەوە دەچنە لیستی چاوەڕوانی بۆ چارەسەر، هەمان دەرمانیان پێدەدرێت، نەخۆش هەیە پێویستی بە 50 هەزار دۆلار هەیە و هەشە پێویستی بە 200 هەزار دۆلار هەیە تا ژمارەی ئەو سەردانانەی پێوستە بۆ چارەسەركردنی تەواو دەبن.

لە ڕووە مرۆڤایەتییەكەوە، سلێمانی خزمەتێكی گەورە دەكات، بەڵام ئەی مافی خۆی نییە وەزارەتی تەندروستی عێراق، نەخۆشخانەیەكی گەورەی بۆ بكاتەوە؟ لەبەر ئەوە نا كە وەزیری تەندروستی عێراق كوردە، هەر لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی عەرەب كە بۆ چارەسەر دێنە سلێمانی، ناكرێت بودجەیەكی تایبەت و دەرمانێكی زیاتر بۆ سلێمانی تەرخان بكرێت؟ خۆ پێشتریش كە وەزیری تەندروستیی عێراق كورد نەبوو ئەو بەشە بودجەیە هەر نێردراوە.

جگە لە كوردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای كوردستان، ئێستا نزیكەی 45%ی تووشبووانی شێرپەنجەی عێراق لە سلێمانی چارەسەر وەردەگرن، پێویستە وەزارەتی تەندروستی عێراق هیممەتێك بكات و وەزیری تەندروستیش وەك كورد بێت یان وەك عێراقییەك، هاوكاری سلێمانی و تووشبووانی شێرپەنجە بكات، وەڵامی داواكارییەكانی نەخۆشخانەی هیوا بداتەوەو خەمێك لەو سەرە دوورو درێژەی سەنتەری چارەسەری شێرپەنجە بە تیشك بخوات، خانە شێرپەنجەییەكان چاوەڕێی ئەو نۆرە درێژە ناكەن و تەشەنە دەكەن، با نەخۆشەكان پێش مردنیان سەرەی چارەسەریان بەربكەوێت.

## لە كوردستان ڕۆژی جیهانیی پزیشكی ڤێترنەری بەبێدەنگی تێپەڕی

# 75% ی نەخۆشییە نوێیەكانی مرۆڤ بەهۆی ئاژەڵەوەیە




سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت لە 10 ساڵی ڕابردوودا، 75%ی ئەو نەخۆشییە نوێیانەی تووشی مرۆڤ هاتوون، لە ئاژەڵ و بەرهەمەكانی ئاژەڵەوە سەرچاوەیان گرتووە.

لەساڵی 1999 و بە تێگەیشتن لە گرنگیی زانستی پزیشكی ڤێتەرنەری، ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی كۆڕبەندێكی بەرفراوانی لەپێناو تێگەیشتنێكی نوێ بۆ پرسی "تەندروستی گشتیی ئاژەڵ" ڕێكخست و تێیدا گرنگیی تەندروستی ئاژەڵ و بەرهەمەكانیان و پەیوەندییان بە تەندروستی جەستەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە تاوتوێ كرا.


ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی دەخوازێت پزیشكانی ڤێتەرنەری لە سێ بواری سەرەكیدا ڕۆڵ بگێڕن:

1- چاودێریی بەرهەمەكانی ئاژەڵ (گۆشت، شیر و هێلكەو ....هتد).

2- كۆنترۆڵكردنی ئەو نەخۆشییانەی لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە.

3- كۆنترۆڵ و چاودێری پیسبوونی ژینگەی وشكانی و ئاو و هەوا بەهۆی پاشەڕۆی ئاژەڵ.

ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان ڕۆژی 26ی نیسانی وەك ڕۆژی جیهانی پزیشكی ڤێتەرنەری دەستنیشان كردووە، بەڵام ئەو ڕۆژەش وەك زۆربەی ڕۆژەكانی دیكەی UN بەبێدەنگی لە كوردستان تێپەڕی.



پزیشكانی ڤێتەرنەری لە كوردستان وای نابینن لە كوردستاندا ئەو ڕۆڵە زیندوویان پێدرابێت كە ڕێكخراوی تەندروستی جیهانیی دەیخوازێت.

د.عوسمان جەمال، پزیشكی ڤێتەرنەری و مامۆستا لە كۆلێجی ڤێتەرنەری زانكۆی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ی گوت "پیشەی سەرەكیمان پەیوەندی بەنەخۆشییەكانی ئاژەڵەوە هەیە كە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە تەندروستی مرۆڤەوە هەیە. كەچی پزیشكانی ڤێتەرنەری لەسەر میلاكی وەزارەتی كشتوكاڵ دادەمەزرێن، نەك وەزارەتی تەندروستی".

د.عوسمان دەڵێ ئەگەر ڕاستەوخۆ نامانخەنە سەر وەزارەتی تەندروستی ئەوا لە ئەنجوومەنی وەزیران ڕاستەوخۆ دەستەیەكمان بۆ پێكبهێنن، یان بریكاری وەزیری كشتوكاڵ پزیشكێكی ڤێتەرنەری بێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی پزیشكانی ڤێتەرنەری لە كوردستان لە چاودێریكردنی بەرهەمە خۆراكییە ئاژەڵییەكاندا، ئەو پزیشكە دەڵێت پزیشكی ڤێتەرنەری لەسەر سنوور تەنیا وردبینی لە كارت و نووسراوی زانیارییەكانی بەرهەمەكان دەكات نەك بڕیاردانی سەربەخۆ لە كوالێتی بەرهەمەكان "چونكە ئامێری پێشكەوتووی پشكنینمان نییە و پشت بە زانیاری پشكنینی ئەو وڵاتە دەبەستین كە بەرهەمەكەی لێوە هاتووە".

لە هەولێر سەنتەرێكی كوالێتی كۆنترۆڵ هەیە، بەڵام ئەوەی سەیرە بە خاوەن بەرهەمەكە دەڵێن كە خۆی نموونەی بەرهەمەكەی ببات بۆ پشكنین، لەكاتێكدا دەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەكانی ڤێتەرنەرییەوە نموونەكە ڕەوانە بكرێت. چونكە هیچ گەرەنتی نییە كە ئەو نموونەیەی خاوەن بەرهەمەكە دەیبات بەشێوەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژێردرێت.

لەبارەی ئەركی دووەمی پزیشكانی ڤێتەرنەری (كۆنترۆڵ و چاودێری نەخۆشییە هاوبەشەكانی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ) د.عوسمان جەمال دەڵێت، زۆر هەوڵیانداوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هۆبەیەكی سەربەخۆ دروست بكەن بۆ نەخۆشییە هاوبەشەكانی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ، بەڵام وەك ئەو گوتی، بەدەنگەوەهاتنی پێویستی بۆ نەكراوە "هەرچەند لەدوای بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز و باڵندە، جۆرێك لە ئاوڕدانەوە لە پزیشكانی ڤێتەرنەری هەبووە و لەسەر میلاكی وەزارەتی تەندروستی 40 پزیشكی ڤێتەرنەری دامەزران".

بەبڕوای ئەو مامۆستایەی زانكۆ، بوونی هۆبەیەكی تایبەت بە نەخۆشییە هاوبەشەكانی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ گرنگە، بۆ وەرگرتنی زانیاری و توێژینەوە لەسەر هۆكار و چارەسەرییەكانی ئەو نەخۆشییانە "ئەگەر هۆبەیەكی وەها هەبووایە، ئێستا داتای پێویست لەبەردەست دەبوو سەبارەت بە ژمارەی تووشبووانی تای ماڵتا، گرانەتا، كرمی جگەر، كۆئەندامی هەرس، هاری و چەندین نەخۆشیی دیكە كە لە كوردستان بڵاون و هۆكارە سەرەكییەكانیان ئاژەڵ و بەرهەمە ئاژەڵییەكانە".

هەرێمی كوردستان هێشتا وڵاتێكی ڕوو لە گەشەیە و مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاژەڵی زیندوو بەرهەمە فرێشەكانیان هەیە، بەمەش بەشێوەی جیاواز چەندین نەخۆشی بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە.

وڵاتانی سەر بە یەكێتی ئەورووپا وڵاتی گەشەسەندوون و پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ كەمترە و سیاسەتی پاكڕاگرتنی خۆراك بە توندی جێبەجێ دەكرێت. كەچی سەرەڕای ئەوەش لەساڵی 2006دا 175 هەزار حاڵەتی نەخۆشیی گوازراوە لە بەرهەمە ئاژەڵییەكانەوە بۆ مرۆڤ تۆماركراوە.

د.عوسمان داوا دەكات بە یاسایەك كاری پزیشكی ڤێتەرنەری ڕێكبخرێت و سەنگ بۆ بڕیارەكانیان دابنرێت "لەوڵاتانی پێشكەوتوو بەبڕیاری پزیشكی ڤێتەرنەری، مەرزی نێوان یەكە كارگێڕییەكان و تەنانەت مەرزی نێوان وڵاتانیش دادەخرێت، كاتێك پزیشكی ڤێتەرنەری هۆشداری دەدات لە گواستنەوەی نەخۆشی لەنێوان یەكە كارگێڕییەكان و نێوان وڵاتاندا".

## "سووكە جەڵتە" بە هەند وەربگرن

ڕووداو- BBC

ئەو كەسانەی تووشی "سووكە جەڵتە" یان جەڵتەی كاتی دەبن، لە مەترسیدان و ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەیەكی گەورە زۆرە.

لە "سووكە جەڵتە" دا كەسەكە تووشی نیشانەكانی جەڵتەی دەماخ دەبێت كە بریتین لە یەكێك یان زیاتر لەمانە: خواربوونی دەم، تێكچوونی قسەكردن، لەئیش كەوتنی كتوپڕی قۆڵ یان قاچ. بەڵام ئەمانە كاتی دەبن و كەسەكە خۆبەخۆ چاك دەبێتەوە، هەندێكجار لەماوەی چەند خولەكێكدا.

توێژینەوەیەكی بەریتانی كە هەفتەی پێشوو ئەنجامەكەی بڵاوكرایەوە، دەڵێت ئەو كەسەی تووشی ئەم نیشانە كاتیانە دەبێت، پێویستە بەخێرایی لەلایەن پزیشكی پسپۆڕی مێشك و دەمارەوە ببینرێت و دەرمانی پێشگیری لە جەڵتەی پێبدرێت لەشێوەی دەرمانی دژی چەوری، دەرمانی ڕوونكەرەوەی خوێن و كۆنترۆڵكردنی فشاری خوێن و هەر چارەسەرییەكی دیكە كە پزیشك لەو كەسەدا بە پێویستی دەزانێت.

بەگوێرەی ئەو توێژینەوە نوێیە، 5 %ی ئەو كەسانەی نیشانەكانی سووكە جەڵتە پشتگوێ دەخەن لەماوەی دوو ڕۆژدا تووشی جەڵتەیەكی گەورە دەبن كە چارەسەری ئەستەم دەبێت، یەك لە دوازدەشیان لە ماوەی هەفتەیەكدا تووشی جەڵتەیەكی گەورە دەبن.

توێژینەوەكە دەڵێت لەو 670 كەسەی توێژینەوەكەیان لەسەر كراوە، 20 % یان دوای سووكە جەڵتەیەك، تووشی جەڵتەیەكی گەورە هاتوون.

میكانیزمی تووشبوون بە "سووكە جەڵتە"ش هەر وەكو جەڵتەی گەورەیە، بەڵام لە حاڵەتی سووكە جەڵتەدا كەسەكە بەخت یاوەری دەبێت و لەماوەی كەمتر لە شەو و ڕۆژێكدا خۆبەخۆ بۆری خوێنە گیراوەكەی مێشكی بەردەبێت و كەسەكە باش دەبێت، بەڵام ئەگەر چارەسەری پێویست بەكارنەهێنێت ئەگەری تووشبوونی بە جەڵتەیەكی گەورە زۆر لە كەسانی ئاسایی زیاترە.

## شێرکۆ هەژار موکریانی:

# بارزانی کاژیکی بە هیچ نەدەزانی، چونکە هیچ نەبوون

شـێرکۆی هەژار ئەگەرچی لە ساڵانی شەسـت و حەفتاکاندا قەڵەمێکی دیار و سیاسییەکی چالاک بووە، بەڵام هەمیشـە کە ناوی دەهێنرێت بە مام هەژاری باوکییەوە دەناسرێتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە وەک خۆی دەڵێـت، دەمێک بوو ئەو و مام هەژار دوو ئاراسـتەی جیاوازیان گرتبوو. ڕەنگە لـە زۆر ڕووەوە دانویان پێکەوە نەکوڵابێـت، بەڵام ئەو پێیوایە کەسـیان ناهەقییان بەرامبەر یەکدی نەکردووە. شـێرکۆ هەژار لە سـاڵانی حەفتای سـەتەی ڕابردوودا بەتوندی ڕەخنە لە سـەرکردایەتی حیزبێک دەگرێت کە خـۆی تێیدا ئەندام بووە (کاژیک). ئەگەر بەراوردێکی دروسـت بێت، پێدەچێت بە پێوانەی ئەو مەسـەلە کوردییە نەڕۆیشـتبێ کە دەڵێت "کانییەک ئاوت لێخواردەوە، بەردی تێ فڕێ مەدە". بۆیە هاتووەتە سـەر ئەو بڕوایەی زۆر شتی کاژیک بە نەبوو تەماشـا بکات. کاتێک داوای ئەم دیمانەیەم لێکرد، یەکێک لـە مەرجەکانی ئەوە بوو کە وێنەی خۆی بڵاوناکاتـەوە، لەبەرئەوەی ڕەنگە لە ئایندەدا دیسـان بۆ کـورد تێهەڵبچێتەوە، کێ دەڵێـت ئەوە تارمایی سرپارێزی و داخراویی کاژیک نییە کە هێشتا بەسەریەوە ماوە.

هەڤپەیڤین:کاوە ئەمین

**کوردایەتی نەیتوانیوە ڕێکخراوێکی لە دەرەوەی بارزانییەکان هەبێت**

**تا گەورەتر دەبووم، نێوانم لەگەڵ باوکم بەکێشەتر دەبوو**

**پاسۆک تاقە یەک دانەشیان تێدا نەبوو مانای وشەی "سۆسیالیست" بزانێت**

**شێرکۆ بێکەس لە کاژیک دەرنەکرا و خۆی وازی هێنا**

**سەرکردەکانی کاژیک ئەهلی سیاسەت نەبوون**

**ڕووداو: بە کورتیش بێت باسی ژیانی منداڵی خۆتمان بۆ بکە؟ لەکوێ لەدایک بووی؟ لەکوێ دەسـتت بە خوێندن کرد، ئایا تۆش سـەرەتا لەحوجرەکانەوە فێری خوێندەواری بووی؟**

**شـێرکۆ هەژار:** من ساڵی 1946 لە موکریان لەدایک بووم، لە حوجرە نەمخوێندووە. هێندێکم لای باوکم خوێندووە و ئەوی تر لە خوێندنگەی ئاسایی شارستان. یەکەم هەشت ساڵی تەمەنم، لە ماڵی مامی زۆر خۆشەویستم لە مهاباد ژیاوم، مامـە عەبدوڵـڵام، پـووری زۆر خۆشەویسـتم زێنەب خان و نەنکی یەکجار زۆر خۆشەویسـتم مریەم خانی کچی قازی، مامە سـادقم (دکتۆر شـەرەفکەندی) و مامـە ڕەسـوڵ، ئـەو مرۆڤە مەزنـە، هەموویان لە خۆشەویسـتیی خۆیاندا نقوم کردووم، بۆ ئەوە یەکجار شانسـم هەبووە و نازانم چۆن و بە چ زمانێک سوپاسیان بکەم.

**ڕووداو: ژیانی منداڵیت چۆن بردە سـەر، لە نووسـینەکانتەوە خوێنەر هەست دەکات خۆت بەمەغـدوور دەزانـی و بەشـێوەیەک هەسـتت بـە هەڵاواردن کردووە، ئەمە تا چەند ڕاسـتە؟ هەندێـک پێیانوایـە لە تۆڵـەی ئەوەدایە وا بە توندی هێرش دەکەیتە سـەر مامۆستا هەژاری باوکت؟**

**شـێرکۆ هەژار:** ئەوجـا چوومەتە بەغدا لای باوکـم، بەزوویـی زۆرم خۆشویسـتووە، بەڵام ئیتر تا گەورەتر دەبووم، نێوانم لەگەڵ باوکمدا بەکێشـەتر دەبـوو. باوکم حـەزی دەکرد هەر ئـەو منداڵە عاقڵە بمێنمـەوە و وادیارە منیش نەمتوانی وا بم.

**ڕووداو: پێتوانییـە ناهەقیـت بەرامبـەر مام هەژار و هەندێک کەسایەتی دیکە کردووە؟**

**شـێرکۆ هەژار:** مەسەلەی هەقی و ناهەقیی مـن و هـەژار و زۆر کەسـی دیکـە بەرامبـەر یەکتر، شـتێکی نیسبییە. مرۆڤ، بەبیری من، لـە دنیایەکی لەوە کەمتـر ئایدیاڵدا دەژیت کە ناهەقیی بەرامبەر نەکرێت و لەوەش درشـتترە کە بتوانێت قەت ناهەقی بەرامبەر کەس نەکات. ئەگەرنا لەڕووی هەستی زاتییەوە، من لام وانییە ناهەقیـم بەرامبـەر هەژار کردبێـت، لام وانییە ئەویش قەت ویسـتبێتی ناهەقـی بەرامبەر من بـکات، بەڵام ئیتر هـەر کامەمان و لە ڕوانگەی خۆیەوە، بەرێکەوتی ڕووداوانی ژیان، وەهای بۆ شکاوەتەوە کە نێوانی لەگەڵ ئەوی دیکەدا زۆر ئاسایی نەیەتە بەرچاو.

**ڕووداو: چۆن ئاشنایەتیت لەگەڵ سیاسەتدا پەیداکرد؟ دەورووبەرەکەت هۆکاری تێکەڵاوبوونت بوون بە سیاسەت یان لەڕێگای بڕوا و قەناعەتی خۆتەوە بوو؟**

**شـێرکۆ هەژار:** من لە موحیتی کوردایەتیدا چـاوم هەڵێنـاوە و گەورەبووم. سـاڵی 1962 کە تەمەنم 16 سـاڵ بوو، چوومە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، ئەوسـا هـەر ئەوەمان دەزانی، بوونە شـیوعی یان پارتی و شۆڕشـی کوردایەتـی و بارزانی. نەورۆزی 1963 بووم بە ئەندامـی و هەر ئەو نەورۆزە، یان کەمێک دوای ئەوە، بە سـەرنجدانی ڕەفتاری شاندی کورد لە بەغدا کە جەلال تاڵەبانی سـەرۆکی بوو، بڕوام بە پارتی دایە کزی. ساڵی 1964 وازم لە پارتی هێنا، چونکە پێموابوو هەر باڵی برایم ئەحمەد و تاڵەبانـی حیزبایەتییان دەکرد و بە دابڕانیان لە عەشـیرەتی بارزان و چوونیان بۆ لای شای ئێـران، ئیتـر هیچ ئومێدێکم پێیـان نەما. ئەو سـاڵە گەیشـتمە ئەو نەتیجەیە کە کوردایەتی هیچ ڕێکخراوێکی لە دەرەوەی ئیدارەی بنەماڵەی بارزانی نەبوو، ئێسـتاش، دوای 50 سـاڵ، لام وایـە ئەو وەزعە هەر وەکـو خۆی، وەکو پێش ئەو 50 ساڵە پڕکارەساتە ماوەتەوە، کوردایەتی نەیتوانیـوە ڕێکخراوێکی لـە دەرەوەی ئیدارەی بارزانییەکان هەبێت.

**ڕووداو: دەربـارەی کاژیـک و دامەزراندنـی کاژیک چی دەڵێیت، کەی بوویت بە ئەندام و لە ڕێگای کێوە بوویت بە کاژیک؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** مـن لـە بەغـدا هاتوچۆی دۆسـتێکم دەکـرد، ئەندامێکـی پارتـی کـە هاوکارێکـی کامیـل ژیر بوو لە شـیرکەتێک لە بەغدا، نێوانی قسەوباس کردنەوەم لەگەڵ کامیل ژیردا دەسـتپێکرد و لە نەتیجەدا، وادەزانم ئیتر سـاڵی 1965 بـوو، داوای چوونە ڕیزی کاژیکم کرد. نامەیەکم بۆ ئـەوە دایە کامیل ژیر، دوای ماوەیەکی کەم عەبدوڵڵا ئاگرین پێوەندیی پێوە کردم. دوای ئەو پێوەندیم بە شـێرکۆ بێکەس، خـودی کامیل ژیر و ماوەیـەک بە هەڤاڵی زۆر خۆشەویستم مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین (ی ڕەحمەتی) ییەوە هەبوو. پێوەندیی کاژیک ئەوسـا هەر فەردی بوو (یەک کەس پێوەندی بە یەک کەسـەوە دەکرد، شـانە نەبوون). من لـە کتێبێکمدا (کوردی نەتەوەیـی و نەتەوەی کوردستان، پەراوێزی ژمارە 17 ، ل 74 تا 77) نموونـەم لە چالاکیی نێـوان 1966 و 1970ی خـۆم بـۆ کاژیک باس کـردووە. مـن هەروەک زووتر لە پارتیدا کەوتبوومە گومانەوە، لەم چوار ساڵەشـدا تا دەهات پتر لـە کاژیک دەکەوتمە گومانـەوە. تا سـاڵی 1970 ئیتر هەر زۆر لێی سـارد ببوومەوە، بەڵام دیسـان بە ڕادەی ئەوە نەبـوو کە وازی لێ بهێنم. تا سـاڵی 1972 کە عەبدوڵڵا ئاگرین گومانەکانمی بۆ سـەلماندم و پێیگوتـم: نە حیزب هەیـە و نە هیچ، هەمووی وازی هێنـاوە، هـەر مـن و چەنـد کەسـێکی لەبەردەسـتی مندا ماونەوە و تەواو. زۆرم هەوڵ دا قەناعەتـی پێبکـەم کە ئەندامـان لە ڕێگای کۆنگرەیەکـەوە ڕووبەڕووی حەقیقەت بکرێنەوە و بتوانن بڕیاری چارەنووسـی خۆیان بدەن، بێ فایدە بوو، قەبووڵی نەکرد. ئەو بە دەستخەتی خـۆی، بەناوی سـەرکردایەتی و لق و هەرچی، چەند کەسـێکی بە خۆیەوە ڕاگرتبوون. کاتێک ئەوە لە مامۆستا عوسمان ڕەشید ڕوون بووەوە و بەگژ عەبدوڵڵا ئاگریندا چوو، ئاگرین فەرمانی کوشتنی مامۆستا عوسمانی دەرکرد و... ئەوی تریش ئیتر لە نووسینەکەی کاک ئازاد (هێندێک بیرەوەریی ڕۆژانی کاژیک)دا هەیە.

**ڕووداو: جگـە لـە کاژیکنامـە، ئایـا هیـچ بڵاوکراوەیەکـی دیکـە هەبوو کـە بیروباوەڕی کاژیکی تێدا بڵاوبکرێتەوە؟**

**شـێرکۆ هەژار:** ساڵانی شێستەکان هێندێک دەستخەت بەناوی "چرای کوردستان" و "نەوەی کـورد" دەرچـوون و دکتـۆر جەمـال نەبەز لە ئەورووپا ناوبەناو، بە مەیلی خۆی هێندێک شتی نووسیون و تەواو.

**ڕووداو: سـەرچاوەی بیری کاژیک لە کوێوە هەڵدەهێنجرا، دەڵێـن سـەرکردەکانی کاژیک زۆر لەژێر کاریگەری نووسـەری عەرەب (ساتع ئەلحەسری)دا بوون؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** "سـاتع ئەلحەسـری" و "ئەلبەیتار" و "عەفلەق" و یەک دوو سەرچاوەی دیکەی ناسیۆنالیسـتی عارەب، ئیلهامیان داوە بە چەند کەسـێک کە بە لاساکردنەوەی ئەوان کتێبێک بنووسن و ناوی بنێن " کاژیکنامە" . من ئەو سـەرچاوانەم خوێندوونەوە و کاژیکنامەشم خوێندووەتەوە. لاساکردنەوەیەکی زۆر ساویلکە و منداڵانەی قسەی ئەوانە.

**ڕووداو: شێرکۆ بێکەس دەڵێت لەبەر ئەوەی سـەرکردەیەکی کاژیـک سـەرکۆنەی کـردووە چونکە شیعرێکی بۆ چێ گیڤارا نووسیوە، ئەوە وای لێدەکات واز لە کاژیک بێنێت؟ بەڵام کامیل ژیـر دەڵێت کاژیک خـۆی دەریکردووە، چونکە کەسێک بووە هەمیشە مەست بووە و بەکەڵکی کاژیک نەهاتووە؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** شـێرکۆ بێکـەس، بەڵـێ دەیخواردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی و وەکو هەموو هەڤاڵەکانی، دەرکردنی کەسێک لە کاژیک؟ نەخێر نەوەڵڵا، زۆر بەداخەوە کە کامیل ژیر ئەو بوختانانە دەکات.

مـن نازانم ئەگەر شـێرکۆ بێکـەس بەهۆی ڕووداوێکەوە سـەرەتا وازی لە کاژیک هێنابێت. بـەڵام خـۆی وازی هێنا و حەتمـەن بڕوای پێ نەمابوو، هاوکاریی منیشـی لە سـەرکردایەتی کاتیـی کاژیکـدا کـرد، نەهاتـە ڕیزەوە بەڵام شـتی لەدژی سـەرکردایەتی کۆن بۆ نووسین، چاپمـان کرد ـ لەسـەر داوای خۆی ـ بەناوی خۆمان بڵاومانکردەوە، ئەوە تاقە نووسـینێکی سەرکردایەتی کاتیمان بوو کە من نەمنووسیبوو، هەمـوو نووسـینەکانی تـر و بەیاننامەکان من نووسـیومن، تەنیا من. مەسەلەی بەدمەستی و دەرکـران و ئەو قسـانە، زۆر بەداخەوە، فڕیان بەسەر حەقیقەتەوە نییە. وەکو ئەوە کە کامیل ژیر من بە "جەلالی" ناودەبات، لەکاتێکدا کە ئەو پەراوێـزەی ژمـارە 17، ل 74 تـا 77ی کتێبی "کوردی نەتەوەیی و نەتەوەی کوردستان"ی من ببینی، دەزانێت ئەو قسەیەی هەڵگێڕانەوەیەکی زۆر درزێـوی حەقیقەتـە. جەمال نەبەز لەسـەر داوای کامیـل ژیر شـتێکی لەسـەر 11ی ئازار نووسیوە، بەڵێ بەناوی کاژیکە، بەڵام حیزبێک بەنـاوی کاژیـک لە ئارادا نەبـوو، وەهم... هەر وەهم پێ فرۆشـتنی ناوبەناوی چەند نەفەرێک بوو. ئەوانە تەنانەت ئیدریس بارزانی بە کاژیک ناودەبـەن! زۆری تریش لەوانەی وەکو ئیدریس ناویـان دەبـەن، بە نموونە عەلـی بەگی جافی هەڤاڵی من، هەر قەت فڕیان بەسـەر کاژیکەوە نەبووە، من جارێک کاژیکنامەم پێشـانی عەلی بـەگ دا و... ئیتر هەر ئەوەندە بوو، نە کاژیک و نـە هیـچ. کامیل ژیـر و عەبدوڵـڵا ئاگرین و هێندێکـی تریشـیان، لە ڕووی خوێنـدەواری و هۆشـیارییەوە زۆر کول و بەدبەختن و تووڕەن و بوختـان دەکەن و... ئیدی، من لە " هەژاری مرۆڤ ...ـ بەرگی سـێیەم"دا، فەسـڵی 66، ل 401 تا 409، باسـی جەمال نەبـەزم کردووە. ئەوانە قەت مرۆڤی خەبات و فکر و شـۆڕش و ئەو شـتانە نەبوون. من نەمویسـت لەسەر ئەو لایەنانەیان بدوێم، ئەوجا من پێش ئەم وەڵامەی دواییەم، هێندێک شـتم بۆ نووسـین. لێم ڕوون نییە ئێستا دەبێت وەڵامی چیم لە بیرچووبێت.

**ڕووداو: کێشـە ناوخۆییەکانـی کاژیـک چی بوون؟**

**شێرکۆ هەژار:** من گوتم: چەند خوێندەوارێکی سـلێمانی (مامۆسـتا، شـاعیر... ئیدی)، بای عاتیفەیەکی ناسیۆنالیسـتی لێیـداون، پێکەوە شـتێکیان بەناوی "کاژیکنامە" نووسـیوە و لە جەوهەردا تەواو. نە پرۆگرام، نە پێڕەوی ناوخۆ، نە نەخشـەیەکی کار، نە چاپ، نە کۆبوونەوەی ڕابەرایەتییەک ...هیچ . بە زوویی، گرنگترینیان، جەمال نەبەز (ئەوسـا دکتۆر نەبوو) بۆ تاسەر دەچێتـە تاراوگە و لەوێـوە ناوبەناو، بە مەیلی شەخسـیی خۆی شتێک دەنووسـێت، ئەوانی دیکە ئیتر هەر ناوێرن جێژناوجێژن نەبێت هەر سـەر لە ماڵی یەکتریش بدەن، نەوەکا گومانی شـتێکیان لـێ بکرێت کـە بۆ ژیانیـان خەتەر بێت. لە کاتێکدا، زۆر ناسـەرکەوتووانە، هەموو سلێمانیش پێی دەزانین کە ئەوانە کاژیک بوون: کامیـل ژیر و فەرەیدوون و هـەردی ... ئیدی! واتا کێشـەکە ئـەوە بوو کە هەر لەسـەرەتاوە مەرجەکانی "حیزب"ێکیان تێدا نەبووە. بەرنامە و پێڕەوێـک نەبـووە ئەوانـە بـە نەزمێکـەوە ببەسـتێتەوە، گوتارێکی " کاژیکنامە" بەشـی پرۆژەی کار ناکات.

**ڕووداو: هەڵوێسـتی کاژیک لەسەر شۆڕشی ئەیلوول چۆن بوو؟**

**شـێرکۆ هەژار:** کاژیک، کە حیـزب نەبووە، هەر ئەو چەند شاعیرو شتە، بە زوویی بڵاوەیان کردووە، هەسـتی نەتەوەییان هەبووە و دەبێت پێیـان خۆشـبووبێت کـورد ڕادەپەڕێـت. ئەو ناوبەناو چەند دەسـتخەت و جەمـال نەبەز لە ئەورووپـا لای خۆیەوە دیارە لایەنگری شـۆڕش بـوون. عاتیفـەی نەتەوەیـی کەسـانێکی وا لێکردووە دۆستی "وەهم"ی کاژیک بن، بەنموونە کاک فەتاح (هێزی خەبات)، بەڵام هەر عاتیفەکە بووە.

**ڕووداو: کاژیـک خۆی کاکـە حەمەی عەزیز و شـێخ محەممەد هەرسینی ناردە لای مستەفا بارزانی؟**

**شێرکۆ هەژار:** نازانم.. دەزانم کاتێک چوونە لای بارزانـی، ئیتـر دوای ئەوە بە هیچ جۆرێک هیچ کارێکی دیکەی سیاسییان جگە لە خزمەتی ماڵـی بارزانـی، وەک هەر مرۆڤێکـی بارزانی، نەکـرد، ئیتر بوون بە پیاوی ئـەو دیوەخانە و تەواو، هیچی تریان نەبوو. من خۆم لە بردنەوە سەریەکی شتەکان وای بۆ دەچم کە هەرسینی و حەمـەی عەزیز (پارتی گەلـی کورد)یان بۆ ئەوە دامەزراندبێت تاکو بەو ڕێگایەوە جێگایەک لای بارزانی بۆخۆیان پەیدابکەن و کە کاژیکیش هەبـووە، چوونەکەیان بـۆ لای بارزانی بەناوی کاژیکـەوە پێ باشـتریش بووە، ئیتـر چوونە کاژیکـەوە. بەڵام ئیتر ئەمە بردنەوەسـەریەکی منە، نە پتر.

**ڕووداو: هەڵوێسـتی مستەفا بارزانی لەسەر کاژیک بەتایبەتی و نەتەوەییەکان بەگشتی چی بوو؟**

**شـێرکۆ هەژار:** بە هیچی نەدەزانین، چونکە هیچ نەبوون.

**ڕووداو: بۆچـی کاژیک پشـتی باڵی مەلایی گرت و دژی جەلالییەکان بوو؟**

**شێرکۆ هەژار:** هەرسینی و حەمەی عەزیز و عەبدوڵڵا ئاگرین هەر لە سـەرەتاوە لای بارزانی بـوون، ماوەیـەک فەرەیـدوون عەلی ئەمینیش پێشمەرگە بوو، کاک فەتاحیش پێشمەرگە بوو، ئەوانە سنوورێکیان لە نێوان بارزانی و "عاتیفەی کاژیـک"ی (وەهـم)دا نەدەدیـت. پیاوەکانـی بارزانی دیارە لـە خزمەت بارزانیدا دەمێننەوە. پێوەندیـی چەند نەفەرێکـی دیکە (کامیل ژیر بەنموونە) لە حەلەقەیەکی عاتیفەیی بێ ڕێکخراو، بێ پێڕەوی ناوخۆ و بێ بەرنامە، لێرەدا شوێنی نییـە، خەریکی وەزیفە و ژیانی تایبەتی خۆیان بوون.

**ڕووداو: هەڵوێستی کاژیک لەسەر 11ی ئازار چۆن بوو؟**

**شێرکۆ هەژار:** کامیل ژیر دوای بەیانی 11ی ئـازار چـووە لای جەمال نەبـەز و، نەبەز یەک یـان دوو بەیانی بۆ نووسـی، تێیـدا لایەنگریی کاژیکـی بۆ ڕێککەوتنـی 11ی ئـازار دەربڕی. دیسـان، کامیل ژیر و نەبەز لـە خۆیانەوە ئەو شـتەیان کردووە، حیزبێک بـە ناوی کاژیک لە ئارادا نەبووە.

**ڕووداو: تـۆ بۆخـۆت لەنـاو کاژیکـدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیت چی بوو؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** کاژیک پرۆگـرام و پێڕەوی ناوخۆی نەبوو، حیـزب نەبوو، جۆرە کلوبێکی بچووکـی بـێ نەزمـی پێوەندیی تـاک بۆ تاک بـوو. بە منیان گوت تـۆ ئەندامیت، ئەوجا من بـووم بە ڕێکخـەری چەند تاکێک بـە جیا، لە ڕیـزی جەلالییەکانـدا دەورم دیتـووە (کـە لە پەراوێزی کتێبی "کوردی نەتەوەیی و نەتەوەی کوردسـتان"دا ڕوونـم کردووەتـەوە). کۆتایـی 1973 دەستم بەسەر ڕێکخستنی کاژیکدا گرت (کاک ئـازاد بە درێژی باسـی کـردووە چۆن)، ویستم کۆنگرەیەک ڕێکبخەم کە شتەکان تێیدا سـاغ ببنەوەو بەلایەکدا بکەون. سـاڵی 1974 لەنـاو پێشـمەرگەدا زۆر چـالاک بوویـن و زۆر بەیاننامەمان بۆ بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگە نووسـین، لەوانە — بەنموونە ـ بەیاننامەیەک لە یادی شەهیدبوونی فەرماندەیەکی پێشمەرگەی ئەندامی کاژیک عومەر سـاڵح مەنسـوور لەناو پێشمەرگەدا زۆر دەنگی دایەوە.

**ڕووداو: لە سـاڵی 1974 بەیاننامەیەک دژی سەرکردایەتی کاژیک بڵاوکرایەوە، ئێوەش لەناو ئـەو ئەندامانەدا بوون کە ئیمزاتان کردووە؟ بۆ ئەو بەیاننامەیەتان دەرکرد و مەبەسـتتان چی بوو، دەکرێت ناوی ئەو کەسانە بڵێن کە بەشدار بوون؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** من ئـەو بەیانـەم بەناوی سەرکردایەتی کاژیک نووسیوە و بە پێشنیازی مامۆسـتا عوسمان ڕەشـید و ڕەزامەندی کاک ئازاد، ئەوسـا هەر ئەو سـێیە لە سەرکردایەتی کاژیکدا مابووینەوە. بۆچی ئەو بەیاننامەیە؟

**یـەک:** وامان بیسـتەوە کـە کۆبوونەوەیەک کـراوە، هـەردی و چەند کەسـێکی تێدا بوون، دەیانەوێـت بە ناوی کاژیک کارێک لەدژی ئێمە بکەن، ئێمە بەم بەیانە ویسـتمان بڵێین ئەوانە دەرکراون و "ئێمە" بڕیار لەسەر کاژیک دەدەین.

**دوو:** بزووتنەوەیەکـی نـوێ دەیەوێت خۆی بە پێشمەرگە و هێزە سیاسییەکان بناسێنێ و هەنگاوی یەکەمی ئێمە بۆ ئەوە ئەم بەیانە بوو.

**ڕووداو: دەوری حیزبـی شـیوعی — قیادەی مەرکـەزی چی بـوو، دەڵێن بەهاندانـی ئەوان ئەو بەیاننامەیەتان دەرکـردووە و فاروقی مەلا مسـتەفا هاوکاری کـردوون؟ تەنانەت هەر لای ئەوانیش چاپتان کردووە؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** دەوری هیچ نەبـوو و فڕی بەسـەر هیچـی ئێمـەوە نەبوو. یەک سـەعات دانیشـتنێکی مـن و فارووقی مەلا مسـتەفا لە ماڵی شێرکۆ بێکەس هەبوو، هەر بۆ گۆڕینەوەی بیروڕای دوو کەسـی دنیای سیاسـەت، دامانناا دیسـان یەکتـر ببینین، بەڵام هـەرەس هات و نەبوو. ئێمە خۆمان هەموو شتێکی خۆمان چاپ کردووەو بۆ ئەوە پێویستیمان بە کەس نەبووە.

**ڕووداو: گلەیـی ئەوەتان لێدەکرێت کە ئێوە نـاوی سـەرکردەکانی کاژیکتان نووسـیوە بە ڕەمزیـش بێت، وەکـو (١ ە) کە هەموو کەس دەزانێت مەبەسـت ئەحمەد هەردییە؟ ئەمە تا چەند ڕاستە و مەبەستتان چی بوو لەوە؟**

**شێرکۆ هەژار:** ئەوە ڕاستە، من ڕوونمکردەوە کـە دەمانویسـت ئیعتیبـاری نوێنەریی کاژیک لەوانە بسـتێنین، نەوەکا بەناوی کاژیک لەگەڵ کۆنە ئەندامانێک و پێشمەرگەدا بدوێن و کار لە دژی ئێمە بکەن.

**ڕووداو: هەڵوێسـتی پارتی و بارزانی لەسەر ئەو بەیاننامەیە چی بوو؟**

**شـێرکۆ هەژار:** مێشیشـیان میـوان نەبوو. دەڵێـن لە سـەرەتای 1975 فەرمانی گرتنمان لەلایەن پاراستنەوە دەرچووە ... هەشتا کەس و نازانم چی، سەیر نییە ڕاست بێت، بەڵام من بەڵگەی تەواوم بۆ ئەو قسەیە نەدیتووە.

**ڕووداو: دوای دەرکردنـی ئـەو بەیاننامەیە، ئەو گرووپە چیتان کرد؟ ئایا درێژەتان بەکاری سیاسی دا، بە چ ناوێکەوە؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** پێنج- شـەش حەفتەیەک دوای ئـەو بەیانە، هەرەسـی شـۆڕش بڵاوەی پێکردین.

**ڕووداو: بۆچی کاژیک نەیتوانی ببێتە پارتێکی جەمـاوەری و تەنیا لەناو نوخبەیەکدا مایەوە و گەورە نەبوو؟**

**شـێرکۆ هەژار:** عاتیفەی سـێ چوار شاعیر و نووسـەر بەشـی ئەوەی نەدەکـرد حیزبێکی سیاسی پێکبهێنێ. قەت نەبوو.

**ڕووداو: دەڵێن سەرکردەکانی کاژیک سیاسی نەبوون؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** نەخێـر ئەهلی سیاسـەت نەبوون، ئەوانە کێشەی ڕەوانییان زۆر هەبوو.

**ڕووداو: کاژیک بەفەرمی هەڵوەشاوەتەوە یان کارەکانی سڕکراوە؟**

**شـێرکۆ هەژار:** کاژیک قەت کاری نەکردووە تا بوەسـتێت، مـن دەمگوت ئەگـەر کارناکەن بەرەسمی بیڵێن، ڕاییگەیەنن تا ئەوەی لەگەڵتانە بزانێت چ باسـە، دەیانویسـت شـتەکە هەر بە وەهم بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی بەڕاستی هەبێت و تووشی کێشەیان بکات.

**ڕووداو: ئێـوە لـە دامەزراندنی پاسـۆکدا، دەورتان چی بووە؟**

**شێرکۆ هەژار:** هیچ.

**ڕووداو: پاسۆک درێژکراوەی کاژیک نەبوو؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** ئەوەنـدەی مـن بزانـم، دامەزرێنەرانی پاسۆک پێشتر ئەندامانی کاژیک بـوون. کاژیک چەندە فکـری هەبوو، ئەمانیش هەر ئەوەندە، تاقە یەک دانەشـیان تێدا نەبوو مانای وشـەی "سۆسیالیسـت" بزانێت، جەمال نەبەز بۆ مەبەستی خۆی لەناوی "نەتەوەیی"ی دوورخستەوە و "سۆسیالیست"ی بۆ هەڵبژاردن. وەهم... هەمیشە وەهم.

**ڕووداو: بۆچـی ئێـوە نەگەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان و بەشـداری لـە شۆڕشـدا بکەن؟ لەکاتێکدا سـەرکردەکانی یەکێتی و لایەنەکانی دیکـە ئەورووپایـان بەجێهێشـت و گەڕانەوە بۆ کوردستان؟**

**شێرکۆ هەژار:** ئەوانە گەڕانەوە لای حیزبێکی کـە هەیانبـوو، من هیچم نەبوو. سـاڵی 1979 هاتمەوە کوردسـتان، هەوڵێکم دا کۆنگرەکەی کە لـە 1975 پێکنەهاتبوو، ئەمجارە پێکبێت، هەموو کۆنەکاژیکەکان، بە پاسۆکیشـەوە تێدا بن. بەڵام سەری نەگرت.

**ڕووداو: پاسـۆکیش لەلایەنی ڕێکخسـتنەوە وەکو کاژیک نەیتوانی سنوورەکان و بگرە هەموو باشووری کوردسـتان بگرێتەوە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**شـێرکۆ هەژار:** چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە پەڕپـووت بوون و قەت نەیانتوانی ببنە حیزب. لـە کاژیک هیچ فێر نەببـوون و بێ ئەزموون و زۆر نەزان بوون، عاتیفەیەک بوون و هیچی تر.

**ڕووداو: بۆچـی نەتەوەییـەکان دانویـان لەگەڵ یەک ناکوڵێت و هەمیشـە لە دژی یەک قسەدەکەن؟**

**شێرکۆ هەژار:** چونکە بناغەی یەکترناسینیان هـەر عاتیفـە بـوو، بناغەیەکـی بـۆش، هیچ پرۆگرامێکـی نەتەوەیـی هێشـتا نەهاتووەتـە سەر شانۆ، تاکو بڵێین ئەمانە نەتەوەیین و لە خەڵکی تریان جیابکەینەوە.

**ڕووداو: باسـی ئـەوە دەکرێـت خەڵکانـی نەتەوەیی وەکو ئێوە هێندە سـیقەتان نییە بە هاوبیرەکانتان تەنانەت کـە دەچن بۆ وڵاتێکی دیکە کافـێ و چاییش لەگەڵ خۆتـان دەبەن، یان کەس شـوێنی ژیانی ئێـوە نازانێ؟ ئەگەر وابێـت چۆن دەکرێـت وڵاتێـک ڕزگاربکرێت و ئەو هەموو داگیرکـەرە وەدەربنرێن؟ ئایا ئەمە وەهمە یان ڕاسـتیە کە داگیرکەران وا بە چرای ڕۆنگەرچەکەوە بەدوای ئێوەمانانەوە بن؟**


**شێرکۆ هەژار:** هەمان وەڵام.

**ڕووداو: ئاینـدەی بیـری نەتەوەیـی لـە کوردسـتان چۆن دەبینن؟ بـەم حاڵەوە کورد دەتوانێت دەوڵەت دروست بکات؟**

**شـێرکۆ هـەژار:** ئێسـتا بیـری نەتەوەیـی کوردسـتانی، جگـە لـە بنەماڵـەی بارزانی و بەوشێوە کۆنەی خۆیان، هیچ ڕێکخراوێکی نییە.

**ڕووداو: بنەماڵەی بارزانی دەتوانن دەوڵەتێک دروست بکەن؟**

**شێرکۆ هەژار:** بە زەحمەتی دەبینم، نازانم.





مەجید نیزامەدین گلی*

# سێ مەرجی ئەمەریکا بۆ سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق

نوری مالیکی ببێتەوە سەرۆک وەزیران یان نا، ئەو گرنگییەی نییە بۆ ولایەتە یەکگرتووەکان. ئەمەریکا بەرژەوەندیی ستراتیجی خۆی لا گرنگترە لە عێراق. بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی دەیەوێ سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق ئەم 3 سیاسەتەی خوارەوە پەیڕەو بکات.

## 1 -داعش لە ئەنبار دەربکات

ئەمەریکا سەرۆک وەزیرانێکی دەوێ کە کۆنترۆڵی ئەنبار بکات. بۆ ئیدارەی ئۆباما زۆر گرنگە کە داعش و گرووپە توندڕەوەکان کۆنترۆڵی هیچ ناوچە و شار و شارۆچکەیەک نەکەن لە عێراق. راستە گرووپە چەکدارەکانی وەکو داعش و قاعیدە هەر چالاک بوونە لە عێراق، بەڵام ئەوەی ئەمەریکا لێی دەترسێ، ئەوەیە کە ئەوان کۆنترۆڵی ناوچەیەکی گەورەی وەکو ئەنبار بکەن. بە گوێرەی سەرچاوەکانی رۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمەریکی، بەرپرسانی هەواڵگری بە کۆنگرێسی ئەمەریکیان گوتووە کە گرووپە توندڕەوەکانی عێراق دوای ئەوەی چەند ناوچەیەکی ئەنباریان کۆنترۆڵ کردووە، دەیانەوێ چەند هێرشێک لەناو خودی ئەمەریکا ئەنجام بدەن. ئەگەر گرووپە توندڕەوەکان سەرکەوتوو بن، ئەوا ئۆباما و گەورە بەرپرسانی ئیدارەکەی لە ناوخۆی ئەمەریکا بەرەوڕووی قەیرانی سیاسی دەبنەوە و رای گشتی ئەمەریکی باوەڕی بە "ستراتیجی کشانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" نامێنێ کە ئۆباما لە 5 ساڵی رابردوودا پابەندی بووە.

بەهێزبوونی گرووپە توندڕەوەکان سەرچاوەی ترسێکی گەورەیە بۆ ئەمەریکا. بە گوێرەی راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەربارەی "تیرۆر" لە جیهاندا، تەنها لە ساڵی 2013دا، هێرشە تیرۆرستییەکان بە رێژەی 43% زیادیان کردووە لە جیهاندا و زۆربەی ئەم رێژەیەش لە عێراق و لیبیا و سووریا بوون. زیادبوونی هێزی گرووپە توندڕەوەکان لە عێراق جێگای نیگەرانییە بۆ واشنتن. وەکو بابەتێکی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمەریکی دەڵێت، مالیکی لە شەڕی تیرۆردا سەرکەوتوو نەبووە لە عێراق، بۆیەش ئەمەریکا نەدەبووایە لە ساڵی 2010 پشتگیریی بکات بۆ بوونەوە بە سەرۆک وەزیران.

ساڵی 2001، بەهۆی ئەوەی ئەفغانسان لە ژێر کۆنترۆڵی تاڵیبان بوو، رێکخراوی قاعیدە ئەوەی بۆ رەخسا کە بودجە و مەشقی سەربازی پێویست دەستەبەر بکات بۆ ئەو هێرشە گەورەیەی 11ی سێپتەمبەری 2001 کە واشنتن و نیویۆرکی هەژاند. لەو کاتەوە ئەمەریکا لەو باوەڕەدایە کە دروستبوونی مۆڵگەی ئارام بۆ گرووپە توندڕەوەکان لە هەر ناوچەیەکی جیهان هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ سەر ئەمریکا. هەربۆیەش لە مانگی ئادار، ئیدارەی ئۆباما بڕیاری دا نزیکەی 14 ملیۆن مەخزەنی فیشەک و 100 مووشەکی هیلفایەر بۆ عێراق بنێرێت بۆ ئەوەی سوپای عێراق ئەنبار لە چنگی داعش دەربێنێت.

## 2 -رێگە لە دابەشبوونی عێراق بگرێت

کورد رازی بکەن بۆ ئەوەی جیانەبنەوە لە عێراق. ئەمە رێنمایی ئەمەریکا بووە بۆ سەرکردەکانی عێراق لە 2003وە. لە بەرژەوەندی ئەمەریکایە کە سەرۆک وەزیرانی نوێ مکوڕ بێت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و سوننە و کورد رازی بکات. لە بەیاننامەیەکی کورتدا کە تەنها 150 وشەیە دەربارەی هەڵبژاردنەکانی هەفتەی داهاتووی عێراق، ئۆباما دوو جار باسی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقی کردووە وەکو دەرئەنجامێکی حەتمی بۆ "هەر رێککەوتنێک لە ئەنجامی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت". گرنگیدانی ئیدارەی ئۆباما بە یەکپارچەیی عێراق تەنیا بە قسە نییە. ئەگەر عێراق دابەش ببێ و تووشی ئاژاوەیەکی سەرتاسەری ببێ، ئەوا سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئۆباما بەرەوڕووی رەخنەیەکی زۆر دەبێتەوە.

ئەگەر مالیکی یاخود سەرۆک وەزیرانێکی دیکە لە 4 ساڵی داهاتوودا بەردەوام بێت لە دوورخستنەوەی کورد و سوننە، ئەوا عێراق دەخاتە بەر مەترسیی دابەشبوون و ئاژاوەی سەرتاسەری. ئەگەر عێراق دابەش ببێ، ئەوا ئەگەری شکستهێنانی پلانی ئۆباما بۆ کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی لە ئەفغانستان لە کۆتایی ساڵی 2014 زیاتر دەبێ. ئۆباما و پاڵپشتانی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق وەکو بڕیارێکی سەرکەوتوو باسی لێوە دەکەن و وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو دەیانەوێ لە ئەفغانستان جێبەجێی بکەن. لە هەر سیناریۆیەکی دابەشبوونی عێراقدا، رکابەرە کۆمارییەکانی ئۆباما دەتوانن رای گشتی لە دژی خۆی و سیاسەتی دەرەوەی بجووڵێنن.

## 3 -چەکی زۆر لە ئەمەریکا بکرێت

تەنها دەبێ لە بازاڕی ئەمەریکی چەک بکڕێ. هەر کەسێک ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەبێ ئەم خاڵەی باش لەبیر بێت ئەگەر بیەوێ واشنتن لێی تووڕە نەبێت. ئەمەریکا دەیەوێ عێراق بەردەوام کڕیاری چەکی ئەو بێت. ئەمەریکا هێزی سەربازی لە عێراق نەماوە و ئیمزاکردنی کۆنتراکتی چەکی درێژخایەن تاکە رێگەی راستەوخۆیە کە وا دەکات سەرکردەکانی عێراق بخرێنە ژێر فشارەوە. لە بەرژەوەندی ئەمەریکایە کە عێراق پشت بە چەکی ئەمەریکی ببەستێ و لە چاوەڕوانی ئەمەریکادا بێت بۆ ناردنی چەک نەک رووسیا یاخود ئێران. هەربۆیە واشنتن زۆر نیگەران بوو کاتێک لە مانگی شوباتی 2014 تۆڕی هەواڵی رۆیتەرز 6 کۆنتراکتی عێراقی ئاشکرا کرد بۆ کڕینی بایی 195 ملیۆن دۆلار چەک لە ئێران.

ئەمەریکا نزیکەی نیوەی چەکی جیهان دروست دەکات و ئیدارەی ئۆباما زیاتر فرۆشتنی چەکی وەکو رێگەچارەیەک بۆ بێ هێزبوونی ئابووریی ئەمەریکا پەیڕەو کردووە. سەنتەری ستۆکهۆڵم بۆ توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان دەڵێت لە ساڵی 2012وە بازاڕی چەک لە جیهاندا کز بووە و ئەمەریکا بە دوای کڕیاری تازەدا دەگەڕێت.

***شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیایی رووداوە و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی The City University of New Yorkی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.**

کامەران محەممەد عەزیز*

# حکومەتی بنکەفراوان و حوکمڕانییەکی خراپ

ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان کۆتایی نایەت، بگرە ناکۆکییەکان لەوێوە دەستپێدەکەن. بەرلەوەی باس لە چەمکەکانی دابەشکردنی هێز و حکومەتی بنکەفراوان و حکومەتی هاوبەش و دیمۆکراسیکردن و کۆمەڵێک چەمکی دیکە بکەین لە کوردستاندا، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە باس لە چ جۆرە کۆمەڵگایەک دەکرێ وەک ئەوەی (مۆنتسکیۆ) دەڵێ، بەرلەوەی خەنجەرەکەت لە کالان دەربکەی، دەبێ بزانی بەڕووی کێدا بەرزی دەکەیتەوە.

حکومەتی بنکەفراوان کە یەکێک لەخەسڵەتەکانی کارکردنە لەسەر پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات لە پێکهێنانی حکومەتدا، یان کۆتاییهێنان بە ململانێ و گرێدانی رێککەوتننامەی ئاشتی، ساڵانێکە بووەتە بابەتێکی سەرەکی تیۆرەکانی قۆناغی گواستنەوە. تێگەیشتن لە فۆرم و شێوازەکانی حکومەتی بنکەفراوان دەوەستێتە سەر سروشت و باری سیاسی و پێکهاتەی ئێتنیکی و زۆر خەسڵەتی دیکەی کۆمەڵگا جیاوازەکان. لە هەرێمی کوردستاندا جگە لەوەی حکومەتی بنکەفراوان پەیوەستە بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە، بەڵام زیاتر پەیوەست دەکرێ بە مێژووی ناکۆکییەکان و سروشتی لایەنە ناکۆکەکانەوە.

ئەوەی لە سەرووی گرنگییەوەیە لە پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراواندا، دەبێ تەنیا بریتی نەبێ لە پێکهێنانی حکومەت، بەڵکو بریتی بێت لە حوکمڕانی (governance). حوکمڕانی بەشێوەیەکی فراوان بریتییە لە کۆمەڵێک رێگای جۆراوجۆر کە تێیدا ژیانی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەبێ و حکومەت تەنیا یەکێکە لەو رێگایانە. ئەگەر ئەرکی سەرەکی حکومەت بریتی بێت لە توانای دەرکردنی بڕیاری بەکۆمەڵ و توانای جێبەجێکردنیان. ئەوا حکومەتێکی بنکەفراوانی لەشێوەی هەرێمی کوردستان تەنیا خەسڵەتی یەکەم لە رواڵەتدا لەخۆدەگرێ، بەڵام لایەنە ناکۆکەکانی خۆیان رووبەڕووی جێبەجێکردنیان دەوەستنەوە. باسکردنی چەمکی حوکمڕانی لە جێی حکومەت کە دیسکۆرسی لایەنە سیاسییەکان گرنگی پێنادەن یان لێی بێئاگان، بۆ ئەوەیە کە دووپات بکرێتەوە مەبەستی حکومەتی بنکەفراوان وەرگرتنی چەند پۆستێکی زیاترە لە حکومەتدا، نەوەک حوکمڕانییەکی باش (good governance).

سەرسەختترین دژەکانی بیرۆکەی حکومەتی بنکەفراوان لە ئەدەبیاتی دابەشکردنی دەسەڵاتدا، بریتین لە دۆناڵد رۆتچیلد و فلیپ رۆیدەر کە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک کەیس، پێیانوایە حکومەتی بنکەفراوان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری، حوکمڕانییەکی ناچالاک و توندوتیژی سیاسی و دواجار هەر جۆرە دابەشبوونێکی دەسەڵات مەترسی لەسەر بە سیستەماتیککردن و بەمێژووییکردنی ناکۆکییەکان هەیە.

خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی باش زۆرن، لەوانە ستانداردەکانی دروستکردنی بڕیار لە کۆمەڵگادا بە گوێرەی پشتگیریی خەڵک، رێزگرتن لە سەروەریی یاسا، شەفافیەت، وەڵامدانەوە، کۆدەنگی، یەکسانی و لەخۆگرتن، کارایی و چالاکی و بەرپرسیارێتی. کاتێک رەگوڕیشەی لایەنە ناکۆکەکان لە پێکهێنانی حکومەتێکی فراواندا چارەسەرناکرێ، بەڵکو تەنها درێژدەکرێتەوە، ئەوا حکومەتی بنکەفراوان سەرچاوەی حوکمڕانییەکی خراپ دەبێت. بۆ نموونە، بەشێکی زۆری لایەنگران و چالاکوانانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوانەن کە ناڕازین لە سروشتی کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان (و بە پێچەوانەشەوە)، چۆن دەتوانن لە حکومەتێکی بنکەفراواندا لە نائامادەیی عەقڵی مەدەنیدا، خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی باش لەخۆبگرن؟

حکومەتی بنکەفراوان بەوشێوەیە دەشێت ببێتە هۆی دروستکردنی حوکمڕانییەکی خراپ. یەکەم، لە رێی دوورخستنەوەی ئیلیت و دەستەبژێرە میانڕەوەکانەوە (لێرەدا دەرفەت نییە روونبکرێتەوە کە مەبەست چییە لە دەستەبژێرە میانڕەوەکان). دووەم، لە دەستدانی پشتگیریی خەڵک. سێیەم، دەستێوەردانی دەرەکی لە چۆنیەتی کارکردنی حکومەتی بنکەفراوان و دواترینیان، چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتە.

یەکەم، زۆربەی زۆری رێککەوتنەکانی پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان دەوەستێتە سەر لەخۆگرتنی ئەو گرووپ و لایەن و کەسانەی کە دژایەتییەکانیان زۆر بە ئاشکرایی دەردەکەوێ، ئەو لایەنانەش زۆرجار حکومەتی بنکەفراوان بەکاردەهێنن وەکو تاکتیکێک بۆ بەهێزکردنی خۆیان. لەو کاتەدا دەستەبژێرەکان جێگەیەکی ئەوتۆیان نابێ لە نوێنەرایەتیکردنی لایەنەکانیان، چونکە لە بنەڕەتدا نیگەرانیی ئەوان لەسەر پۆست و دەسەڵات نییە. کاتێک ئەو دەستەبژێرانە دووردەبن لە دەسەڵات، نیگەرانی و هێزی ئەوانیش دووردەبێ لە دەسەڵات. دووەم، کاتێک ئەو دەستەبژێرانە لە دەسەڵات شوێنێکیان پێ نادرێ، دواجار دەبێتە هۆی لە دەستدانی پشتگیریی خەڵک لە کاتێکدا ئەو دەستەبژێرانە توانای قسەکردنیان لەگەڵ پەپلیکدا هەیە. ئاکامەکەشی کاڵکردنەوەی ئاستی رەوایەتی خودی حکومەتی بنکەفراوان و لاوازکردنی بزاڤە مەدەنییەکان دەبێت. سێیەم، دەستێوەردانی لایەنە دەرەکییەکان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە حکومەتێکی بنکەفراواندا، زۆر جار دەبێتە هۆی پەکخستنی حکومەتەکە. هیچکات تورکیا و ئێران تەنانەت حکومەتی ناوەندیی عێراقیش، نەیانشاردووەتەوە کە پێکهاتەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوان لەسەرووی گرنگیەوەیە. ئەو وڵاتانە کاریگەرییان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان و تەنانەت لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی خوارەوەش هەیە. چوارەم، چۆن لایەنەکان دەسەڵاتەکان دابەشدەکەن؟ بە تایبەت دوای تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی بارودۆخەکان یەکێک لە لایەنەکان هەست بکات رێککەوتننامەی پێکهێنانی حکومەت رەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی هێز (power relations) نییە و لەدوای پێکهێنانی حکومەت پێگە و هێزی زیاتر بووە. چۆن لایەنەکان دەتوانن بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو دەسەڵاتەکان دابەش بکەن لە کاتێکدا لە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگاکان لە سەرووی بنەمای هەڵبژاردنەوە، کۆمەڵێک پێوەری دیکە دێنە پێشەوە، لەوانە لێکترازانی ناوخۆیی یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکان، وەکو لە رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی ئەوە بەڕوونی دیارە. هەروەها لە زیادبوون و کەمبوونی دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جۆرێک لە ناڕۆشنی و نادروستی لە چۆنیەتی پێکهێنان و سروشتی کارکردنی حکومەتی بنکەفراوانەکەدا دروست دەکات.

لەکۆتاییدا، خەڵکی کوردستان چاویان لە بەخشندەیی حکومەتێکی بنکەفراوانی بێ ئۆپۆزیسیۆنە. من دەڵێم کاتێک حکومەتی بنکەفراوان کۆتایی بە ئۆپۆزیسیۆن دەهێنێ، لەوێدا کۆتایی بە خەونی حوکمڕانیی باش دێت. وەک (هێربەرت نۆرمان شوارزکۆف) ژەنەراڵی سەربازیی ئەمریکی لە جەنگی ڤێتنامدا دەڵێ: بە داگیرکردنی گوندێک بەبێ هیچ بەرگرییەک لەلایەن دانیشتووانی گوندەکەوە، ناگوترێ سەرکەوتنی سەربازی. حوکمڕانیی باش بە کۆتاییهێنان و بنبڕکردنی ناڕەزاییەکان نایەتەدی، بەڵکو بە کارکردن لەگەڵیان بەدی دێت.

***ماستەر لە بواری خوێندنی ئاسایش لە زانکۆی کیل لە بەریتانیا**
**مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، بەشی زانستە سیاسییەکان**



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# کۆشکی چانکایا لە چاوەڕوانی "سەرۆک"ی نوێدا


مانگی ئابی ئەمساڵ، دانیشتووانی تورکیا دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان. ئەمە ئەزموونێکی نوێ دەبێت بۆ تورکیا، چونکە یەکەم جار دەبێت سەرۆک کۆمار لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. یەکەم سەرۆک کۆماری تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورک بوو کە ساڵی 1923 لەلایەن پەرلەمانەوە ئەو پۆستەی پێدرا و هەتا ساڵی 2007 کە عەبدوڵڵا گوڵ بووە سەرۆک کۆمار، هەر پەرلەمان لایەنی بڕیاردەر بوو بۆ دەستنیشانکردنی فەرمانڕەوای کۆشکی چانکایا. بەڵام دوای گۆڕانکارییە دەستوورییەکەی ساڵی 2010 ئیدی سندووق دەخرێتە بەردەم خەڵک بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار. ئەم ئەزموونە نوێیە چ گۆڕانێک لە نەخشەی سیاسی تورکیادا دروستدەکات؟ کێ دەبێتە سەرۆک کۆماری نوێ؟ هەموو ئەمانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر سیستمی دەسەڵات لەو وڵاتە و کورد لە کوێی ئەم هاوکێشانەدایە؟

بێگومان، سەرۆک کۆمارێک کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابێت، دەسەڵاتێکی زیاتری دەبێت لەچاو سەرۆک کۆمارێک کە متمانەی لە پەرلەمان وەرگرتووە. بەڵام ئایا رووبەڕووبوونەوە و ناکۆکی دروستنابێت لە نێوان سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران؟ ئەم پرسیارە ماوەیەکی زۆرە رۆژەڤی تورکیای بە خۆوە سەرقاڵ کردووە. بەپێی دەستووری تورکیا، سەرۆکی کۆمار پۆستێکی تەشریفاتییە و دەسەڵاتەکانی سنووردارە بە پێداچوونەوەی یاساکانی پەرلەمان و دامەزراندنی هەندێک لە دادوەرانی دادگا باڵاکان. تەنها 3 جاریش دەتوانێت یاسایەک ڤیتۆ بکات کە پەرلەمان تێیدەپەڕێنێت. هاوکات پێویستە ئەو رۆژەی چووە کۆشکی کۆماری دەست لە پارتەکەی بکێشێتەوە و قەدەغەیە بە درێژایی ویلایەتەکەی کاری سیاسی بکات. ئەم دەسەڵاتانە گونجاون بۆ سەرۆک کۆمارێک کە پەرلەمان هەڵیبژاردووە. بەڵام کاتێک کەسایەتییەک متمانەی زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەی وەردەگرێت و لە ئەنجامی کەمپینێکی پڕ رکابەری هەڵبژاردنەوە دێت، چاوەڕوان ناکرێت بەم دەسەڵاتانە رازی بێت و بەشدار نەبێت لە بەڕێوەبردنی کرداریی وڵات. بەتایبەتی ئەگەر سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراو کەسایەتییەکی وەک ئەردۆغان بێت، بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکان لە نێوان سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران حەتمی دەبێت.

لێرەدا پرسی گۆڕانکاری سیستمی دەسەڵات دێتە گۆڕێ. پارتی داد و گەشەپێدان بەڕوونی هەڵوێستی خۆی خستووەتەڕوو کە دەیەوێت سیستمی پەرلەمانی بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی، یان نیو سەرۆکایەتی، یاخود سەرۆک کۆماری ئاوێتە لەگەڵ پارتی سیاسی. هەر یەکێک لەم سیستەمانە دەسەڵاتی فراوانتر دەدەن بە کۆشکی کۆماری. بەڵام گۆڕانکاری سیستمی دەسەڵات هەمواركردنەوەی دەستووری دەوێت و هەمواركردنەوەی دەستووریش بە لایەنی کەمەوە دەنگی 330 ئەندام پەرلەمانی پێویستە هەتا بخرێتە ریفراندۆمەوە. پارتی دادوگەشەپێدان ئێستا تەنیا 313 پەرلەمانتاری هەیە. زۆر سیناریۆ هەن بۆ کات و چۆنیەتی هەنگاونانی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ ئەم گۆڕانکارییە ریشەییە. بەهێزترینیان ئەوەیە کە رەجەب تەیب ئەردۆغان، خۆی دەپاڵێوێت بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری و ئەگەر پێشهاتێکی زۆر چاوەڕواننەکراو دروستنەبێت، لە کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵدا دەبێتە سەرۆک کۆماری نوێی تورکیا. لێرەدا قۆناغێکی گواستنەوە دەستپێدەکات. ئەم قۆناغە هەتا هەڵبژاردنە گشتییەکانی مانگی حوزەیرانی 2015 بەردەوام دەبێت. ئەردۆغان لەم ماوەیەدا بەپێی ئەو نۆرمانە کاردەکات کە هەموو سەرۆک کۆمارانی پێشوو کاریان پێکردووە، بەڵام پارتی داد و گەشەپێدان خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی 2015 بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی 330 پەرلەمانتار بەلایەنی کەمەوە. بەپێی یاساکانی تورکیا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی دەستووری، دەنگی 367 پەرلەمانتار پێویستە. بەڵام بۆ بردنی پرۆژەی گۆڕانکاریی دەستووری بۆ ریفراندۆم دەنگی تەنیا 330 پەرلەمانتار بەسە. بەم پێیە، پارتەکەی ئەردۆغان، هەرچۆنێک بێت کار بۆ مسۆگەرکردنی 330 دەنگ دەکات، تەنانەت ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنیان گۆڕیوە کە لەم رۆژانەدا زۆر باسی لێوە دەکرێت و چاوەڕوان دەکرێت بە پشتگیری پارتی دیموکراسی گەلان HDP، یاسای هەڵبژاردن هەموار بکەنەوە بەو جۆرە کە لە بەرژەوەندی هەردوو پارت بێت. کاتێک پارتی دادوگەشەپێدان دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی 2015 بووە خاوەنی 330 پەرلەمانتار، ئەوکات هەموو شت زۆر ئاسانتر دەبێت، ئەو سیستەمەی لە بەرژەوەندی خۆیەتی دەخاتە ریفراندۆمەوە و بە پشتگیری خەڵک تێیدەپەڕێنێ و ئیدی لە تورکیا، سیستمی سەرۆکایەتی یان نیمچە سەرۆکایەتی یان سەرۆک کۆماری ئاوێتە لەگەڵ پارتی سیاسی دەبینین.

لە ئەگەری بەدیهاتنی ئەم سیناریۆیەدا، چیدی لە تورکیا سەرۆک وەزیران یان هەر نابێت یان ئەگەر بشبێت بێهێز دەبێت، بە پێچەوانەوە زۆربەی زۆری دەسەڵاتەکان لەلای سەرۆک یان سەرۆک کۆمار کۆدەبێتەوە و سەرۆک وەزیران ئەگەر هەبێت، تەنها چەند ئەرکێکی جێبەجێکاری لە ئەستۆ دەبێت وەک نموونەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بە سیستمی سەرۆکایەتی بەڕێوەدەبرێت، یان کۆماری فەرەنسا کە سیستەمەکەی نیمچە سەرۆکایەتییە.

سەرنجراکێشترین لایەنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و تورکەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیان دووبارە پێویستیان بە دەنگ و هاوکاریی کوردە. کلیلی سەرخستنی ئەم سیناریۆیانەی پارتی داد و گەشەپێدان لای دانیشتووانی باکووری کوردستان و پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراسی گەلانە. دەنگی پارتەکەی ئەردۆغان لە هیچ یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی 2002 ەوە هەتا ئێستا نەگەیشتووەتە 50%. لە دوا هەڵبژاردندا کە 30ی ئاداری ئەمساڵ ئەنجامدرا، پارتەکەی ئەردۆغان 45.5%ی دەنگەکانی هێنا، بەڵام ئەردۆغان 50+ 1%ی پێویستە بۆئەوەی ببێتە سەرۆک کۆمار. لە ئەنجامی هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتیش دەنگدەری پارتەکانی گەلی کۆماری و بزووتنەوەی نەژادپەرست تا بڵێی دوورکەوتوونەتەوە لە ئەردۆغان، لە بەرامبەردا کورد لێی نزیک بووەتەوە. هاوکات کلیلی گۆڕینی یاسای هەڵبژاردن کە زامنی سەرکەوتنی ئاکەپەیە بۆ بەدەستهێنانی 330 دەنگ و دواجار هەمواركردنەوەی دەستوور، لە دەستی پارتی دیموکراسی گەلانە. ئەگەر لە من بپرسن کورد بە کلیلەکەی دەستی گرێی بەختی ئەردۆغان دەکاتەوە یان نا؟ من لەو باوەڕەدام بیکاتەوە، چونکە هەموو ئاماژەکان ئەوە پێشان دەدەن. بەڵام ئەگەر بپرسن ئایا ئەمە لە بەرژەوەندیی کوردە یان نا؟ ئەوەیان نە من و نە کەس نازانێت، ئایندە پێشانمان دەدات و مێژوو تۆماری دەکات.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی بۆ قۆناغەکە حازرە

پارتی بە پێداگیری لەسەر کۆبوونەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، ترسی بەلاوەنا و بۆ یەکەمجار لە 10 ساڵی رابردوودا گوێی نەدایە نارەزایی و داخوازییەکانی یەکێتی هاوپەیمانی. ئەو هەنگاوە دیوە دزێوەکەی رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی لەگۆڕ نا کە بریتی بوو لە دابەشکردنی وڵات لە ئەلفەوە بۆ یا لەسەر بنەمای پەنجا بە پەنجا. بەڵام ئەو ئەنجامانەی لە هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان هاتوونەتە ئاراوە، وەک ئەوە وایە کە یەکێتی نیشتمانی بیەوێ لەسەر ئەو حیسابە هاوکێشە ناوخۆییەکان ئاوەژوو بکاتەوە.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، پارتی و گۆڕان براوەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانن، بە واتایەکی دیکە دوو شەریکە سەرەکییەکەی ناو حکومەت لە حوکمی خۆجێییشدا بردوویانەتەوە، بەڵام لە هەولێر و سلێمانی هیچیان بێ ئەوی دیکەیان زۆرینە نین، ئەوەش دەرگا بۆ ئەوە دەکاتەوە کە گۆڕان و پارتی لەسەر ئەو ئاستەشدا هاوکاریی یەکتری بکەن. رەنگبێ پرسیار ئەوە بێت، ئەدی یەکێتی؟ پێناچێ گۆڕان لە سلێمانی و پارتیش لە هەولێر ئامادەی ئەوە بن بچووکترین تەنازول لەسەر پۆستی پارێزگار بکەن بۆ کەسی دیکە، بۆیە چاوەڕوانیی ئەوەی کە یەکێتی بەشدار بێت لە تەکریمکردنی پارتی و گۆڕان ئەگەرێکی زۆر لاوازە.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا پارتی هەر بردوویەتیەوە، چونکە لێرەدا ژمارەی کورسی حوکم دەکات نەک رێژەی دەنگ و پارتی لێرەش پێگەی خۆی قایم کردووە و ئامادەی هەموو حیساب و کتابێکە.

ئەوەی لە یەک دوو رۆژی رابردوودا لەلایەن یەکێتییەوە دەبیسترێ، بریتییە لەوەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوونە و مافی خۆیانە لە حکومەتی داهاتوودا ئەوەی دەیانەوێ بیاندرێتێ و لە بەغداش پۆستی سەرۆک کۆمارییان بدرێتێ (تەنانەت کاندیدەکەشیان حازرە).

ئەوەی لەو لێدوانانەدا هەستی پێدەکرێ، ئەوەیە کە یەکێتی هێشتا لە مەسەلەی حوکمدا بە ربەی کۆن دەیپێوێ و دەیەوێ هەموو کارتەکان تێکەڵی یەکتر بکات. چیتر حوکمی عێراق و کوردستان یەک سەفقە نییە تا لەسەر ئەو بنەمایە نەخشەی سیاسیی کوردستان دابڕێژرێت. ئەگەر وەڵامەکە بۆ ئەوە، ئەوە بێت کە پۆستی سەرۆک کۆمار بەرامبەری پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئەوا ئەو هاوکێشەیەش بەتاڵە. چونکە بارزانی دوای ئەوەی ماوە درێژکراوەکەی تەواو بوو، نە خۆی دەبێتەوە سەرۆکی هەرێم (چونکە بارزانی بۆ مەرجەعیەتی سیاسیی خۆی، پێویستی بە پۆست نییە) و نە رێگەش دەدات نەجمەدین کەریم ببێتە سەرۆکی عێراق! روونکردنەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەسەر لێدوانەکانی عادل موراد سەبارەت بە کاندیدکردنی نەجمەدین کەریم بۆ ئەو پۆستە، زۆر روونە کە دەڵێ پێویستە کاندیدەکە پەرلەمانی کوردستان دیاری بکات، نەک عادل موراد یان یەکێتی. لەو قۆناغە تازەیەدا (پۆست ستراتیژی)، پارتی وردە وردە لە رۆڵی خۆی و پێگەی خۆی تێگەیشتووە، بۆیە عاقڵانە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکە و لایەنەکانی ناویدا دەکات. قەبوڵنەکردنی واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و داننەنان بە سندووقەکانی دەنگدان، نەک هەر یەکێتی بگرە کوردستانیش بەرەو هەڵدێر دەبات. هەنگاوی هەرە هەستیاریش لە چەند هەفتەی داهاتوودا ئەوەیە کە کورد چۆن بەشداری لە حوکمی عێراقدا دەکەن؟ ئەگەر یەکێتی یان هەر هێزێکی دیکە بیەوێ لە دەرەوەی هێزە کوردستانییەکان دانوستاندنێکی سیاسی لەگەڵ مالیکی و شیعەدا بکات، لە سۆنگەی ئەو بارە نالەبارەی کە چەندین مانگە مالیکی بۆ کوردستانی دروستکردووە، شەرعیەتی دروشمە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دەچنە ژێر پرسیارەوە و ناکرێ ئەوەی لە کوردستان دۆڕاندی بچێ لە بەغدا تێیهەڵێنێتەوە.

بۆیە هەنگاوی عاقڵانە لەو قۆناغەدا ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان پەلە بکەن لە خستنە ریفراندۆمی دەستوورەوە کە دەبێت بە سەنەدێکی یاسایی و حقوقی بۆ کاری سیاسی و جڤاکی لە ناوخۆی کوردستان و دەبێت بە چوارچێوەیەکیش بۆ جۆری مامەڵە و پەیوەندیی ئێستا و داهاتووی کوردستان و عێراق.



قەرەنی قادری

# پارتی و پەکەکە؛ ململانێی دوو هاوکێشە

بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لەدوای "بەهاری عەرەبی"یەوە، هەروەها ئەوگۆڕانکارییانەی کە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە عێراقدا هاتوونەتە کایەوە، پرسی کوردیان بۆ قۆناغێکی دیکە گواستووەتەوە. بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دامەزراوە نەتەوەییەکانییەوە، هەروەها ئاڵوگۆڕی سیاسی لە تورکیا و باکووری کوردستان، کارێکی وایان کردووە کە دەوری دوو هێزی کوردی لە شەترنجی سیاسیی دەڤەرەکە و لە بەشێکی بەرچاوی پانتایی کوردستاندا دەربخات. ئەمڕۆکە جوگرافیای سیاسیی کوردستان لە هێڵی سەرەکیی خۆیدا بەسەر دوو هێزی دەستڕۆیشتوو، پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستاندا دابەشکراوە.

گەرچی ئەم دوو هێزە کێشە و گرفتی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام دەرفەت و رەوتی رووداوەکانی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو بوارەی رەخساندووە تا بتوانن پێکەوە بپەیڤن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن. کۆنگرەی نەتەوەیی کە بڕیار بوو بەڕێوەبچێت، کێشە و ململانێی ئەو دوو هێزەی تێدا زەق بووەوە و بە ناچار کۆنگرەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی پێگە و هێزی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها کارتێکەری لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەت ئەو پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەی کە لەگەڵ تورکیادا هەیەتی، ئەو دەرفەتە سیاسییەی بۆ رەخساوە تا لە باکووری کوردستانیش بۆ چارەسەی پرسی کورد لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیادا دەور بگێڕێت. بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستانیش پەیوەندییان لەگەڵ (پ د ک)، لە ئاستێکی بەرزدایە.

پەیوەندیی (پ د ک) لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش تا دێت ئاسایی دەبێتە و رەوتی لێکنزیکبوونەوە لەمێژە لە ناویاندا دەستی پێکردووە. بەڵام لە پاڵ ئەوانەشدا پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا و پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا کە بە هاوکاری و پاڵپشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بوون، لایەنێکی دیکەی پرسەکەیە کە بە چەشنێک هەستیاری لەناو پەکەکەدا چێ کردووە. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی پێگەی حکومەتی و دەوری ئەو لە دیپلۆماسیی ناوچەکەدا، توانای زیاتری پێدەدات کە لە گەمە سیاسییەکاندا بەشێک لە یارییە رەسمییەکە بێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ش بەپێی ئەوەی کە دەوری لە رۆژئاوادا هەیە و بە دامەزراندنی (پەیەدە) جێی خۆی کردووەتەوە، لە باکووری کوردستانیشدا کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر کەشوهەوای سیاسیی ئەو پارچەیەی کوردستان هەیە و توانیویەتی لە پانتاییەکی بەرفراوانی کوردستاندا دەستی بڕوات. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بە چێکردنی (پژاک)، توانیویەتی بەشێک لە رای گشتی بۆ لای خۆی رابکێشێت. لە هەرێمی کوردستانیش بە دروستکردنی چەند رێکخراو و حیزبی بچووک لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لەو پارچەیەی کوردستاندا نموونەی (پژاک) یان (پەیەدە)یەک وەرێ بخات، بەڵام "پرۆژە"کەی سەرنەکەوت.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە گوێرەی پێگە و کارتێکەرییەکەی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا، دەتوانێت یەکێک لە ئاڵقەکانی پەیوەندیی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا و باکووری کوردستان بێت، کە ئەگەر پەکەکە وشیارانە بجووڵێتەوە و بە باشی ئەو هەلە بۆ خۆی بقۆزێتەوە، بەشێک لە کێشەکانی چارەسەر دەکات.

بوونی پێشمەرگەکانی پەکەکە لە قەندیل، دیوارێکی بەرگریی گەلێک باشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەرچی تا ئەم دواییانە بێ کێشە نەبوو، بەڵام خۆی دەرفەتێکی ئەرێنییە کە پێکەوە ئەو دۆخە بپارێزن. گەرچی پڕکێشی لە هەردوو لادا هەیە بۆ بوونیان بە دەستی باڵا لە کەشوهەوای سیاسیی کوردستاندا، بەڵام کوردستان لە بواری پێکهاتەی سیاسی و حزبییەوە لەمێژە بە سەر رەنگ و حیزبە جیاوازەکاندا دابەش بووە، نەدیتنی ئەو هێزانەش بێشک دەتوانێت دۆخێکی خراپ بەسەر باری سیاسیی کوردستاندا بسەپێنێت.

دۆخی سیاسیی کوردستان و ئاڵوگۆڕە خێراکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وا دەخوازێت کە ئەم دوو هێزە (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (پارتی کرێکارانی کوردستان) زمانی هاوبەش بۆ کاری پێکەوەیی بدۆزنەوە. لێکنزیکبوونی هەرچی زیاتری ئەوان لە بواری سیاسیدا، دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ چارەسەرکردنی پرسە سیاسییە ناوخۆییەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی ئەو یەکە سیاسییەش. پێچەوانەکەی دەتوانێت کوردستان بەرەو ئاقارێکی ئاڵۆز رێنوێنی بکات و کۆسپی جددی لەسەر رێگەی پرسی کورد بنێتەوە کە ئەمەش لەگەڵ بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان و دەڤەرەکەدا ناگونجێت. رەوتی رووداوەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە، لە بەرژەوەندیی پرسی کورددایە. زمان و کاری هاوبەش، مەرجی سەرەکین بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکان. دیالۆگیش ئەمە دەستەبەر دەکات.



ئاراس نووری ئەحمەد تەها

# ئەسپی ترۆیا دروستبکەن

سڵاو لە هەموو ئەوانەی سەریان بەرزە هاوڕێ پارتییەکانم، هاوڕێ یەکێتییەکانم، هاوڕێ گۆڕانەکانم، هاوڕێ کۆمونیستەکانم، هاوڕێ ئاینییەکانم، هاوڕێ سۆسیالیستەکانم و هەموو ئەوانی دی... هاوڕێیەتی ئێوە لەسەرووی هەموو حیزبایەتییەکەوەیە بۆ من.. من کوردم، حیزبی نیم.

کۆمەڵێک شێخ و مەلا، فڵان دکتۆر و فیسار کۆنەبەعسی (کە بەعسی هەر بەعسییە و کۆن نابێت) و ئەو پاڵتاکچیانەی سەرجادە هەڕەشەیان لێکردم، هەوڵیان دا بە نامەردانە و ترسنۆکانە، پێنووسەکەم وەک ملی خۆیان کەچ بکەن. نەیانزانی پێنووسەکەم چەکوشە و لە ئاسن دروستکراوە. ئەوانەی راوێژکارم بوون، نێرینە بوون... چونکە ئەمان زمانی یەکتر شارەزان. ئەو نیوە پیاوانە ناوێرن سەریان لە ئاستیان بەرزبکەنەوە. سوپاس هاوڕێکانم.

بەداخەوە و زۆر بەداخەوە، تێگەیشتم کە ماڵی کورد دەبێت خاڵی بێت لە ژنی ئازاد و ئەوەی بیەوێت ئازاد بێت، نابێت لە یادی بکات، هەندێک لە نێرینەی نەتەوەکەمان، ژیانی تاڵ دەکەن و بە رەفتاری نابەجێ و پارسەنگی سووک لێنان دەیانەوێت لە مەسەلە چارەنووسسازەکان دووری بخەنەوە و لە پەراوێزەوە سەیر بکرێت.

ئەمە فاکتە، بە داخەوەم کە ماوەی مانگی رابردوو یەخەیان گرتم. بۆم دەرکەوت، نەتەوەکەم هەتا ئەم جۆرە نێرینانەی هەبێت، پارچەی دیکەی لێدەبێتەوە و پێکەوە نالکێتەوە. ئەوانە ئینتگرێشن (خۆگونجاندن)یان پێ ناکرێت. ئەمە هەوڵ و کۆششی مێیینەی پێویستە.

بەڵێ، من ئازادم و دەزانم باجەکەی و ئاکامەکەی سەختە. ئەو نێرینەیەی بیەوێت زمانم بکاتە بەنەخوێنی شەرواڵە چڵکنەکەی، ملپێچە بۆگەنەکەی، پێنووسە فرۆشراوەکەی، بۆیمباخەکەی کە پەتی ملی هەزاران کوردپەروەر بووە، دەروونە نەخۆشەکەی، رابردووە خوێناوییەکەی، ناسنامە بەعسییەکەی، ژیانە بێ بەرهەمەکەی، بوونی نییە بۆ من و نابێت.

بەناو هاوڕێیەکم بۆی نووسیم: ئەو نووسینەت لە رووداو (گۆڕان هەر ئۆپۆزیسیۆن دەبێت)، پڕە لە رق. یەکێکی دیکە نووسیبووی: تۆ ئافرەتی، ناسکیت، نابێت بەو شێوازە پەلاماری حیزبەکان بدەی. کەی پەلاماری هیچ حیزبێکم داوە؟ ئەمە بۆچوونمە. من مرۆڤم و دەنووسم.
http://rudaw.net/sorani/opinion/180420141

حیزبەکان یان نێرینەکان؟ ئەی ئەوان هەتا کەی پەلاماری ئێمە دەدەن؟ هەتا کەی زۆرینەی کورد پەراوێز دەخەن؟

ئەی کەی دەبێت دەم بکەینەوە و ئەو ژەهرەی بە شیری دایکمانەوە کرایە گەروومانەوە، هەڵیرێژینەوە ناو کۆمەڵگەی کوردستان؟ بۆ ئەوەی هەموو تامی بکەن، ژەهری کۆیلایەتی چۆنە!

ژنی نەتەوەکەم دەبێت لەمڕۆوە دەستبکەن بە دروستکردنی "ئەسپەکەی ترۆیا"

لە میتۆلۆجیای یۆنانی کۆندا باس لە ئەسپەکەی ترۆیا دەکرێت لە کاتی جەنگەکانی ترۆیا. ئەم ئەسپە گەورەیە لە دار دروستکرابوو، لە ناویدا سەربازە یۆنانییەکانی ئەنتیک خۆیان حەشاردابوو، بۆ ئەوەی شەو دەروازەکانی شاری ترۆیا بکەنەوە و داگیری بکەن.

ئەم ئەسپە سیمبۆلی ستراتیجییەتە بە ئامانجی بردنەوەی جەنگێک. ئەمڕۆ لە دنیای ئینتەرنێتدا باس لە ئەسپی ترۆیا دەکرێت کە دەچێتە ناو پرۆگرامەوە و تێکیدەدات.

واتا دەبێت لەمەودوا، ژن زۆر بە ئاگادارییەوە کاری سیاسی بکات و ماڵی خۆی بە جیا رێکبخات و نێوان ژنی کورد توندوتۆڵ بکەینەوە، پاچ و خاکەناز، بزمار و چەکوش بگرینە دەست و بێینە پێشەوە و ئۆپۆزیسیۆنی نوێ لەناو ئەسپەکەی ترۆیا دروستبکەین.. دوور لە ئایدیۆلۆجی عەمارەپۆی نێرینە.

ئۆپۆزیسیۆن دژی مێشکە ئێکسپایەرەکان، دژی هەموو ئەوانەی رێگە لە ژن دەگرن لەوەی ئەو جێیە بگرێتە دەست کە شایەنێتی.

هەتا کەی لە پشتی پشتەوە زەردەخەنەی سەرلێومان بکەینە پەیژە بۆ سەرکەوتنی نێرینە؟

لەم رەوشەی کە ژنی کوردی تێدا پەراوێزخراوە و ئەم ئەزموونەی نێرینە تێیدا زاڵە، جگە لەوەی لەرزۆکی و گەندەڵی و توندوتیژی زیاتر لە کۆمەڵگادا دەخاتەوە، بەرامبەرێکی مێیینەی دەستەوسانیش دەخاتەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوام، ئەرکی سەرشانی نێرینە گرانتر دەکات و خودی خۆی، بێ ناوەڕۆک و بێ ئامانج دەکات و دەبێتە نموونەی کۆیلایەتی بۆ نەوەی نوێ.

ئەو نەتەوەیەی کە زۆرینەی مێیینەیە، رێگەی دا ئۆپۆزیسیۆنی 2009 دروستبێت، ئێستاش ئەوندە دژوار نییە و ئامادەیە ئۆپۆزیسیۆنی 2014 بخاتە رەوت. جا ئەگەر نێرینە خۆپەرست و لەخۆڕازی و هەڵپەچییەکان، چاوپۆشی لەم راستیانە بکەن و لەکاتی بڕیارداندا بیری تەسکیان بۆ ئەوە نەچێت کە بەرامبەرێکی پڕ بایەخیان هەیە، ئەوا لەسەر مێیینەیە، دەنگ هەڵبڕن و نێرینە بە ئاگا بهێننەوە کە کوردستان جێی هەمووانە و رێگاگرتن لە یەکتر و بوارنەدان بە یەکدی، کاتی بەسەرچووە.

دەبێت هەرسی بکەن، رێ چاککردن بەبێ مێیینە سەرناگرێت. ناهێڵین سەربگرێت، بە یارمەتی ئەو کەسایەتیانەی سەریان بەرزە و خۆیان ناکەنە کۆیلە.



مەحمود یاسین کوردی

## بەرەو کۆنگرەیەکی نائاسایی

# یەکگرتووی ئیسلامی تەراجوع و موراجەعە

ئەنجامە بەراییەکانی دەنگی یەکگرتوو کارەسات و شۆکە، چونکە یەکگرتوو حیزبێکی سەرتاسەرییە و دەنگ و پێگەی جەماوەری لە زاخۆوە تا کفری هەیە، بەڵام نەبردنی هیچ کورسییەکی پەرلەمانی عێراق لە هەولێر، یەکگرتووی کردە حیزبێکی مەحەلی و ناوچەیی، ئەمەش زەنگێکی ترسناکە، سەرکردایەتی ئەو حیزبە نایەوێ ددان بەو راستیەدا بنێ چونکە یەکگرتوویان کردووەتە کۆمپانیایەک بۆ باشترکردنی بژێویی چەند بەرپرسێکی باڵا کە هەر چوار ساڵ جارێک کۆمەڵێک خەڵک سوودمەند بن، ئەو مامۆستا بەڕێزانە رێگرن لە موراجەعەو وەرگرتنی بڕیاری بوێرانە، خەون و خولیایان بووەتە پۆست و پلە و دەیانەوێ بە بەرزبوونەوەی دەنگەکانی بادینان ئەم شکستە بشارنەوە. ئەم هەوڵە بەردەوامەش تەنیا بۆ مانەوەی چەند کەسێکە لە هەرەمی قیادە کە بە زیانی یەکگرتوو دەشکێتەوە. لەم هەڵبژاردنەدا یەکگرتوو بەرنامەو پلانی نەبوو، هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر چەند بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری تیڤی!، ئەمیندار و سەرکردایەتی لە جیاتی کۆکردنەوەی دەنگ و گەڕان بەناو گەڕەکە هەژارنشین و لادێ و قەزا دوور لە خزمەتگوزارییەکان و دەستپێشخەری لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی یەکگرتوو، سەرقاڵی پەیامی یوتوب و پۆستی فەیسبووک بوون. ئەم بەڕێزانەی ئەسڵی مەشروعی ئیسلامیی یەکگرتوویان ون کردووە، بەشێکی زۆریان مەشروعی شەخسییان هەیە و مۆرکی خاکیبوونیان کاڵ بووەتەوە و ناچنە ناو جەماوەر، ئەو بەڕێزانە تاقەتی گوێگرتن و سەردان و بە سەرکردنەوەی ئەندام و کادیرانی خۆشیان نییە جا چ بە خەڵکی دیکە دەگات، کادیرە ئیعلامییەکانی یەکگرتوو بە سکی برسی و کرێچیەتی بانگەشەیان دەکرد، بەرپرسەکانیشیان بە ئۆتۆمبێلی بەرزو مووچەی راوێژکاری، عەسران سەرێکیان لە بارەگاکانی حیزب دەدا.

یەکگرتوو بە کەناڵێکی مردووی بێ ناوەڕۆک و گوتارێکی دووبارەبووی دوور لە واقیع موخاتەبەی دەنگدەری دەکرد، پێشتر ئومێدمان بە دەنگی خۆڵەمێشی و بێلایەن هەبوو، کەچی ئەم ئومێدەش نەما و قازانج سەری مایەی خوارد.


لە زۆربەی کوردستاندا دەنگەکانی یەکگرتوو کەمی کردووە (جگە لە بادینان)، تەنانەت لە سلێمانیش کۆمەڵ تاوی بۆ یەکگرتوو هێناوە، لە کەرکووکیش بارودۆخەکە شڕە و نیوەی دەنگەکان کەمی کردووە، نازانم ئێستا ئێمە (وەزیر)ی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کورستانمان بۆ چییە؟!.

هەڵبژاردنی 30ی نیسان گورزێکی کوشندە بوو بۆ پووکانەوەی رەوتی میانڕەوی ئیسلامی و هیلالی سوننی لە بەرامبەر مەدی شیعی و ئێرانیزم، بێ پلانی و بێ پرۆژەی سیاسیی یەکگرتووە کە وای کردووە ئەم رەوتە لە کوردستان پاشەکشێ بکات و لە بەرامبەردا ئیسلامی جیهادی (لە سووریا متبووندا) بەهێزتر بووە، ئەمەش نەک هەر بە زیانی یەکگرتووە، بەڵکو بە زیانی کۆی پرۆسەی سیاسی و کرانەوەیە. سەرکردایەتی ئێمە خوێندنەوەی سەرپێیی و سادەیان بۆ رووداوە ئیقلیمی و ناوخۆییەکان هەیە و وا دەزانن نزیکبوونەوە لە پرسی سەربەخۆیی وڵات و بەهێزکردنی بەرەی رووخانی ئەسەد لە سووریا و پاراستنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە بادینان لەگەڵ پارتی بەبێ باج تێدەپەڕێت. ئەم برادەرانە هەڵەن کاتێک نزمبوونەوەی دەنگی یەکگرتوو لە هەولێر بە مەلایەکی رکابەرەوە دەبەستنەوە، ئەی لە سەنتەری شاری سلێمانی و هەڵەبجە و سەیدسادق بۆ دەنگمان کورتی هێناوە؟

یەکگرتوو پرۆژەیەکی سیاسی گەورە و سەرمایەیەکی زۆری مرۆیی و فکریی هەیە، بەڵام سەرکردەکانی دونیا بەری چاوی گرتوون، رۆژێک پێش دەنگدان شاندی دانوستاندنکاری حیزب خەمی خزمەتگوزاری ئەم خەڵکەی نەبوو، بەڵکو دەیوست پۆستەکان زۆرتر بکات تا خەڵکی دیکەی ناو سەرکردایەتی رازی بکرێن (چۆنایەتییان کردە قوربانی چەندایەتی).

پێویست بوو لەم هەڵبژاردنەدا هەر لە ئەمیندارەوە تا ئەندام لقێک ماڵ بە ماڵی ئەم کوردستانە گەڕابان بۆ گەیاندنی پەیام و بەرنامەی یەکگرتوو نەک خەریکی ریکلام بن لەسەر فەرشی سوور. لە پایتەخی وڵات بە ئەمیندار و نیوەی مەکتەبی سیاسی و 5 ئەندامی سەرکردایەتی و سێ مەڵبەند نەیانتوانی بەرگری لە دەنگە (کەمبووەکەی 21ی ئەیلولی 2013) بکەن، بەڵکو نیوەی دەنگەکانیشیان دۆڕاند. لە جیاتی کردنەوەی دەرگای کۆمەڵایەتی لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان بۆ دەنگدان بە یەکگرتوو، هەر خەریکی سەیران و ئاهەنگی خێزانی بوون، سەرکردەکانی هەولێریش یەکێک بە بیانووی (سەفەری عومرە) خۆی لە بانگەشە دەدزییەوە و ئەوی دیکە لە خەمی پۆستی وەزیری و کودەتا و دەرپەڕاندنی کادیرە بەهێزەکاندا بوون.

لە کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتوودا نابێت هۆکاری ناوخۆییمان لەبیربچێت، چونکە ناوماڵی یەکگرتوو شپرزەیی و بێ برا گەورەیی و فرە کوێخایەتی پێوە دیارە، دروستکردنی ئەم هەموو ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەزگا نوێیە میکانیزمی وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لەناو ئەم حیزبە تووشی قەیران کردووە، چوونە دەرەوەی دوو کەسایەتی بەهێزی وەکو (مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین و د.هادی عەلی) دیسپلینی حیزبی و وەرگرتنی بڕیاری یەکلاکەرەوەی لاواز کردووە، ئەمینداری ئێستا جگە لەوەی نەخۆشیەکەی رێگای پێنادات ئەرکەکانی بەباشی بەڕێوەببات، لە هەمان کاتدا زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی خۆیان بە کەمتر لە ئەمینداری ئێستا نازانن و ناچنە ژێر رکێفی بڕیارەکانی. من وەکو ئەندامێکی کۆنگرەی شەشەم زوو هۆشداریم دا، لە رۆژنامەی فەرمیی حیزبەوە داوای رێککەوتن لەسەر ئەمیندارێکی تەوافوقیم کرد، باشترین چارەسەر لە ئێستادا سازدانی کۆنفرانسی ئاسایی حیزبە کە لە نێوان دوو کۆنگرە ئەنجام دەدرێت. بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبیش لە سەڵاحیەتی کۆنفرانسدا هەیە کۆنگرە پێشبخات، دەکرێ بۆ هەستانەوەیەکی بەهێزی یەکگرتوو کۆنگرەی نائاسایی بگرین.






د. ئازاد ئەحمەد عەلی

# رووسیا و داهاتووی دۆزی کورد

رووسیای فیدراڵ وەکو جوگرافیا گەورەترین دەوڵەتی جیهانە. لەوانەیە لەڕووی دەوڵەمەندیش بە سامانی سروشتی لەپێشەوەی سەرجەم وڵاتانی جیهان بێت، سەرباری ئەوەی خاوەنی چەکی ئەتۆمییە.

لە رووی جیۆپۆلیتیکی مێژووییەوە رووسیا سەدان ساڵ لەمەوبەر ئیمپراتۆریەتێکی زۆر گەورە و خاوەن دەسەڵات بووە لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا. لە سەرتاسەری جوگرافیای باکووری جیهانی کۆندا کاریگەری خۆی هەبووە. ئەو کاریگەرییە لە سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی دیکە بەردەوام بوو، وەکو ئیمپراتۆرییەکی ئایدیۆلۆژی– سیاسی لە سەرتاسەری جیهاندا پەلی هاویشت. لە ماوەی حەفتا ساڵدا تەرازووی سیاسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی راگرت. هەروەها خاوەن بڕیار و هەڵوێست بوو. لە نێوان ساڵانی 2001-1991 ئەو دەوڵەتە گەورەیە کە ناوی یەکێتی سۆڤیەت بوو، هەڵوەشایەوە و هێزی رووسیا کاڵ بووەوە، ئابوورییەکەی لاواز بوو، رۆڵی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تێکچوو. دواجار چەند پارچە زەوییەکیش لەژێر دەسەڵاتی دەرچوون و بوونە بەشێک لە دەوڵەتە دراوسێکانی. بۆ نموونە ناوچەی کریمیا.

لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا رووسیا گەشایەوە. ئابوورییەکەی بەهێز بووەوە، تەکنیکی دروستکردنی چەکی بووژاندەوە و پێشیخست: بە کورتی دەوڵەتی رووسیا لە هەموو بوارێکدا گەشایەوە، هێزی سیاسی و سەربازی خۆی گەڕاندەوە. بەرامبەر ئەم پێشکەوتن و سەرهەڵدانەی رووسیا، ئەمریکا لە رووی سیاسییەوە کز بوو، لە عێراق و ئەفغانسان پاشەکشەی کرد، بەرامبەر رووداوەکانی بەهاری عەرەبی بێ هەڵوێست بوو، لە سووریا و لیبیا شکستی هێنا. ئەم رووداوانە هەست و وزەی زیاتری بە رووسیا داو ئاستی چالاکییە سیاسی، دیپلۆماسی و چەکدارییەکانی بەرز کردەوە.

پاش بەدیهاتنی ئەم گەشەکردنە، دەوڵەتی رووسیا ویستی ئەو پارچە زەوییانەی وڵات بگەڕێنێتەوە کە لە دەستی دەرچووبوون، بەتایبەتی کریمیا وەکو نیمچە دوورگەیەکی ستراتیژی لەسەر دەریای رەش. ئەوەی گرینگە ئەمڕۆ رووسیا وەکو هێزێکی نەتەوەیی کاردەکات، وەکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی خۆی پیشان دەدات. کاتێک کە دەوڵەتانی ئەورووپا نەتەوایەتییان لەبیرکردووە، یانیش دەیانەوێت لەبیری بکەن. ئەمە سەبارەت بە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هەروایە. لە سیاسەتی ئەم سەردەمەدا ئەمەریکا و ئەورووپا لەسەر کێشەی نەتەوەیی راناوەستن، ئەوان هەوڵدەدەن لەبیری بکەن، لەبەرئەوەی ئەو کێشەیە بەردەوام گرفت بۆ دەوڵەتەکانیان دروست دەکات.

ئەمەریکا و ئەورووپا دەیانەوێت هەموو کێشە نەتەوەییەکان لەچوارچێوەی مافی مرۆڤدا، لە رێی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە چارەسەر بکەن. دەمەوێ چی بخەمە بەرچاو؟ بەڕاستی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سیاسەتی نەتەوەیی رووسیا لە چەند روویەکەوە یەک دەگرنەوە، دەمەوێت بڵێم: لەوانەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و رووسیا لەم چەند ساڵەی داهاتوودا بەیەکەوە بگونجێن. بەڵام بۆچی ئەو پێکهاتن و پێکەوە کارکردنە سیاسییە لە رابردوودا بێ ئەنجام و بەرهەم بووە؟ راستییەکی مێژوویی هەیە کە دوژمنداریی ئیمپراتۆری رووس لەگەڵ کورد – وەکو بەرگریکاری ئیسلام– بەسەدان ساڵ بەردەوام بووە، تاوەکو لە جەنگی یەکەمی جیهانی هێرشی سوپای رووس گەیشتە باشووری کوردستان و شارەکانی وەکو بارزان و رواندزی وێران کرد.

دیسانەوە با بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی خۆمان، بۆچی ئەمڕۆ کورد دەتوانن سوود لە رووسیا وەربگرن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەپێش هەموو شتێک ئایدۆلۆژیایە، لەنێو هێزە نێودەوڵەتییەکاندا تەنیا رووسیا ماوە کە باوەڕی بە کێشەی نەتەوەکان مابێت، میللەتی رووسیا کار بۆ یەکێتی نەتەوەیی دەکات، هەوڵدەدات رۆڵی رووسیا لە ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو نەتەوەیەکی کاریگەر بگەڕێنێتەوە. ئێمە وەکو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی رزگاریخواز دەتوانین بە چاوێکی پۆزەتیڤ گەشانەوەی رووسیا لە رووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە سەیر بکەین و داوای یارمەتی لێبکەین.

ئەو یارمەتییەی کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بەڕێوەبچێت. یەکێک لەو یارمەتییانە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیە. ئەو ئامانجە دەوڵەتێکی نوێ لە نزیک سنوورەکانی رووسیا دروست دەکات، دەوڵەتێکی نوێ کە بە دۆست و لایەنگری رووسیا بمێنێتەوە. ئەم تێڕوانینە تەنها خەونێکی سیاسی نییە. بەڵکو راستییەکی ستراتیژییە، ئاسانیشە ببێتە پراکتیک و ببێتە راستی. لەبەر ئەوەی رووسیا زۆر دەوڵەتی لەسەردەمی پێشووی خۆی دامەزراندووە، لەنێویاندا زۆر یارمەتی برای رزگاریخوازی کوردی داوە. ئەمجارە ئاشکرایە و پێویستیشە دەوڵەتی رووسیا بزانێت کە دەتوانێ زۆر سوود لە لایەنگیری کوردستان وەربگرێت، چونکە گەشە و گەڕانەوەی رۆڵی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی کێشەی کوردەوە کاراتر و کاریگەرتر دەبێت.



هێمن عەبدوڵڵا

# هەڵسانەوەی یەکێتی

لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا یەکێتی توانی هەڵسێتەوە. ئەو یەکێتییەی زۆرکەس فاتیحایان لەسەری خوێند و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ پرسەکەی، لە گیانەڵا رزگاری بوو. بەڵام ئەوەی پێیوابێت یەکێتی لە خەم رەخساوە بەهەڵەدا چووە.

هەواداره خۆشبینەکانی یەکێتی ئەو وێنەیەیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە سازکردووە کە ئومێدیان دەداتێ و وایان لێدەکات بە سێبەری خۆیان هەڵبخەڵەتێن. ئەوان دەڵێن چوار پارێزگاکەی باشووری کوردستان بە دەنگی خەڵک کەوتنە دەست سێ حیزبە گەورەکە: کەرکووک بۆ یەکێتی، سلێمانی بۆ گۆڕان، دهۆک بۆ پارتی و هەولێریش بۆ هەمووان. ئەمە بەشێکی راستە، بەڵام بەشەکەی دیکەی دوو راستیی تاڵی تێدایە بۆ یەکێتی: لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، کە حکومەتی خۆماڵیی تێدایە، یەکێتی دیسان دۆڕاندوویەتی. هەروەها لە هەولێریش پارتی دەتوانێ بەبێ حیزبەکانی دیکە دەسەڵات بگرێتەدەست.

رەوشی دەروونیی سەرکردایەتی و بنکردایەتیی یەکێتی لە یەک ساڵی رابردوودا زۆر دژوار بوو. حیزبێک کە لەوەتەی هەیە فەرمانڕەوا بووە و بەرامبەر زلحیزبێکی دیکەش شەڕی پێشڕەوایەتی شۆڕشی کوردی کردووە، لەپڕ کەوتبووە هەڵوێستێکەوە کە باسی ئەوەی لەگەڵ بکەن کام وەزارەتەی دەدرێتێ و کامەی نادرێتێ. ئێستاشی لەگەڵدابێت سەرکردەکانی یەکێتی تووڕە دەبن کە پێیان بڵێی: کام وەزارەتتان دەدرێتێ؟ چونکە حیزبێک خۆی وەزارەتی دابێ بەوانی دیکە بۆی قورسە لەجیاتی ئەوەی بدات پێیبدرێ.

باشتربوونی رەوشی یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا رووداوێکی ئەرێنی بوو بۆ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەزموونی تاڵی رێککەوتنی ستراتیژی پێشانیداین کە رێککەوتنی دوو زلحیزب لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و ئیمتیازات دەرگا بۆ گەندەڵکاری دەکاتەوە. بۆیە گرنگە لە کوردستان هەمیشە زۆرتر لە دوو زلحیزب هەبن.

هەرچەندە یەکێتی براوەی تەواوەتی نییە، بەڵام هەڵسانەوەی ئەمجارەی لەڕووی سیاسی و مەعنەوییەوە ئاسانکاریی کرد بۆ سەرکردایەتی و جەماوەرەکەی. سەرکردایەتییەک لە دۆخی تێکشکاندا بڕیاری بەشداریکردن لە حکومەتێکدا بدات کە دوو رکابەری بەهێزی خۆی تێیدا باڵادەستن، نابێ چاوەڕوانی پشتیوانیی جەماوەرەکەی بێت لە هەڵبژاردندا. بەڵام ئێستا کە ئەنجامەکان بەهێزیی یەکێتییان سەلماندووەتەوە، سەرکردایەتی و جەماوەری یەکێتی دەتوانن بە سەرێکی بڵند و بە دەنگێکی زوڵاڵ باسی بەشدارییان لە حکومەتی داهاتوودا بکەن.

رێی تێناچێت یەکێتی رەتیبکاتەوە کە پارێزگاری سلێمانی لە گۆڕان بێت، بەڵام دیسان بۆخۆسەلماندنەوە ئەوە دەکاتە مەرج کە پارێزگارەکە بەدڵی ئەوانیش بێت. ئەمەش بۆ سەرکەوتووبوونی پارێزگاری داهاتووی سلێمانی پێویستە و داوایەکی ناماقووڵ نییە. یەکێتی دەتوانێ لە پارێزگای سلێمانیدا لەگەڵ گۆڕان هاوپەیمانی بکات و بەشداربێت لە دەسەڵاتدا. لەسەرئاستی نیشتمانیش دەتوانێت ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک. دەشتوانێ پێچەوانەی ئەمە بکات و لەسەر ئاستی نیشتمانی لە دەسەڵاتدا بێت و لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ببێتە ئۆپۆزیسیۆنێکی قسەڕۆیشتوو. بە هەردوو باردا یەکێتی زیان ناکات و بۆ چوار ساڵی داهاتوو، ئەگەر کێشە ناوخۆییەکانی رێگەی بدەن و هەڵنەوەشێتەوە، دەتوانێ بیسەلمێنێت کە تازە نابێتەوە حیزبێکی شکستخواردوو.



دەیڤد رۆمانۆ

# وانەیەک لە سەرکەوتنی AKP

ئێستا لە هەرێمی کوردستانم و بەشێکی گفتوگۆکانم لەگەڵ چەند کوردێکی تورکیا کە لێرە کاردەکەن، یارمەتییاندام بۆئەوەی باشتر لە کێشەکان تێبگەم. ئەو خاڵانەی ئەوان باسیان کرد سەبارەت بە سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی AKP چەند وانەیەکی گرنگیان تێدایە.

ئەوانەی قسەم لەگەڵ کردن کوردی رۆشنبیرن و خەڵکی گوندەکانی رۆژهەڵاتی تورکیان، ئەوان و کەسوکارەکانیان کە ئاستی رۆشنبیرییان کەمترە، هێشتا پشتگیری AKP دەکەن. ئەم کەسانە شەرمەزار نین لە ناسنامەی کوردییان، بەپێچەوانەوە شانازی بە کوردبوونیانەوە دەکەن و بە قەوارەی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵن. ئەوان دەڵێن بەرلەوەی AKP دەسەڵات بگرێتە دەست لەساڵی 2002، نەیاندەتوانی لە شوێنە گشتییەکانی وەک ئیستانبوڵ بە کوردی قسە بکەن، بەڵام ئێستا دەتوانن بە ئاشکرا لە هەموو شوێنێکی تورکیا بە کوردی قسە بکەن و هەست بە هیچ گوشارێک ناکەن بۆ شاردنەوەی ناسنامەی کوردییان.

هەرچەندە ئەم کوردانە موسڵمانن، بەڵام لەبەر هۆکاری ئاینی دەنگیان بە (AKP) نەداوە. کاتێک باسی ئەوەم کرد کە ئەردۆغان دژی تێکەڵبوونی کوڕ و کچە لە قوتابخانە، ئەوان پێکەنین و گوتیان "وایە ئەردۆغان دەست لە ژیانی خەڵک وەردەدات". بەڕای ئەوان نابێت حکومەت بەوشێوەیە هەڵسوکەوت بکات و زۆر لە داواکارییەکانی خۆپێشاندەرانی پارکی گەزی داواکاری دروست بوون. رقیان لەو جۆرە سیاسەتانەیە، بەڵام لە ئەردۆغانیش خۆش بوون. ئەگەر ئەوان پەرۆشی دەسەڵاتێکی سیاسی ئاینی بوونایە دەیانتوانی هەر لەساڵی 2002 دەنگ بە پارتی سەعادەت بدەن کە پارتێکە مۆرکی ئیسلامی زیاتر تێیدا زاڵە. پاش ئەوەی دادگای تورکیا لەساڵی 1997 پارتی رەفاهی قەدەغەکرد کە نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکایەتی دەکرد، رەجائی کۆتان پارتی سەعادەتی دامەزراند و ئەردۆغانیش پارتی دادوگەشەپێدان کە پارتێکی مۆدێرنترە.

پرسیارم لێکردن ئایا باوەڕیان بەو تۆمارە دەنگییە بڵاوکراوەیە هەیە کە گەندەڵیی AKP و رەفتارە دژە دیموکراسیەکانی نیشاندەدات؟ لەم خاڵەدا هەستیان بەشەرمەزاری کرد، دانیان بەوەدا نا کە ئەو تۆمارە دەنگییە و تۆمەتەکانی گەندەڵی لەدژی ئەردۆغان و پارتەکەی رەنگە راست بێت "ئەوانی دیکە، وەکو پارتی گەلی کۆماری لەو باوەڕەدان کە ئێمە بێ عەقڵین سەرەڕای ئەوانەش دەنگمان بە ئەردۆغان داوە". ئەوان گوتیان "بەڵام ئەوان چییان بۆ کردووین لە 50 ساڵی رابردوودا".

پاشان باسیان لەو گۆڕانکاریانە کرد کە لە 12 ساڵی رابردوودا ئەزموونیان کردووە: ئێستا گوندەکان خزمەتگوزاری پۆستەیان تێدایە، هەموو کەسێک لانیکەم تراکتۆرێک یان دووانی هەیە، چیدی پێویست ناکات منداڵان گوندەکانیان جێبهێڵن بۆ چوونە قوتابخانە، لەبری ئەوە هەموو رۆژێک بە پاس هاتوچۆیان پێدەکرێت، خزمەتگوزاریی تەندروستی تەنانەت بۆ گوندنشینە هەژارەکانیش باشە و خێرایە. ئەوانەیان کە لە ئیستانبوڵ ژیاون، گوتیان: ئێستا پاس و میترۆ لەگەڕەکە هەژارنشینەکان بە باشی کاردەکەن، کارو خزمەتگوزاریی باشتر بۆ هەموو کەس هەیە.

بەواتایەکی دیکە، سەرکەوتنی AKP لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ چینی هەژار لە تورکیا وای لە پارتەکە کرد بەرگەی هەموو ئەو تۆمەتانە بگرێت کە دەبێتە هۆی رووخانی حکومەت لە وڵاتە دیموکراسییەکانی دنیادا. زۆر لەوانەی هێشتا دەنگ بە AKP دەدەن، هەڵخەڵەتاو و بێ عەقڵ نین، بەپێچەوانەوە وریان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن. شەرمەزار و نائومێدن لەوەی ئەردۆغان بەرەو تاکڕەوی هەنگاو دەنێ و ئیسلامیانە هەڵسوکەوت دەکات و گەندەڵ دەردەکەوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قەدەغە دەکات، بەڵام خۆی و پارتەکەی ئەوەندە دەستکەوتی سیاسییان هەیە کە بەشی لێخۆشبوونیان بکات.

دەبێت ئەردۆغان ئەم وانەیە فێربێت، بە هەنگاونان بەرەو تاکڕەوی و گەندەڵی و دەستوەردان لە هەموو کایەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی تورکیا دەسکەوتە سیاسییەکانی بەفیڕۆ نەدات. دەبێت سەرکردەی شوێنەکانی دیکەش لەمەوە ئەو وانەیە فێربن، ئەگەر دەیانەوێ لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، دەبێت یارمەتی هاووڵاتییە هەژارەکانیان بدەن.

سەبارەت بە مەترسییەکان لە کوردە جوداخوازەکانی تورکیا، وادەردەکەوێت ئەردۆغان ئەوەی نیشاندابێت کە هەموو کەسێک جگە لە کەمالییەکان و رەگەزپەرستەکانی تورکیا گومانیان لێی هەیە: دانپێدانان بە مافەکانی کورد و یارمەتیدان و هاوبەشکردنیان لە گەشەکردنی ئابووری، باشترین رێگەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کورد. مافی زیاتر و گەشەی زیاتر ئەنجامەکەی جەماوەری زیاترە بۆ AKP.



عەبدولرەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# ژینگە و هۆکارەکانی گواستنەوە

ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان یەک ملیۆنی تێپەڕاندووە، ئیدی جێی خۆیەتی هەڵوەستەیەکی ورد لەسەر قەیرانی هاتوچۆ بکرێت کە ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لەدیاردە نەخوازراوەکانی نێو کۆمەڵگە.

گواستنەوە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو پێشکەوتنی زیاتر هەنگاو دەنێت، بە جۆرێک ساڵانە درێژیی رێگەوبانەکان زیاتر دەبن و شەقامی نوێ دروست دەکرێن و هۆکاری گواستنەوەی زیاتریش دروست دەکرێت یان هاوردە دەکرێن.

لە ئاستی جیهانیشدا لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا ژمارەی هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ دوو ئەوەندە زیادیان کردووە، بە جۆرێک لە هەندێک وڵاتدا زیاتر لە نیوەی دانیشتووان هەریەکە و هۆکارێکی گواستنەوەی خۆیان هەیە.

دیارە ئەمەش کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە بۆ گواستنەوەی خێرا و کارئاسانی و بە یەکگەیاندنی خەڵک، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی بەکاربردنی بڕێکی زۆری دەرامەتە ژینگەییەکان، وەک بەکارهێنانی زەوی بۆ رێگەوبان و بەکاربردنی بڕێکی زۆری وزەی ئاو و هەواو بەنزین و گاز بۆ ئەم مەبەستەو لە ئەنجامیشدا پیسبوونی هەوا بەگازەکانی ئۆکسیدەکانی کاربۆن و نایترۆجین و هایدرۆکاربۆنەکان و گەردی تۆزو خۆڵ و ژاوەژاو.

جا بە مەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکان و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ژینگە و پەرەپێداندا، پێویستە لیژنەکانی گواستنەوە و گەیاندن و پیشەسازیی پەرلەمان ئاگاداری بڕیارەکانی بواری گواستنەوە بن بەمەبەستی:-

1 - بایەخدانی زیاتر بە هۆکاری گواستنەوەی گشتی، لەڕێی چاککردنی هێڵەکان و بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوی تازەو قەبارە مامناوەندیی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی تایبەت.

2- هەوڵدان بۆ بایەخدان بە رێگەوبانەکانی ناوخۆی شارەکان و دەرەوەو چاککردنی رێگەوبانەکان بە جۆرێک کە جوولەی هۆکارەکانی گواستنەوە ئاسانتر بکات و رێگەوبانەکانیش لەقەرەباڵغی و خنکانی هاتوچۆ رزگار بکات.

3- هاریکاریکردن لەگەڵ زانکۆکان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ چاککردنی جۆرەکانی بەنزین و گاز و چاککردنی مەکینەکان بە جۆرێک کەمترین بڕی ماددەی زیانبەخش بخەنە دەرەوەو نزمترین ئاستی دەنگیش دەربکەن بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژاوەژاو.

4- هەوڵدان بۆ کارکردن لەسەر بەرهەمێنانی سووتەمەنی وەک ئیسانۆل یان کارکردن بەکارەبا یان غازی شل لە زۆر هۆکاری گواستنەوەدا کە زۆر لە وڵاتان ئێستا کاری پێدەکەن.

هەروەها پەرلەمانتاران لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بە پرسی گواستنەوە گرنگە ئاگاداری زانینی ئەو بارودۆخە بن کە یاساو رێنمایی تێدا لەدایک دەبێت، چونکە وەک بەئەزموون دەرکەوتووە: یاسایەک کە لە نێو بیرکردنەوە لەگرفتێکدا دێتە ئاراوە، جیایە لەیاسایەک کە لەکاتی بیرکردنەوە لە چارەسەر لەدایک دەبێت.

لە دیداری نێوان وەزیرانی ژینگە و کۆمپانیا ژاپۆنییەکان لە ساڵی (2004)دا، دکتۆر (واتانابی هیرۆیۆکی) بەڕێوەبەری کارگێڕی لەکۆمپانیای (تۆیۆتا)ی ژاپۆنم بینی، ئەو دەیگوت: "ئێمە لەژاپۆن لەکاتی روودانی هەر گرفتێکدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین پێش دەرکردنی هەر یاسایەک، نەک هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاساو رێنمایی کتوپڕ لەساتەوەختی رەگداکوتانی گرفتەکە لەزەمینەی واقیعدا).

ئێمە ئەمڕۆ شەقامەکانمان پڕبوون لە هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل کە هەریەکەیان لەشوێنێکی دنیادا دروستکراون، بەڵام وەک جەخت دەکەینەوە لەسەر ساڵی دروستکردن و مۆدیلی ساڵانەی هۆکارەکانی گواستنەوە، گرنگیشە جەخت بکەینە سەر شوێنی هاتن و دروستکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەش، چونکە ئۆتۆمبێلەکانی ژاپۆن بۆ نموونە باشترین جۆرن لەڕووی پاکڕاگرتنی ژینگەو پیس نەکردنی هەواوە، ئەوان گازەکانی ئەگزۆزیان بەردەوام کەمکردووەتەوە و پلانیان بەرەو ئەوەیە کە ئۆتۆمبێلەکانیان لەدواجاردا بەئۆتۆمبێلی ژینگە ناوبنرێن.

بۆیە لەم بوارەدا زۆر گرنگە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەکاتی مۆرکردنی گرێبەستەکانی هاوردەکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەدا ، پێوەرە ژینگەییەکان لەبەرچاو بگرن، بەمەش زەمینەیەکی لەبار دروستدەبێت بۆ ئەوەی ئاسانتر یاساکانی پاراستنی ژینگە جێبەجێ بکرێن.

***نووسەر و رۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

# فیلمێکی کوردی ئەڵمانەکان تووڕە دەکات

10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

www.farukmedicalcity.com




چاودێریکردنێکی پزیشکیی بێ وێنە

لە شاری پزیشکیی فاروق، تەندروستیی نەخۆشەکانمان ئەرکی سەرەکیمانە. وە بە نوێترین شێوە و بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە و بە شارەزایی و پسپۆریی تواناداری کادرە پزیشکییەکانمانەوە کۆشش دەکەین کە بەرزترین رادەی خزمەتگوزاریی چروپڕی پزیشکایەتی بۆ نەخۆشەکانمان دابین بکەین.

شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، سلێمانی، کوردستان، عێراق | +964 (0) 770 900 0000

fmc
FARUK MEDICAL CITY




Empire World
Building the Future

تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن

Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com